کوخەکەی مام تۆم



نوسینی :
هاریێت بیچەر ستۆ
دکتۆر فاضل محمد عزیز قەفتان
گۆڕیوێتی بۆ کوردی

238 posts · 19.2k followers · 7 following

Promote · Edit Profile

📚 PDF پەرەی فەرمی 📚 کتێبی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و بڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆرایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

Ktebi_PDF

Scanned with CamScanner

گوزارشتکردنی مانا و تێرم

نوسینی :

هاریێت بیچەرستۆ

د. فاضل قەفتان(*)

گۆریویێتی بۆ کوردی

١٩٨٨

سلێمانی

لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن

(*) پێشەکی بۆ نووسیوە و سەبارەت بە ژیانی جیهیزەکی نووسەکە دوواوە و کورتەیەکی واتای کۆپلاریی فەستۆتە روو

پێشەکی

دەست درێژی و ناهەمواری و چەوساندنەوەو ڕەگەز پەرستێتی بەهەموو شێوەکانیەوە لەم جیهانەی ئێستامان دا یان نائومێد کردنی کەسێکی کەی بەرامبەرو دان نەنان بە مافی ڕەوایدا یان کوشتن و برین و لەناو بردن و نەهێشتن . . جا هەر جۆرێکی کەش بێ جگە لەم جۆرە کارو کردەوە ناسۆرو پڕ لە تاڵی وە شکەنجانە . . ئەمانە تێکرا پاڵیان پێوەنام کە دەست بدەمە بە کوردی کردنی چیرۆکەکەی «مام تۆم» کە چیرۆکێکی ناوداری مەزنی سەرانسەری ئەدەبی ئەمریکی یە ، ئەو چیرۆکەی لەو کاتەوە نووسراوە تاوەکو ئێستا ، گۆڕراوەتە سەر دەیان زمانی بێگانەو بە چەندەها ملیۆن ژمارەی لێ چاپ کراوە . .

دەسا با ، زمانە شیرینەکەی ئێمەش چاوێکی نازو خۆشەویستی بەم چیرۆکە مەزنەدا هەڵ بهێنێ و لە مێژووی ئەدەبەکەمان دا چیرۆکێکی وای تیا تۆمار بکرێت . . ئەو چیرۆکە ئەمرەی بەش بە حاڵی خۆی هاوبەشی کرد لە بن برکردنی ڕژێمێکی ناهەمواری درنـدە کە ڕژێمی کۆیلایەتی بوو لە ئەمریکای ئەوسادا ، کە مرۆڤی پێست ڕەشی بێ تاوان وەك گەنم و جۆو ئاژەڵ بەسەر یا بە کۆمەڵ دەکران وەدەفرۆشران و لەژێر قامچی زۆردارەکان دا لەشیان دادەڕزا و گیان دەرکێشانیشیان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە هەمیشە هەر کارێکی ڕەوا بووەو نەئەبوو کەس لاری یەکی لەوە بێ ، سەرباری ئەوەش . یاسای ئەوساش بێ سڵەمینەوە سزای ئەو کەسەی ئەدا یارمەتی یان هەر جۆرە سۆزێك یا بەزەیی یەکی خۆی دەربڕێ بەرامبەر کۆیلەیەکی ڕاکردوو لە خاوەنەکەی ! !

جا ئەم چیرۆکە لەو کاتە دا هەمیشە بڵێسەی تەقینەوەی شۆڕشێك بوو بەسەر ئەو زوڵم و زۆرداری یەی دەکرا بەتایبەت لە هەرێمەکانی خوارووی ئەو وولاتەدا ، تا لە کۆتایی داو لە دەوروبەری ساڵانی ١٨٦٣ز بەپێی یاسا ، کۆیلایەتی قەدەغە کراو هەرکەس لەوان ئازاد کران . . بەڵام دیسان لێرەدا دەڵێین . . کە گەر ئەوسا بە جۆرێك ڕەش پێستەکانیان دەچەوساندنەوە ، ئەوا ئەمرۆ لە هەمان وولات و لەچەندەها وولاتانی تریش دا هەمان جۆری مرۆڤ و مرۆڤانی کەش لەتەکیانا بەجۆرێکی کەو بەڵکو لەوەش سەخترو ناهەموارتر دەتەزێنرێن و زیاتریش لەوە دەچەوسێنرێنەوەو بەڵکو گیان لە لەشیان جیا دەکرێتەوە . .

(دەسا . . خۆزگە مرۆڤیش لەم سەدەیەی ئەمرۆمان دا هەرگیز مرۆڤێکی کەی نەدەچەوساندەوەو ڕێزی مرۆڤ و واتای مرۆڤایەتی بایەخێکی تەواوی خۆی دەبوو ! !)

دەبا . . ئیتر ڕەگ وڕیشەی ڕەگەز پەرستی و جیاوازی نێو مرۆڤ وچەوساندنەوە لە بێخ دەربێ و بەتەواوی بن بڕ بکرێ

د . فاضل قەفتان
سلیمانی
١٩٨٣/١٠/١٢

هارييت بيچەر ستۆ لەچەند دێڕێکدا . .

گەر هێزێکی رامیاری گەورە بیویستبایە هێرشێکی پڕوپاگەندەو شاڵاوی خۆی بباتە سەرو بۆتەلاکی رژێمی ئەمریکای ئەوسا ، هەرگیز ئاکامی ئەو هێرش و شاڵاوە هیچ لە چیرۆکە سەرکەوتووەکەی «خاتو هارییت بیچەر ستۆ» بە تەوژم و کەڵك بەخشترو بە ئەنجامتر نەئەبوو . .

ئەم ئافرەتە نەمرە ، هەرچەندە کە لە هونەری دیپلۆماسیەت و پڕوپاگەندە وراگەیاندندا ئەو توانایەی نەبووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا توانیویێتی کە سەبارەت بە کۆیلەو مەسەلەی پێست رەشەکانی ئەمریکا گەورەترین هەڵپەی پڕوپاگەندەی بۆ بکاو بانگەوازێکی وا بدات کە مەزنترین گۆڕانکاری پێ بە ئەنجام بێنێ کە هەرگیز لە مێژووی پڕوپاگەندە چێتی جیهاندا هەڵپەی وا رووی نەدابێ ، بەتایبەت لە مەسەلەیەکی وا گرنگدا کە دەبان دەستەو کۆمەڵی شارەزاو پسپۆری پێویست دەبێ کە سەرپەرشتی بکاو دەست بەرداری بێ . .

لەو کاتەی کە ئەم شاژنە بە تەنیا وبەووردبینێتی خۆی توانی کڵپەی ئاگرو بڵێسە لەگیانی زۆرداری و رژێمە کۆیلایەتی یەکەی ئەوسای ئەمریکا بەربدات و کسپەی لێ هەڵسێنێ . . بۆ ئەوەش هەر تەنیا دڵە فراوانە پڕ سۆزو هەستە مرۆڤایەتیەکەی خاتوو «هارییت» بوو کەلەم کارە پیرۆزەیدا ، هەر ئارام گرتن ووزەو توانای خۆیبوو یاریدەدەرو پاڵپشتی تەواوی بوون ، نەك پەنا بردنە بەر چەك و تەقەمەنی ، بەڵکو چەکی دەستی ئەم هەر تەنیا ئەو پێنوسە بوو کە بەهێزی باوەڕ ئەم چیرۆکە نەمرو مەزنەی پێنووسی . بەم پێنوسەو بەو دڵە ناسکە پڕ لە هەست وبەزەیی یە بوو ، کە «هارییت» ئەم روو داوە مێژوویی یە نەمرەی لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی ئەمریکی تۆمار کردو بڵێسەی شەڕێکی وای هەڵگیرساند ، کە رووی جیهانی پێ بگۆڕی و . . بەتایبەت وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، هەرگیز بەم شێوەیەی ئێستای دروست نەدەبوو گەر وەك خۆی بمابایەوەو تەنیا لە (وولاتەکانی سەروو) دروست بووبوایە هەروەك ئەوسایی پێش شەڕە ناوخۆییەکەی کە هەڵگیرسا ، بۆ رزگارکردنی کۆیلەکان . . ئەو شەڕە ناوخۆییەی کە بەروخاندنی وولاتەکانی خواروو بە ئەنجام هات و لکێنران بە وولاتەکانی ناوچەی سەروو ، ئەم وولاتە یەکگرتووانەی ئەمریکای ئێستایان لێ پەیدا بوو . .

کاتێ «ئیبراهام لینکۆڵن» سەرۆك کۆماری وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، بۆ یەکەم جار کە چاوی بە (مسز هارییت) کەوت زۆر بە سەر سوورمانێکەوە هاواری لێ هەڵسا ووتی : «ئا . . ئەم خاتوونە بچکۆلەیەیە . . کە ئەم شەڕە گەورەیەی نایەوە ! ؟» چونکە هارییت بەلەش کورتە باڵاو خنجیلانەیەك بوور بەتەمەن چل و دووساڵ و دایکی حەوت منداڵ بوو . .

کاتێك هارییت دەستی کرد بە نووسینی چیرۆکەکەی : «کوخەکەی مام تۆم» . . ئەم

هەرگیز بە بیریا نەدەهات کە چیرۆکەکەی رۆژێك دێت ئاوا کاریگەری‌یەکی ئەدەبی‌و ئاکامێکی پڕ لەوێژدانی و جولێنەری هەستی مرۆڤایەتی دەبەخشیّو بایەخێکی وا مەزنی رامیاری ئەدات بەدەستەوە . . بەلاّم هەروەك خۆی ووتویەتی :

«هەر خوواوەند بوو هێزی بە پێنووسەکەی داو . . هەر باوەڕو هەستی پاکی مرۆڤایەتی بوو ئەم چیرۆکەی پی‌گەیاند . .» .

ئەم چیرۆکەی خاتوو هارییت ، وەك هەر چیرۆکێکی‌تر نەبوو ، تەنیا بنوسرێتەوە ، بەلّکو ئەم چیرۆکە ، چیرۆکێکی تایبەت مەزن بوو و ، نووسەرەکەی گەیاندە ئەو پەڕی نەمری‌و کردی بەیەکەم چیرۆك نووس ، کە پێنووسەکەی هەردەم تەرخانە بۆ «بەرگری‌کردن لە مافی بەش خوراوو داماوەکانی سەر ڕووی زەمینە» . .

هارییت . . کچی قەشەیەکی ڕیّ پیشاندەرو لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی خێزانەکانی «نیو ئینگلّەند» بووە . . خۆی زۆر خەریك کردوە بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی «ئایین‌و کۆمەلّ» تا لە ئەنجامی ئەوەدا توانی کە ئەم دووانە بەیەك بگەیێنیّ و تێکەلّ بە یەکیان بکات . . ئەوەی شایانی باس بیّ ، کەم لە پیاوانی ئایین هەن کە لە ژێر تیشك‌و ڕۆشنایی ئایین‌دا بتوانن لە ژیان‌و کۆمەلّ بکۆلّنەوەو کەمیشیان تیا هەلّکەوتووە کە سەرکەوتوبن لە جی‌بەجیّ کردنی دەستووری ئایین‌و پەیڕەوی‌یەکانی بۆ چاککردنی ژیانی کۆمەلّو هێنانەدی جیهانێکی دامەزراوی دوور لە چەوساندنەوەو کەساسی‌و نائومیدی‌و هەناسە ساردی . .

هارییت ، ئەم ڕیّ ڕەوەی لە باوك‌و باپیری‌یەوە بۆ مابووەوە . . هەروەها «هنری وارد بیچەر» یشە کە برا گەورەیان بوو ، پیاو چاکێکی کۆمەلاّیەتی گەورەی لیّ دەرچوو : کە سنووری بیرکردنەوەی گەلێك فراوان بوو لەو چوار چێوە تەسکەی خۆیان‌دا نەمابووەوە تا لە دوایی‌دا بوو بە یەکێك لە سەرکردە هەرە گەورەو ناودارەکانی جولاّندنەوەی بەرەنگاری – ئۆپوزیسیون – وخەبات بۆبن‌بڕ کردنی ئەو ڕژێمە بۆگەنەو ڕزگار کردنی کۆیلەکان لە هەموو سووچ‌و شوێنێك‌دا . .

ئەم بیرو ڕاو هەستە پڕ لە مرۆڤایەتی‌یە وا پاڵی پێوە نابوو کە لەسەر بەرزایی شوێنی قسەکردن‌و لە کاتی ڕیّ پیشاندان‌و ئامۆژگاری‌یەکانی بۆ خەلّکی هەردەم هاوار بکات‌و بلّێت : «دە هەزار جار . هەلّگیرساندنی شەڕ باشترە وەك لە کۆیلەکردنی مرۆڤ‌و کۆت‌و پێوەند کردنی» ! !

(هارییت) یش هەروەك ئەو ، ئەو گیانە پاك‌و پڕ هەست‌وسۆزە مرۆڤایەتی‌یە پڕ باوەڕو وێژدانەی لە باوکی‌یەوە بۆ مابوەوەو هەردەم پەیڕەوی دەستوورو ئامۆژگاری‌یەکانی دەکرد .

Scanned with CamScanner

هەرچەند کە ئەو پەیڕەوی کردنەی ئەمو گیانی ئەو ڕێگا سەختە لە قوولایی لاش و دڵیا پەنگی خوارد بوەوەو تێکەڵ بەیەك بوو بوون کە لە قۆناغی منالیداو لە تافی گەنجێتی (هاریێت) دا هیچ نە تەقینەوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەمەنی منالی خۆی زۆر بەهێمنی و لەسەر خۆیی بەسەر بردو پاشان دەساڵێك مامۆستایی کرد تا تەمەنی گەیشتە بیست و پێنج ساڵێك و ئینجا ساڵی ١٨٣٦ بوو کە شووی کرد بە (کالفین ستۆ) کە ئەمیش مرۆڤێکی ئایینی بوو کە لە کاتی خۆیدا قوتابی باوکی بوو ، هەتا ئەم قۆناغەش (هاریێت) هێشتا هەر ڕوخساری هونەرمەندیتی و بەهرەو هۆشمەندیتی و کارامەیی نوسینی لێ دەرنەکەوتبوو بەڵکو تەنیا لەسەرەتای قۆناغی ئارەزووی دانان و نووسینی وێژە دابوو ، لەو کاتەدا پەراوێکی دەربارەی جوگرافیا بۆ منالان نووسیوە لەگەڵ دانانی چەند چیرۆکێکدا کە هێشتا هەر کاڵ و کرچ بوون . .

پاش شوو کردنی ، دەوروبەری پانزە ساڵێك تەنیا خەریکی کاروباری ماڵ و خێزان بووە ، لەو ماوەیەدا حەوت منداڵی بووە .

کاتێ ، تەمەنی گەیشتە چل ساڵ ، دەستی کردوە بە نووسین وبلاوکردنەوە ، تا بتوانێ لەو ڕێیەوە منداڵەکانی پێ بژێنێ . . جا ئەو گەڕاندنەوەیەی بۆ سەر نووسین ، سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە قەشەنگەی کە «تۆلستۆی» لە ڕیزی ئەو نووسراوانەدا داینا کەوا : «مەزنترین بەرهەمی بیروهۆشی مرۆڤە لە سەرانسەری مێژوودا» . .

هاریێت ، پێش بیست ساڵ بەر لەوەی دەست بکات بە نووسینی چیرۆکی «کوخەکەی مام تۆم» . بە بیریدا هاتبوو کە شتێکی وا بنوسێ بەلام ناوئاخنی چیرۆکەکەی ، کاتێ لە مێشکدا بەتەواوی چەسپ بوو کە گەشتەکەی کرد بۆ هەرێمی «کەنتاکی» وناله باری ئەو بارەنارەواوپەرستەمو کۆیرەورییە جەرگ برەی کۆیلەکانی ولاتەکانی خوارووی بە چاوی خۆی دی ، بۆیە دەستی کرد بە دووگەڕان و کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ئاکامی چەوساندنەوەو دەست درێژی سپی پێستەکان بەئەنجام دەهات و هەر دەم گوێی هەڵ دەخست کە دەنگ و باسی پێست ڕەشەکان و ڕووداوی کۆیلە ڕاکردووەکان ببیستێ ، کە لە دەست خاوەنە سپییە بێ ویژدانەکانیان بەرەو وولاتی «کەنەدا» هەڵ دەهاتن . .

(هاریێت) ئەم هەموو دەنگ و باس و ڕووداوانەبە پەیرەوێکانی «قەشە هنسون»دا بەراورد دەکرد ، ئەو «هنسون»ەی کە پیاوێکی ئایینی و زێ پشاندەرێکی ڕەش بوو کە لەو دواییەدا شوێنەوارێکی تایبەتی بۆ کۆیلە ڕاکردووەکان دروست کرد کە بەرەو «کەنەدا» هەڵدەهاتن .

«مام تۆمی ڕاستی ! !»

خۆشتر لەمەش ئەوەیە کە «قەشە جۆزیا هنسون» نموونەیەك بووە کە (هارییت) لەسەر شەخصیەتی (مام تۆمی) دارشتبوو ، هەروەك چۆن لە پەڕاوەکەیدا ئەم بەناونیشانی - باسێکی کوخەکەی مام تۆم - دانی بە مەدا نابوو . . ئەو پەڕاوەی کە بەرهەلستیو وەلامی ئەو رەخنانەی دابووەوە کە ڕەخنەگرەکان لە ئاکامی تەوژمی نەتەوایەتیو رەگەز پەرستی یەتی خۆیان ، هێرشو شالاویان بۆ ئەم بردبوو ، کە لە دوایدا ئەمانیش بەش بە حالی خۆیان لەوهێرشانەیان پاشەگەز بوو بوونەوەو باوەڕیان بەوە هێنا بوو ، کە ئەم سەر رووی زەمینە سەدەها قارەمانی وەك (مام تۆم) و لەوێنەی ئەوی خولقاندوە . .

ئاوا . . (هنسون) شەخصیەتێکی ماددی مام تۆم بوو . . هەرچەندکە (جوزیا هنسون) پێش هەفتاو پێنج سالێك ولەتەمەنی پتر لە - نەوەد سالیدا - گیانی بە خاك سپارد بوو . . بەلام سێبەری تۆم ئەمی بە نەمری لە مێشكو دەروونی هەموو مرۆڤێکی نەوەکانی دووای خۆیان دا تۆمار کرد . .

(جوزیا هنسون) لە یەکێك لە کێلگەکانی (ماریلاند) لەژێر تاریکی چەوساندنەوەو تالیو چەرمەسەری ژیاندا لە دایكو باوکێکی کۆیلە هاتۆتە دونیاوە ، هەر بەو پێیەش ، ئەمیش وەك دایكو باوکی مولکی گەورەکەی ، واتە - خاوەنەکەی بووەکە تەنانەت ناونانی منالانی کۆیلە ، هەرگیز مافی ئەمان نەبووە ، بەلکو تەنیا گەورەکەیان-ئاغاکەیان - هەردەم بۆی هەبووە کە بە ئارەزووی خۆی ناوی منالی کۆیلەکانی بنێ . .

(جوزیا هنسون) یشهەروەك (مام تۆم) کەلەم چیرۆکەدا ناودەبرێت ، شوێنی متمانەو باوەڕیکی زۆری گەورەکانیو خۆشەویستی لای هاوڕێکانی بووە . . بەلام ئەمانە نە بووبونە هۆی ئەوەی کە لە دڕندایەتی گەورەسپییەکانی وچەرمەسەری ئەوان رزگاری ببێت ، بەلکو بەردەوام تێهەلدەدراو بە دەستی ئەوان ئازاری دلوگیانی دەدرا . . بەلام دیسان ئەمانە هەموو وای لێنەکرد کە ڕووی خۆی لە ئاسمان وەرچەرخێنێ یان ڕقوکینەی خۆی لە زەوویو مرۆڤایەتی هەلێ بگرێ . . بەلکو بەپێچەوانەوە لەسەر ڕێگەو ئاینو ڕێڕەوی خۆی دانی بەخۆیدا گرت بوو و هەرگیز لەو ڕێیەش لای نەدا . .

جابەسەر هاتی ژیانی (جوزیا) بریتییە لە چیرۆکێکی قەشەنگ کە بە پێنووسی خۆی لەپەراوێکدا تۆماری کرد بوو ، بە ناوی ڕاستی سەرسوڕ هێنەرترە لە ئەندێشە وخەیالێ . . . .

(جوزیا) نەشوونومای کرد - وەك هەر کۆیلەیەك لە کۆیلەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم - وجگە لەوەی کە هەوڵی ئەوەی ئەدا کە ڕەزامەندی گەورەکەی - ئیزاك ڕایلی - بە دەست بێنێت هیچی کەی بەدەستەوە نەبوو . ئەم چەوسێنەرە «جوزیا هنسون»ی کرد بوو بە چاودێری کێڵگەکە ، کاتێ تەمەنی ئەم دەورو بەری هەژدە ساڵێك دەبوو . هەرچەند (جوزیا) ئەو پەڕی دڵسۆزی وخزمەت گوزاری پێشکەش بە (ڕایلی) دەکرد ، بەڵام لەبەر چاوی (ڕایلی) هەمیشە هەر کۆیلەیەکی ژێر دەستەو چەوساوە ونێچیرێکی نێو چنگی بووەو هەر چی‌یەکی پێ بکردایە دەی کرد ، بێ ئەوەی هیچ کەسێك لی‌ی بپرسێتەوە یان تەنانەت سەرزەنشتێکی بکرێ ! ! جا بۆیە کاتێ (ڕایلی) دی وا (جوزیا) پەڕاوی فێر بوونی (نووسین‌و خوێندنەوەی) بە دەستەوەیە بۆیە بە دار کەوتە داپڵۆسینی، چونکە کۆیلەیەك هەرگیز مافی ئەوەی نەبووە کە فێری خوێندەواری بێ ، بەڵکو ئەو کارە لای ئەوان گەورەترین تاوانەو تاوانەکەش دووجار تاوان تر دەبوو کاتێ کە کۆیلەکە ڕێگای بەخۆی بدایە کە هەندێ میوەهات لەباخ‌و بێستانەکە بکاتەوە تاوەکو پارەی کڕینی پەراوەکەی پێ مسۆگەر بکات ! !

(ڕایلی) کابرایەکی قومارچی گشت کات سەرخۆش بوو ، جا دەبوایە (جوزیا)ی چەوساوە هەردەم بە دووایەوە بوایە ، کاتێ کە دەچوو بۆ مەیخانەکەو ، دەبۆایە بیی پاراستایە لە ئەنجامی ئەو هەڵەو چەوتی‌و هەڵسوکەوتە دڕندانانەی بەرامبەر خەڵکی‌تر دەی نواند . . تەنانەت ڕۆژێك هەندێ لە کۆیلەکان بەرەنگاری بوون - بەهۆی گەورەکەیەوە - وکەوتنە لێدانی‌و ئەمەندەشیان لی‌دا تائێسقانی شانێکیشیان شکاندو لە ئەنجام دا قۆڵی چەپیان کۆڵەوار کردو بەدرێژایی ژیانی بەو جۆرە مایەوە . .

لەگەڵ ئەم هەموو چەرمەسەری‌و تاڵ چێژی یەی (جوزیا) کە لە دەستی گەورە سپی‌یەکە - ڕایلی - ی دەی چێشت ، بەڵام هێشتا ئەم بەرامبەر ئەو هەر لەو پەڕی وەفاو ئەمەك داری‌دا بوو .

وا ڕێکەوت کە گەورەکەی کەوتە ژێر بارێکی قوورسی قەرزاری‌یەوە وکێڵگەکەی کەوتە ئەوەی بفرۆشرێ ، ئەویش‌وای بە باش زانی کە کۆیلەکان بنێرێتە کێڵگەی براکەی لە (کەنتاکی)و بیان سپێری بە جوزیا ، جا لێرە دا جوزیا لە توانای‌دا هەبوو کە ئەو هەلە لە کیس نەدات بۆ ڕزگاری‌و ئازاد کردنی خۆی‌و کۆمەڵە کۆیلەکانی هاوڕێ‌ی ، بەڵام لەبەر ڕێزی بۆ گەورەکەی‌و وەفاداری هەرگیز ڕێ‌ی بەخۆی نەدا کە پەسەندی پێش نیاری هەندێك لە کۆیلەکان بکات تابەرەو وولاتی «کەنەدا» هەڵبێن ! !

لە کێڵگەی براکەی (ئاموس ڕایلی) ، جوزیا کەوتە ناسینی ئایینی مەسیح بەخەڵکی وزۆری پێ نەچوو کەئیتر کۆیلەکان لەڕێگای ئەمەوە دەناسران‌و ئامۆژگاری دەکران ، تاوای لی‌هات لە کڵێسەی قەشە نیزامی‌یەکان دا لە تەمەنی سی‌و نۆ ساڵیدا وەك ڕێ پیشاندەرێك دانی پیانرا . .

Scanned with CamScanner

قەرزاری یەکەی (رایلی) بە جارێك پەرەی سەند ، بۆیە ناچار وەڵامی نارد بۆ براکەی کە هەموو کۆیلەکان بفرۆشێ تەنیا (جوزیا) وخێزانەکەی نەبێ . جا (جوزیا) بە چاوی خۆی دی کە چۆن (باوك) لە منداڵەکانی دەپچڕێنرێ و ژن لە مێردەکەی ، بێ ئەوەی هیچ گوێ بدرێتە پەیوەندی یەکانی خاوو خێزان و هەستی مرۆڤایەتیان . . بۆیە ئیتر پەشیمانی و پەستی دای گرت کە چۆن لەوەو پێش ئەوانی رزگارو سەربەست نەکردو کاتێ لە توانای دا هەبوو ئەو کارە بەرێزەی بە ئەنجام نەگەیاند ! !

لەژێر رۆشنایی و تەوژمی ئەو پەشیمانیەدا بەرنامەیەکی نوێی ژیانی لەهاڵە بەرچاوو ، چارەنووسی خۆی و کەس وکاری لایەکالا بوو بووەوەو دەی زانی کە رۆژێك دێ ئەمیش وای بەسەر دێ . . بەڵام ، پاشان وا بەبیریا هات کە ئەو ئازاد بوون و سەربەستی یەیان بەپارە جێ بەجێ بکات . . بۆیە تکای لە برا گەورەی (ئاموس) کرد کە یارمەتی بدات ، ئەویش رێی پێ داو ئەمیش بە دەوری خۆی کەوتە گەڕان بەنێو مەڵبەندی کۆیلەکاندا و ئامۆژگاری دەکردن و ئایینی تیا بڵاو دەکردنەوەو ئەوانیش لەبری ئەمەو رێزیان بۆ ئایین و خۆشەویستی یان بۆ جوزیا هەریەك بە ئارەزووی خۆی پارە یان دیاری یان پێ دەبەخشی ، تا بەم پێیە توانی کە دووسەدو هەفتاو پێنج دۆلار کۆ بکاتەوە . .

گەورەکەی (جوزیا) . . ئەمەی لا خۆش نەبوو ، هەستی بەوە کرد کە ئەم دەیەوێت خۆی رزگار بکات ، بۆیە پێی لەوە داگرت کەسێ سەدو پەنجا دۆلار نەدات هەرگیز سەربەستی ناکات ، پاشان سەد دۆلاری کەشی لەسەر زیاد کرد ! ! بەڵام (جوزیا) کۆشش و هەوڵی بەردەوام بوو تاتوانی ئەو کۆمەڵە پارەیەش بەدەست بهێنێ . . بەڵام گەورەکەی وا خۆی دەردەخست کە گۆایە لەسەر پێنج سەدو پەنجا دولار رێك کەوتوون ! ! بۆیە ئیتر دەبۆایە (جوزیا) بەردەوام لە هەوڵ دان دا بوایە تا ئەو زیادکراوانەی گەورەکەی بەردەوام پەیدا بکردایە . . ئیتر تەواو هەستی بەوە دەکرد کە گەورە سپی یەکەی دەست خەرۆیان دەکات و پارەیان لێ دەکێشێتەوە . . خۆ یاساش هەرگیز پشتی کۆیلەی نەدەگرت و گەورەکانی بەدرۆ نەدەخستەوە . .

رۆژێك (جوزیا) دانایی خۆی نواند ، کاتێ کەلەگەڵ کوڕی (ئاموس)دا بۆ سەفەرێك کەوتنە رێ . . وەختێك (جوزیا) خۆی دەبینێتەوە ، وا لە شاری «نیو ئورلیانز»ە ونیاز وایە ئەویش ئامادە بکرێت لەگەڵ کۆیلەکانی تردا لە بازاری کڕین و فرۆشتنی کۆیلەدا وەك هەر کۆیلەیەك لە کۆیلەکان بفرۆشرێ ! ! (جوزیا) بەمە زۆر پەست و تەنگەتاو بوو و شەیتانیش بەگوێدا چرپاندی کە کوڕەکە بکوژێ ، گەر لەدووا سات دا خوای نەهات بایەوە یاد ، ئەو کارەی دەکرد ، جا بۆیە لەشوێنی خۆی پەشیمان بووە وەو داوای لە خواوەند کرد کە لێی ببورێ . .

Scanned with CamScanner

هەر لەبەردەم بازارەکەدا ، (کورەکەی ئاموس) تووشی تایەکی وا گران بوو ، بەجارێك ئارامی لێ برا بوو ، بەلاّم ئەم زۆر دڵی بە (کۆیلە جوزیا) خۆش بوو کەوا لەگەڵیایەتی ولیّ ی دڵنیا بوو کە بەجێی ناهێڵێ بۆیە پەنای بۆ ئەبرد . .

(جوزیا) ئەوەی لە یادی خوی بردبووەوە کە زۆر داریو دەستدرێژی هەمیشە پیشەی گەورە سپی یەکانە ، بۆیە ناچار خۆی بەدیار کورەکەوە هێشتەوەو هەڵهاتنی لە بیر خۆی بردبووەوە . . بەلاّم ، ئەو کردەوە چاکەی (جۆزیا) کردی بۆ سەرفرازی (کورەکە) لەو نەخۆشیەی هیچ کەڵکێکی نەگرت لای کوری گەورەکەی ، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەو هەر بەردەوام بوو لە پیلان دانان بۆ فروشتنی . .

ئیتر لەپاش ئەوەوە (جوزیا) ئارامی لەبەر هەڵگیراو لەوە زیاتر لەووزەیدا نەما مل شۆڕو گوێ رایەڵی ئاغای بێ ، بۆیە بڕیاریدا کە خۆیو ژنەکەی لەگەڵ هەر چوار منداڵەکەیدا بەرەو کەنەدا هەڵ بێن . .

رۆژێك لە رۆژانی مانگی ئەیلول سالی ١٨٣٠ بوو ، دەمەو ئێوارە هەردوو منداڵە بچکۆلەکەی نایە توورەکەیەکەوەو داینی بەشانیاو لەگەڵ ژنو دوو منداڵە گەورەکەیان دا ریّ ی هەڵ هاتنیان گرتە بەر . . بەرۆژ لە دارستانو شوێنە چرەکاندا خۆیان مەلاّس دەداو بە شەویش بەرێوە دەچوون . .

لە روباری (ئۆهایۆ) پەڕینەوەو (هەرێمی ئەندیانا) و پاشان گۆمی ی (ئیری) یشیان بری بە کەشتیەك کە کەشتیەوانەکانی بێ پارە سواری کردنو نەك هەر ئەوە بەڵکو گەلێك یارمەتی تریشیان دان کە بگەنە (کەنەدا) وبەمەبەستی خۆیان بگەن . .

* * *

(سەر خەوێك . . ئیلهامی لە دایك بوونی چیرۆکەکە بەدەستەوە ئەدا . .)

ئا ئەم نموونەیە بوو کە (هاریت بیچەر ستۆ) کارێکتیرو سیماو رەوشتی (مام تۆم)ی لەسەر دارشت . . جا با لێرە بەدواوە بگەڕێینەوە بۆسەر باسی خاتوو «ستۆ» ی نووسەرەوە.

هەر لەو کاتەی کە «ستۆ» چاوی بە بابە «جۆزیا هنسون» کەوت وناسی ، روداوی مەسەلەکەی زیاتر لە دەرونیا بنجی داکوتا وزیاتر کلپەی سەند . . بزوتنەوەی ئازاد بخوازانەی کۆیلەکانیش – کە لە هەرێمەکانی سەرەوە سالی ١٨٣٠ دەستی پێ کرد – بە جارێك ترسی خستبووە دڵی گەورە پیاوانی هەرێمەکانی خواروو و پەتی دڵیانی پچراند بوو و چەند ئەم بزوتنەوەیە گەشەی بکردبایە چەند ئەوەندە ترسەکەیان ئەیتۆقاندن وتەواو هەرەسی پێ دەهێنان . . تاوەکو سالی ١٨٥٠ کە ئیتر یاسایەك دەرچوو بەو پێیە رێگای لەهەموو دانیشتوانی هەرێمەکانی سەروو گرتبوو کە گەر یارمەتی هەر کۆیلەیەکی راکردو بدەن ، ئەوا خۆیان تووشی سزایەکی گەورە دەکەن ! !

قولپی ئەداو (هاریێت ستۆ) ش زیاتر هەستو نەستی ، خاتوو دەسەندو پەرەی دەسەندو بزوتنەوەکە ، بە تەواوی وزیاتر تێکەڵ بە بزوتنەوەکە دەبوو . . هەر باوەڕو دڵو دەروونی کڵپەی دەسەندو لەم کاتەدا بوو کە براژنەکەی نامەیەکی بۆ (ستۆ) نووسی وتیایدا ئەوەی دەربڕیبوو کە : « . . گەرمن ئەو دەستو پێنوسەی تۆم دەبوو ، ئازاروو ئەشکەنجەی کۆیلایەتی و ئەو زوڵم و زوخاوەی دەیکەن بە قوڕگیانا ، بۆ سەرتاپای گەلو میللەتم ڕوون دەکردەوەو بە شاراوەیی نەم دەهێشتەوە ! ! » . ئەم نامەیە بوو ، بووە ئاگرێك کە گڕو کڵپەیەکی زیاترو بەتین تری بەردایە دەروونی هاریێت ستۆ .

. . ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی «شوبات – ڕەشەمێ»ی ساڵی ١٨٥١ بوو ، «ستۆ» لە سووچێکی کڵێسەی شارەکەیدا دانیشتبو و کەوتبووە دەریای بیرکردنەوەو خۆی تەواو لە بیر چوو بووەوە ، تا لە پڕێکدا . خەیاڵ و ئەندیشەی دیمەنێکی لەبەر چاو دروستکرد کە لە ئاکامی تەمو لێڵی دەرونیدا پەنگی خواردبوەوەو . .

.. دی وا کابرایەکی سپی ڕەنگی خاوەن کێڵگە، شالاوی بردۆتە سەر کۆیلەیەك وبەقامچی لەشی داغان کردوە و ئەمیش لە ئازاری لەشی دووکەڵ لە لووتی دێتە دەرێ ، کۆیلەی بێ تاوانیش جگە لەوێردوستایش کردن زیاتر ورتەی لەدەم نەدەهاتە دەرو وورەی پێ بەر نەئەدا ولەسەر باوەڕی خۆی بەتین تر دەبوو ! ! بەڵام زۆرداری خاوەن کێڵگەی سپی ڕەنگ لەوەدا نەبوو کە گۆشتو ئیسقان بتوانێ خۆی لە بەردا بگرێ ، ئەوەندەی پێ نەچوو کۆیلەی ڕەش پێستی ئارامگر ، دەمی بێ تاوانی لێك ناو گیانی پاکی سپاردو بە کاروانی نەمران شاد بوو . . دووا ووتەی سەرزمانی ئەم قارەمانەش ئەوەبوو . . کەلەیەزدان دەپاڕایەوە کە لە خوێن ڕێژەکەی ، ببورێ ! !

هاریێت . . هەستاو بەرەو ماڵ هاتەوەو ، دەستی دایە پێنووسەکەی تائەو دیمەنەی بەر چاویوئەو هەڵچوونو پەژارەی دەروو نە وێنەکێش بکات . . .

ئەم چیرۆکە . . لەسەرەتادا کورت بوو ، بەڵام وورده وورده بۆ (ستۆ) دەرکەوت کەمەسەلەکە زۆر لەوە زیاترو گرنگترە ، بۆیە کەوتە زیاتر چنینی تا چیروکێکی تەواوتری لێ دروست بکا . . لەسەرەتاوە تەنیا سێ زنجیرە بوو لەرۆژنامەی – ذی ناشناڵ ایرا– The National Erra بلاوی کردەوە بەڵام پاشا لەماوەی حەوت مانگدا گەیاندیە چل زنجیرە کە هێشتا سێیەکی چیرۆ کەکە بوو ، هەروەك ستۆ خۆی ووتویەتی . . کەکاتێ ئەم چیرۆکەی دەنووسی هێزی پەنجەو دەروونی ، خۆی نەبوو ! بەڵکو هەر یەزدان وتەوزمی سروشت بوو پێنووس و پەنجەو دەروونی ئەمی خستبووە کارو وەك باران ئیلهامی بۆ دەنارد . .

چیرۆکەکەی «مام تۆم» وەك پەڕاوێك لە مارتی ١٨٥٢ لە دوو بەرگدا چاپکرا . . سێ هەفتە بەسەر چاپەکەیدا نەڕۆیشت هەتا دەوروبەری بیست هەزار دانەی لێ بلاو بووەوەو جارێکی کە چاپکرایەوە ودانەی لە بازاڕدا نەما ، نەگەیشتە مانگی حوزەیران هەر هەفتەیەك دە دانە هەزار ژمارەی لێ دەفرۆشرا . .

ڕۆژنامەکانی هەرێمەکانی خوارووکەوتنە دژوەستان بەرامبەر بە چیرۆکەکەو ڕووداوەکانیان بە درۆ دەخستەوەو نووسەرەکەیان تاوانبار دەکرد . . چیرۆکەکە ، گەورەکانی خوارووی گەلێك توورە کردبوو وبڕیاریان دا کەئەو پەڕاوە لە کتێبخانەکاندا قەدەغە بکەن ، وسزای ئەوە بدەن کە دەی کڕێ . بەلاّم لەگەلّ ئەمەشدا مانگی ئوکتۆبەری هەمان سالّ تێنەپەڕی کەژمارەی فرۆشراو گەیشتە زیاتر لە سەد هەزار دانە . . و ئەم چیرۆکە لەو کاتەدا گۆڕایە سەر دووانزە زمانی‌تر ، وژمارەی لە چاپدانەوەی و بەتایبەت لە ئینگلستاندا گەیشتە بیست جار . . لە هەمان کاتدا بەزنجیرە لەشەش ڕۆژنامەی گەورەی فەرەنسیدا لە پاریس بلاّو دەبووەوە . .

«جۆرج صاند»ی نەمر ، کە ئەدیبێکی بە ناوبانگی فەڕەنساوی بوو ، نووسەری ئەم چیرۆکە (هارییت بیچەر ستۆ)ی بە نووسەرێکی داناو هەلّکەوتوو لەقەلّەم دا .

«لۆرد بالمرستون» چیرۆکەکەی «کوخەکەی مام تۆم»ی سێ جار خوێندبووە وە ، لەو کاتەی کە ئەم بە درێژایی (٣٠)سی دانە سالّ یەك چیرۆکی نەخوێندبوەوە !

زیاتر لە پێنج سەد هەزار ئافرەتی ئینگلستانی بە یاننامەیەکیان واژۆکرد سەبارەت بە قەلاّچۆ کردنی کۆیلایەتی و دەنگی خۆیانیان خستەپالّ دەنگی ئافرەتانی ئەمریکاو چیرۆکە مەزنەکەی خاتوو «هارییت بیچەر ستۆ» .

تەنیا یەك سالّ تێپەڕ نەبوو بەسەر دەرچوونی ئەم چیرۆکەدا ، کەئیتر ژمارەی چاپکراو گەیشتە دوو ملیۆن ونیو ! !

هەرچەند (هارییت) چەند چیرۆك ورۆمانێکی زۆری لە پێش وپاش چیرۆکی (کوخەکەی مام تۆم) دا نووسیوە . . بەلاّم هیچیان ئەو کاری گەرەیان وەك ئەم چیرۆکە نەبووە وهەرگیز وا نەمری‌یان بۆ خۆیان بەدەست نە هێناوە وەك چیرۆکی (کوخەکەی مام تۆم) کە گەیشتە ئەو پەڕی نەمری ولووتکەی بەرزیی و مەزنی سەرکەوتن و ئەو کاری‌گەری‌یە ڕامیاری و کۆمەلاّیەتی‌یە پڕ لە مرۆڤایەتی‌یەی دا بەدەستەوە کە لە مێژووی نەتەوەکانی وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەستێرەیەکی ڕۆشن داری نەمرەو نموونەی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی‌یە بەسەر زولّم و چەوساندنەوەدا . .

ئێمەش دەلّێین . . کە لە کۆتایی‌دا سەرکەوتن هەر بۆ بەش خوراوانە و خەبات و سەر شۆڕ نەکردن و دان بە خۆداگرتن و کۆلّ نەدانیان هەمیشە گەورەترین چەکی دەستی زولّم لێکراوان و چینی چەوساوە و میللەتانی ئازای بەش خوراوە . .

کوخەکەی مام تۆم

Scanned with CamScanner

١- پیاوێکی پڕ لە هەستی مرۆڤایەتی . .

دەمەو ئێوارەیەکی ساردی مانگی شوبات بوو ، شەوێکی ئێجگار تۆف و سەرما ، لە ژوورێکی نان خواردنی گەورەو فراواندا لە شاری «ب» لە ناوچەی (کەنتاکی) لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، دوو پیاو لەو ژوورەدا بە دەوری مێزێك دادانیشتبون‌و شوشەیەك (مەی) یان لە نێو خۆیاندا دانابوو ، بەروخساریاندا وا دەردەکەوت کە لە کارێك بدوێن بەلای هەردوکیانەوە گەلێك گرنگ بێ .

یەکێکیان ، پیاوێکی کورتە بالاّی تێك سمڕاو بوو هەر لە دیمەنیەوە بۆت دەردەکەوت کە چەند لووت بەرزو فیشالّ کەرو ناکەس بەچەو خۆپەرستە . . سەرباری ئەوانەش بۆ هێنانەدی مەرامەکانی خۆی گەر عالەمێکیشی بەقڕ بدایەو ماڵی وێران بکردبانایە بەلای ئەمەوە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو و بگرە زۆر بێ باکانەش بەئەنجامی ئەدا .

هاوڕێکەی «شلبی» بەپێچەوانەی ئەوەوە لەوە دەچوو پیاوێکی وەجاغزادەی ڕەسەنی ڕەفتار پاك‌و خوڕەوشت جوان و مرۆڤێکی هێمن‌و لەسەرخۆ بێ . دانیشتنەکەش لەماڵی ئەمان بوو .

ڕازاندنەوەی ئەو کورسی‌و مێزو کەلو پەلی ناوماڵە ئەوەی ئەنواند لە خێزانێکی ڕێك و پێك‌و بەختیار گوزەرانی تیا بکەن .

شلبی ووتی :

«ئا بەم شێوەیە . . ئەمەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم !» ئەوی تریان بەدەم بەرزکردنەوەی پێکەکەیەوە کەدەشی ویست بەری تیشکی چراکەشی پێ بگرێ تا لە چاوی نەدا ، وەلاّمی دایەوە :

- «چارەسەر کردنێك بەم شێوەیە بێ ، هەرگیز لە بەرژەوەندی من نی‌یەو ناشتوانم پەسەندی بکەم !» .

-«بەلاّم ، هێلی» ، «تۆم» خزمەتکارێکی باش‌و بێ وێنەیە لەهەر سوچێکی ئەم سەرزەمینە بیخەیتە ڕوو کۆلّێك پارە ئەکات ، پیاوێکی دڵسۆز وڕاست گۆ لەخوا ترسە ، ئەوەتا کاروباری کێلگەم وەك کاتژمێربۆدەبات بەڕێوە !!»

ئەوی تریان پێکێك تێ‌دەکاو ئەڵێ :

-«دڵسۆز ؟ ! دەتەوێت بڵێیت کە قولەرەشەکان لەوانەیە دڵسۆزی‌یان لێ بوەشێتەوە !

-«نەخێر ! دەمەوێ بڵێم کە بەڕاستی دڵسۆزو ڕاستگۆو بێ فروفێڵە . . هەموو باوەڕێکی خۆم پێ‌داوە لەماڵ ، لەپارە ، لەخانوو ، لەئەسپ ولاّخ . هەموو کاتێکیش ئەو پەڕی دڵسۆزی‌و هوشیاری دەرخستووەو بۆشم سەلماوە کەوایە . . بۆ نموونە ، لەو ماوەی پێشوەدا ناردم بۆ (سانسیناتی) تا هەندێ ئیش وکارم بۆ ئەنجام بداو پێنج سەد دۆلاریشم بۆ بهێنێ ، پێشم ووت .

«تۆم زۆربێوام پێیە ، هەرگیز ناپاکیم لەگەڵ ناکەیت !» پاشان گەڕایەوەو بڕواکەم تەواو لە جێی ی خۆی دابوو ، هەرچەندە هەندێ خوێڕی هانیان دابوو کە هەڵبێ بۆ «کەندا» و پارەکە بەرێ» .

بازرگانەکەش» بە کەشرو فشەوە فیکەیەکی لێ داو پێکێکی تری تێ کرد .

هەندێ بێ دەنگ بوون ، شلبی کەوتەوە دوان ووتی :

«ها . . هێلی . . چی دەڵێ ی ، دوا قسەت چی یە ؟

-«هیچ شتێکی ترت نی یە بیدەیتە پاڵ تۆم ؟ کچێ ، کوڕێ» .

-«ناتوانم دەست بەرداری کەسی تر ببم ، خۆ ئەگەر ناچاری نەبێ ئەویش نافرۆشم ، چونکە نامەوێ خزمەتکارەکانم لە دەست بچن» .

لەو ساتەدا دەرگای ژوورەکە کرایەوەو منداڵێکی (دوورەگ*)ی چوار پێنج ساڵە خۆی کرد بەژووردا بە کراسێکی خوری خەت خەتی زەردو سوورەوە .

منداڵێکی چاوگەشی دەمو چاو خڕو سیمای بلیمەتی و زیرەکی لەچاوەکانیا پرشنگی دەداو قژی نەرمو ڕەش دەتووت پەڕی باڵندەیە .

رووخۆش و ئیسك سووكو خنجیلانە . وا دیار بوو لەنازو نیعمەتێکی خۆشدا دەژی سەیرێکی ناو ژوورەکەی کردو شلبی ووتی :

-«وەرە . . قەلەباچکە !» فیکەیەکی بۆ لێ داو هێشووە ترێ یەکی بۆهەڵدا «ها . . بیگرە» .

منداڵە ، بە یەك قەڵەمباز هێشووەکەی قۆستەوە. شلبی بەدەم قاقای پێکەنینەوە ووتی :

- «جیم . . وەرە ئێرە»

منداڵەکەش لێ ی نزیك بۆوەو ئەمیش دەستێکی هێنا بەسەریاو پێ ی ووت .

-«ئادەی بۆ ئەم پیاوەی بسەلمێنە چۆن دەنگێکت پێوەیەو چۆن هەڵدەپەڕی» !

منداڵەش دەنگی لێ هەڵبڕی لەو گۆرانی یە خۆشانەی لەنێو قوللەڕەشەکاندا باوەو لە گەڵیشیدا بای دەدا . . کارێکی کرد سەربەقوڕ هێنایە پێکەنین .

هێلی قاشێك پرتەقاڵی بۆ هەڵداو ووتی : ئافەرین .. ئافەرین .. چۆن کوڕێکە !! کەواتە ڕێکەوتین . . » ئەمەی ووت و دەستێکی دا بە ناو شانی شلبی داو دیسانەوە ووتی :

• دوو ڕەگ : مەبەست لەو کەسانەیە کە یەکێك لەدایك و باوکیان سپی بێ ئەوەی تریان ڕەش .

• بازرگان : لێرەدا مەبەست بازرگانی کۆیلە یە . .

«ئەم منالەش دەبەم . . بەوە لێت خۆش دەبم و هیچ لە بەینماندا نامێنێ ، ئەخوا دڵ وەدەرونم باش نی یە ؟ ! »

ئەوەندەی ووت و دەرگا کە بەهێواشی کرایەوەو ئافرەتێك خۆی کرد بە ژووردا ، تەمەنی نزیکەی بیست و پێنج ساڵێك دەبوو هەر بە بینینی دەتزانی دایکی ئەو منالەیە .

هەمان چاوو برۆی و هەمان قژی خاوی رەش و بەجل و بەرگی پاك و خاوێنی قەدو باڵای رێکی دەنواند . . ئەم جوانی و شۆخی یە بەتایبەتی دوودەستی بەفرینی و قاچی وردو سپی دڵی هێلی بازرگانی داخورپاند . شلبی کە دی لێی پرسی :

«چیتە . . ئەلیزا ؟ !

«ببورە گەورەم . . هاتم هنری ببەم ! »

منالەکەش بەپیری دایکی یەوە چوو . شلبی ووتی :

«ها ئەوەتا ببیە ! »

ژنەکە منالەکەی لە باوەش کردو خێرا چووە دەرێ .

شلبی دەربارەی پێش نیاری بازرگانەکە کە منالەکەشی بداتێ ووتی :

«خۆت ماندو مەکەو . . بۆ من باشترە نەیفرۆشم و ئەوەندەش بێ مروەت نیم منالێ لە باوەشی دایکی بکەم ! »

—«راستە . . من تێت دەگەم . . ئافرەت هەندێ جار بەجارێك ژیان لەپیاو تاڵ دەکەن . . . دەك بە لەعنەت بن بۆ خۆیان و هاوارو قیژەیان . . زۆر ئەوانەم دیوە . بەڵام دەتوانی چەند رۆژێك دایکەکەی بنێریتە لایەك و هەتا دێتەوە هەموو شتێك تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە ، کە هاتیشەوە ، جووتێ گوارە یا کراسێکی . بدەرێ و رازی بکە . ئەوان وەك سپی پێستەکان نین بە دوو قسەی خۆش هەڵدەخەڵەتێن » .

شلبی ووتی :

«وازم لێ بێنە با هەندێك بیری لێ بکەمەوە و لەگەڵ خێزانەکەمدا باسێکی بکەین بزانم ئەویش دەڵێ چی . . بەڵام کارێك نەکەیت ئەمە لە نێوانمان بچێتە دەرێ ، خۆ بێتو بگاتەوە دەمی کۆیلەکان دۆو دۆشاوم لێ تێکەڵ ئەکەن و بۆم نایەنەوە سەر بار» .

—«باوانێ ! من پەیمانت دەدەمێ بەوە بەڵام درێژەی پێ مەدەو کارم دوا مەخە ، زۆر بە پەرۆشم دوا بڕیارت بزانم تابتوانم لەسەر ئەوە رەفتار بکەم» .

ئیتر هێلی هەستاو ماڵئاوایی کرد و ژوورەکەی بەجێ هێشت شلبی لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەو دەی ووت :

—«چۆن ناتوانم لەگەڵ شەیتان بیهێنمە خوارێ ! ! زەلامێکی کەللە رەق و قیرسچمە یە چاك

Scanned with CamScanner

دەزانیٚ بەچی پشتم دەشکێنیٚ ! کیٚ دەیووت ڕۆژیٚ لەڕۆژان ناچار دەبم تۆم بفرۆشم بە بازرگانێکی خوێڕی ؟ بەلاٚم وابزانم لە بەدبەختی من هەرواش دەبیٚ ، ئای کوڕەکەی ئەلیزا !! . . ! ! »

ئای داو بیٚدا لەدەست قەرزاری . . ! ! »

شلبی مرۆڤێکی ڕەسەنو پیاو چاك بوو ، هەڵس و کەوتو ڕەفتاری لەگەڵ دەوروبەری گەلیٚ باش و بە دڵی هەمووان بوو . هەمیشە بەڕێزەوە سەیری خزمەت کارو کارەکەرەکانی دەکردو داخوازیەکانیانی پشت گویٚ نەدەخست وزوییرو دڵگرانی نەدەکردن .

بەلاٚم جەوری ڕۆژگار خستبوویە گێژاوی مامەڵەیەك لەگەل «هێلی» درندە کە ناچاری کردبوو پارەیەکی باشی بداتیٚو قسەی «هێلیش» لەسەرەوە بوو . دانیشتنو قسەو باسەکەشیان هەر لەسەر ئەوە بوو .

«ئەلیزا» کەنزیك دەرگاکە بۆوە ئەوەندەی گویٚ لیٚ بوو کە لیٚی تیٚبگا بازرگانەکە بۆ ئەوە هاتوە یەکێك لەکۆیلەکان بکڕیٚ بۆیە ویستی باشتر تیٚبگا بەلاٚم خاتوونەکەی بانگی کردو ناچار بوو بچیٚ بە دەنگی‌یەوە . . بەلاٚم دڵی خەبەری دابوو کە ئەو کڕینو فرۆشتنە مناڵەکەی لەدەست دەدات بۆیە بەتین کوڕەکەی لەئامێز دەگرتو لەسەر سنگی توند دەکرد تا کەس نەیبا .

کە خاتوونەکەی ئاوا بە شپرزەیی بینی ووتی :

-«ئەلیزا» . . ئەوە چیتە کچم ؟ !

کارەکەرەکە ووتی :

- «ئاخ . . خانم !»

خۆی دا بەسەر کورسیەكدا و فرمێسك لە چاوی دەباری و دیسان ووتی :

-«ئاغام لەگەڵ بازرگانێکی کۆیلەدا . . توو بی خوا ، تۆ بلیٚی ئاغام «هنری» بفرۆشیٚ ؟؟ دەستی کردەوە بە هاوارو قور پێوان . .

-«جا گەوجە . . ئەو شتیٚوا چۆن دەکا ؟ تۆ خۆت چاك دەزانی کە ئاغات لەگەڵ بازرگانەکانی باشووردا مامەڵە ناکا و هەرگیز ڕەفتاری ئەو نی‌یە کۆیلەکانی بفرۆشیٚ ، واز لەم قسانە بێنەو وەرە قژم دابێنەو جارێکی تریش لە پشت دەرگاوە گویٚ ڕامەگرە !»

-«جارێکی تر ئەوە ناکەم ، بەلاٚم . . تۆ ڕازیت کە . .»

-«ئەم شێتیە چی‌یە ؟ بیٚگومان ڕازی نابم ! وتم واز لەم قسە پڕوپوچانە بهێنە . بڕوات بیٚ کوڕی خۆم لەپێش چاوم بفرۆشریٚ خۆشترە لەوی تۆ ! ئیتر «ئەلیزا» دڵنیا بوو کە بیستی خاتوونەکەی ئاوا قسە دەکا .

٢ – دایك

دەمێك بوو ئەلیزا لەماڵی خاتوو شلبیدا دەژیا ، ئەو خاتوونەی کە هەتا بڵێی ئاغرو لەسەرخۆو دەستو دڵ فراوان بوو . لە هەموو قۆناغێکی ژیانی ئەلیزاشدا وەك منالێکی بەختەوەری خۆی نازو خۆشەویستی پێ دەداو بەو چاوە سەیری دەکردو بێگومان ئەوانەی سەریان لە ئەمریکای خواروو داوە بۆیان دەرکەوتوە کە دوورەگەکان چەند دەنگ خۆش و نەرمو نیانو دڵرفێنن ، سەرەڕای ئەوەش هێمنو لەسەرخۆ و بێ دەنگن .

ئەلیزا درابوو بە کوڕێکی هاو ڕەگەزی خۆی کەناوی «جورج هاریس» بوو ، لە یەکێك لە کێڵگەکانی نزیك بەمان دەژیا و شەوروژ شانوقۆڵی دەکوتاو ئاغاشی بەری کارەکەی بۆ دەخوارد .

خاوەنەکەی ئەم گەنجەی دابوو بەکرێ لە یەکێك لە کارگەکانی گوێنی دروست کردن دا ئیش بکا ، ئەوەندەی نەبرد کەبە زیرەکیو لێهاتووی خۆی توانی کاروباری کارگەکە بگرێتە دەست خۆی،ئەویش بە هۆی ئەو ئامێرەی کە دروستی کرد بۆ پاك کردنی توێکڵی «قنب» . دەنگ وباسی ئەم ئامێرە هێندەی نەبرد لە ولاتدا بلاو بۆوە و کە ئاغاکەی بیستیەوە چاوی پەڕییە پشتی سەری و ئاگری گرت و هاواری دەکرد «چۆن دەبێ سەگە ڕەشیوا . . چی داوە لە شت دروست کردن دەیەوێ سەری هەڵبڕێ لەنێو ئاغاکاندا ؟؟ دەبێ ئەم گاڵتە بازارییە کۆتایی بێ» .

بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی بیهێنێتەوە بۆ کێڵگەکە تا بە چاڵ هەڵکەندنو پاچ هاویشتن پشتی بشکێنێ ، ئای خاوەن کارگەکە چۆن واقی وڕما کە ئاغا هاتو داوای کرێکەی «جۆرجی» کردو پێی ڕاگەیاند کە دەیەوێ دەست بەجێ لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە .

بەم شێوەیە «جۆرج» گەڕایەوە کێڵگەو قورسترین کاری پێسپێررا بەلام لە ڕێزگرتنوگوێ ڕایەڵی زیاتر هیچیتری نەکرد ، هەرچەندە چاوەکانی دەیدرکاند ، کە چ غەمو پەژارەیەك ناو جەرگی دەبرژێنیو دەرروونی ئازارئەدات و بەئاشکرا دەری دەبری کە هەرچی بکەیت ناتوانی ئادەمیزاد بکەی بە دارو بەردی بێگیانو مردو ، «جۆرج» لەوکاتە خۆشەدا «ئەلیزای» ناسیبوو کە لە کارگە کاری دەکردو خاوەنەکەی ئەو پەڕی سەربەستی ڕەهایی دابوویە و بە ئارەزووی خۆی دەهاتو دەچوو .

ئەم پەیوەندییەی «جۆرج و ئەلیزا» جێی ڕەزامەندی خاتوو شلبی بوو .

«ئەلیزا» ساڵی یەکەمو دووەمی بەخۆشی بەسەر برد لەگەڵ مێردەکەیدا بێ ئەوەی هیچ شتێك بەختیاریو کامەرانییان بشێوێنێ ، تەنیا مەرگی دوو کۆرپەکەی نەبێ کە هیچیان ئەوەندە نەژیان .

ئەم ڕووداوە جەرگ بڕە ژیانی لە «ئەلیزا» تاڵ کردو شەوڕۆژ بەو ئازارەوە ئەتلایەوە.
تەنانەت خاتوو «شلبیش» یەك دوو جار سەرزەنشتی دەکرد کە بۆ وا لە خۆی دەکا..
بەڵام هاتنە دونیای «هنری بچووك ماتەمینیو نیگەرانی لە دڵی ئەلیزادا» ڕەواندەوەو بزەی خستە سەرلێویو ئیتر. ژیانی پڕکامەرانی بێ کۆسپو ناخۆشی دەستی پێ‌کردەوە تا ئەو ڕۆژەی کە مێردەکەیان بەشەقو زۆر بەنامەردانە. لەکارگە هەڵ کەنراو فڕێ یان دایەوە باوەشی زەبوونیو مەینەتی..
ڕۆژێك «ئەلیزا» لەسەر بانیژەی ماڵەوە وەستا بوو زۆر بە دڵ شکستیو ناهەمواریەوە دەی ڕوانی‌یە گالیسکەکەی خاتوو شنلبی کەبەرە بەرە دوور دەکەوتەوە، لەپڕ دەستێك خرایە سەر شانی کە ئاوڕی دایەوە دڵی ڕوون بۆوە کەدی مێردە خۆشەویستەکەیەتی لە پاڵیا وەستاوە.
بەجووتە چوونە ئەو ژوورە خنجیلانەی لەسەر هۆڵەکە بوو لەم ژوورەدا «ئەلیزا» دروومانی دەکردو لەبەر ئەوەی نزیك بە ژووری خاتوو «شنلبی» یش بوو هەر کە بانگی بکرادیە گوێی لێ دەبوو..
ئەلیزا وتی :
-«ئای.. کە دڵخۆشو بەختیارم!! بەڵام تۆ چیتە وا ڕووت گرژ کردوە! کوا زەردەخەنەکەی جارانت؟! سەیرکە چۆن کوڕەکەمان گەورەبووە.. توخوا جوانکیلەو ئیسك سووك نی‌یە؟ ئنجا بەدەستی قژە ڕەشە خەلوزی‌یەکەی لەسەر ناوچەوانی منالەکە لاداو تێر تێر ماچی کرد.
«جۆرج» بەدەم هەناسەیەکی ساردەوە ووتی :
-«توخوا باشتر نەبوو گەر نەبوایە لەدایك؟ یان هەر من نەهاتمایەتە سەر ئەم دنیا بێ فەڕە؟
ژنەکەی دڵی ڕاچڵەکیو خۆی‌دا بەسەر شانی جورج‌داو بەکوڵ دەستی بەگریان کرد و بەدەم هەنسکەوە ووتی :
-«جۆرج چی بووە؟ چی قەوماوە؟ ئەی تا ئێستا بەختیار نەبووین؟
-«بەڵێ.. گیانەکەم بێ‌گومان بەختیار بووین»
ئەمەی ووتو منالەکەی خستە کۆشیو کەوتە یاری کردن لەگەڵیاو بە دەمیەوە دەی‌ووت :
-«لێرە.. کوت‌ومت لەخۆت دەچێ» دیسان ووتی :
«تۆ.. جوانترینو دڵسۆزترین ئافرەتی کە چاوم پێ‌ی کەوتبێ.. بەڵام خۆزگە یەکترمان هەرگیز نەدەناسیو نەم دەبینیت!! ژیانێکی تورەهاتو پڕ مەینەتیم هەیە وجگە لە کۆیلەیەکی قوڕبەسەری هەناسە سارد دەبێ من چیم و تۆشم لەگەڵ خۆم ڕاپێچ کردوە بە ناخی زەویدا دەتبەمە خوارێ.

دەبێ یەکێکی وەك من بۆچ شت فێربێ‌و بزانێ‌و یان شتێك دروست بکا ؟
-«من دەزانم تۆ لای ئاغایەکی گەلێك دڵڕەق‌و بێ ویژدانی . . بەڵام دەبێ ئارام بگری‌و دان بەخۆتا بگری . . بەقوربان . . لەوانەیە . .
قسەکەی پێ بڕی‌و :
-«ئارام و دان بەخۆدا گرتن ؟ ، بۆتائێستا بێ ئارام‌بووم ؟ یا تۆ بڵێ فزەم کردوە ؟ دەم‌هەڵهێناوەتەوە ؟ ئەی هەر بە کەڵەگایی لە کارگەکەی دەرنەهێنام ؟ ! ئای کە لەوێ جێ‌ی ڕێزو خۆشەویستی‌یان بووم . .
خۆ هەرچیشم وەر دەگرت بەتەواوی دەم کردە دەستی‌یەوە» .
-«بێگومان ستەمە . . بەڵام هەرچۆنێك بێ ئاغاتە !»
-«ئاغامە ؟ جا کێ کردویەتی بە ئاغای من ؟ منیش ئادەمیزادێکم وەکو ئەو ، بگرە لەویش زیاترم چونکە لەو چاکتر دەنووسم‌و دەخوێنمەوە و هەرچیش دەزانم خۆم خۆم فێر کردوەو هیچ منەتی ئەوی تیا نی‌یە .
ئیتر بە چ مافێك وەك ولاّخ سەیرم دەکا ؟ دەزانم دەیەوێ ڕیسوام بکا . . بم‌کوژێ . .
هەر زۆر نەڕۆین دوێنێ بەردەم دەحستە عەرەبانەکەوە و کوڕەکەشی قامچی‌یەکەی لەبەر لووتی ئەسپەکاندا بادەداو هەر ئەوەندەی نەمابوو بتۆقن ، منیش زۆر بە نەزاکەتەوە تکام لێ‌کرد وا نەکا . گوێ‌ی نەدایەو گیف‌و هووڕ قامچی ڕائەوەشاند . . دیسان پێم‌وتەوە ، کەچی ڕوی تێ‌کردم‌و بەقامچی‌یەکە تێم‌کەوت ، سەرباری ئەوەش دەستی‌کرد بە هاوار هاوارو قیژەقیژو خۆی گەیاندە باوکی‌و شکاتیشی لێ‌کردم کەگوایە من لێم‌داوە .
ئەوەندەی پێ‌نەچوو باوکی گەیشتە سەرم‌و بەستمیەوە بەقەدی دارێکەوەو دە دوانزە شوڵکی تەڕی دایە دەست هەتیوەکەی ، ووتی دەی شولکی عومری‌کە . . هەتا دەستت شل دەبێ .
ئەویش بێ دڵی خۆی نەکرد» .
کەڵی‌بوەوە دەم‌و چاوی خوێنی تێ‌زابوو ، ئەلیزا هەر خەریك بوو بتۆقێ قەت مێردەکەی وا نەدیبوو ووتی :
-«جا چی ئەکەی ؟ جۆرج ؟ ناشێ شتێکی قۆڕبکەی ؟ ئەوە بزانەکە خوا ڕزگارت دەکا مادام بڕوات پێ‌ی هەیەو لەچاکە زیاتر هیچی‌تر ناکەی . . خاتوون هەموو جارێك دەڵێ هەرچەندە ڕۆژگار کاری نابەجێ‌و دژبە ئێمە بکات ، هەر خوا خۆی دەتوانێ ڕزگارمان بکاو پشتیوانمان بێ .
-«ئای کە ئەم قسانە خۆشە بەدەمی ئەوکەسانەی لەسەر کورسی نەرم وبەرز پان بوونەتەوەو کارەکەروکەنیزەك‌بەچواردەوریاندا دەگەڕێ . دە خۆزگە دەهاتنە جێ‌ی ئێمە ئەوسا دەم زانی دەڵێن چی زۆر حەز دەکەم دڵ نەرم‌و چاك بم ، بەڵام دەروونم کلپـەی سەندوەو دانامرکێتـەوە ! ! زۆر شت هەیە تۆ نایزانی‌و لێ‌ی بێ خەبەری ! !

Scanned with CamScanner

-«چی تر هەیە ؟؟»
-«ئاغام هەتا بڵێی ڕق لە شلبی ئاغایەو ڕقیشی لە هەرچی دەوروپشتی هەیە ، هەموو جارێك دەڵێ کە ئیشێکی زۆر ناپەسەندی کردوە کە ڕێی دام لەدەری ڕکێفی خۆی ژن بهێنم ، گوایە تۆش هۆی سەرکێشی و فێرکردنی منی بۆیە ئیتر ناهێڵێ بێمە لاتان ، نەك هەر ئەوە بەڵکو دەیەوێ ناچارم بکا ژنێکی تر بخوازم . . دوێنێش فەرمانی پێدام «مینا» بەرمە ژوورەکەم ئەگینا لەو بەرچەم دەم فرۆشی !»
ئەلیزا زۆر بە ساکاری ویستی بەرگری لێ بکاو ووتی :
-«جا خۆ بە پێی دەستوری دیان زەماوندمان کردوە! »
-«ئەی تۆ نازانی ئافرەتی کۆیلە بۆی نی یە شوو بکات،بۆچی یاساو داد هەیە لەم ولاتەدا؟ بۆیە ئیتر ناتوانم بتپارێزم ئەگەر ئەم لێکمان جیا بکاتەوە . بۆیە دەڵێم کاشکێ هەر نەم ناسیتایەو خۆزگە نەهاتمایەتە سەر دونیا ! ئەم مناڵە بەد بەختەش هەمان چارەنووسی ڕەش چاوەڕێی دەکا .
-«ئاغای ئێمە هەتا بڵێی پیاوی چاکەو میهرەبانە»
-«بەڵام ئەو دەمرێ‌و ئەمیش دەفرۆشرێ»
ئەم ووشانە وەك نەشتەر جەرگی ئەلیزای هەڵدەدڕی‌و تارمایی بازرگانەکەی دەهاتەوە پێش چاو کە مامەڵەی لەگەڵ ئاغای دەکرد . ویستی چی لە دەرونیا هەیە بۆ جۆرجی هەڵڕێژێ بەڵام نەیدەویراو ئەو ئازایەتی یەی نەبوو .

ئینجا مێردەکەی بە ماتەمینی یەوە ووتی :
-«گیانەکەم ئەلیزا . . بە جەرگ‌و ئازا وچاونەترس بە ، بەخوات دەسپێرم» لەوانەشە سەری خۆم هەڵگرم‌و بڕۆم» .

-«بڕۆی ! جۆرج بۆ کوێ دەچی؟»
-«بۆ «کەنەدا» ، لەوێ دەتکڕمەوە ! ئەمە تاکە هیوایەکە ، تۆ لەسایەی ئاغایەکی پیاو چاکو ڕەسەن‌دای باوەڕ ناکەم ئەگەر بتکڕمەوە نەهێڵێ . . ئەوسا خۆت‌و مناڵەکەشمان دەکڕمەوە
-«ئەی ئەگەر گیرای ؟»
-«هەرگیز ناهێڵم بگیرێم ، جا یا سەرم دادەنێم یا سەربەستی بەدەست دەهێنم»
-«جۆرج : ئاگاداری خۆت بە و کەتنێك نەنێیتەوە، خۆت و خەڵکی تریش بەقڕ بدەی تۆ لەژێر بارێکی قورس‌و ناهەموار دای ، لەخوا بپاڕێرەوەو بەڵکو دەرفەتێکت بداو ڕزگار بیت .

جۆرج هەردوو دەستی ژنەکەی بەگەرمی گوشیو چاوی بڕیە نیو چاوانیو ووتی :
-»بەڵی . . ئەلیزا گیان . . بەڵام گوێ گرە چۆن ڕێیەکم داناوە . . ئاغام ئێستا ناردوومی نامەیەك بگەیەنمە «سیمرئاغا» کە فرسەخێك لێرەوە دوورە و چاکیش دەزانی کەمن سەرت لێدەدەمو داخی دڵی خۆمت بۆ هەڵدەڕێژم ، زۆری پێخۆشە خەفەتو پەژارە بدەم بە خێزانی شلبی .
بەڵام هەر دەبێ بگەڕێمەوەو خۆم ئامادە بکەم جا پاش هەشت ڕۆژی ترکە ئێوارەکەی ناو دەخوێننەوە من لەوێ ئامادە نابم . . ئەلیزا دوعام بۆ بکەو لە خوابۆم بپاڕێرەوە تۆ ئافرەتێکی پاکی بێگوناهی خوا بەدڵت دەکاو . ئیتر بەخوات دەسپێرم» .
هەندێك بە بێدەنگی مانەوە وپاشان بە قورگی پڕ لە گریانەوە لەیەك جیا بوونەوە .

Scanned with CamScanner

٣ـ شەوێك لە ماڵی مام «تۆم»

لەپاڵ ماڵی شلبی ، کوخەکەی مام تۆم بوو کە لە لق و بنەدارو گەڵا دروستی کردبوو و بەردەمەکەشی کرد بوو بەباخێکی بچووك ، سەوزەو میوەو گوڵ و گوڵزاری تیا رواندبوو.

لە ژوورەوەش ، لە سوچێکدا تەختێکی دووکەسی دانرا بوو کە بە چەرچەفێکی سپی وەك کلۆی بەفر داپۆشرا بوو. لەدامێنی تەختەکەش فەرشێکی گچکە داخرابوو کەپورە (کلۆ) ، ژنەکەی تۆمی لەسەر دادەنیشت و ئەم سوچەی باش دەپاراست چونکە جێ ی میوان بوو ، دەبوایە پاك و تەمیزبێ لەو بەریشەوە تەختێکی تر دانرا بوو.

دیوارەکانیشی هەندێ وێنەی روناکی پیا هەڵواسرا بوو کە لە هەندێ بەشی کتێبی پیرۆز دەدوا . ولەسەر ئاگردانەکەش وێنەیەکی ژەنراڵ واشنتۆن هەڵواسرابوو.

لێرەدا قەنەفەیەکی کۆنی پەرپووت دانرا بوو ، دوو کورە قژرەشەکەی لەسەر دانیشتبوو دەیان روانییە خوشکەکەیان دارەدارەی دەکرد .

لەبەر دەم ئاگر دانەکەدا مێزێك دانرا بوو کە بە بەرگێکی سپی داپۆشرا بوو ، چەند بەرداخ و قاپێکی جوان و ناسکی لەسەر ریزکرابوو وادیار بوو بۆقاوەڵتی میوانیان دەهات ، مام تۆم لەسەر ئەم مێزە دانیشتبوو ، تۆم پیاوێکی چاپوك و بەتواناو بەخۆ بوو ، سەرەرای ئەوەش هێمن و لەسەرخۆو زیرەك بوو ، رەنگ و رووخساری رەشێکی بریقەدار کت ومت رووخساری ئەفریقی یەکی رەسەن بوو .

تۆم خەریکی نووسینی چەند پێتێك بوو ، کوری ئاغاکەشی (جورج شلبی) لەلایەوە سەیری دەکردو سەرپەرشتی دەکرد ، .هەرچەندە لەتەمەنی سیانزە ساڵ پتر نەدەبوو .

پورە کلۆ بەسەر سورمانەوە سەیری جۆرجی دەکرد ووتی ، ئەی کە ئەم سپی یانە وریار بلیمەتن ! هەموو شتێك دەزانن ! دە سەیرکە جۆرج لەم تەمەنەدا دەزانێ بخوێنێ و بنووسێ و نەك هەرئەوەش هەموو شەوێك دێ فێرمان دەکات . . بەخوا وەجاغ زادەیە !

جۆرج هاواری کرد :

—«پورێ . . وەختە لە برسان بمرم . . کوا حەڵواکەت ، هێشتا پێ نەگەیشتوە ؟»

—«هەر ئێستا . . کتێب و شتەکانت لابەرە ئەوا هێنام» حەڵواکەی هێناو جۆرج هەتا توانی خواردی . پورە کلۆش لەولاوە کچەبچکۆلەکەی لەباوەش نابوو و دانیشتبوو . دوو کورەکەشی لەژێر مێزەکەدا بەشەکەی خۆیان دەخواردو جار جاریش قاچی کچەکەیان رادەکێشا .

Scanned with CamScanner

لەکوخی کۆیلەکاندا ئەوە بوو دیمان بەلاٚم لەکۆشكو تەلاری ئاغاکاندا دیمەنێکی تر هەیە! شلبی ئاغا لە ژورەکەی خۆیدا سەفتە پارەی دەژمارد و دەی دایە دەست «هێلی‌ی ئادەمیزاد کڕ» کە ئەمیش ژماردیو ووتی:

-«کەواتە ئێستا تەنیا مۆرکردن مارە!!»

شلبی ڕێکەوتن نامەکەی مۆرکردو دایەوە دەست هێلی. دیسانەوە شلبی بیری‌خستەوە کە چۆن پەیمانی پێ‌داوە بە یەکێکی باش نەبێ تۆم نەفرۆشێ.

٤ – هەستو سۆزی کۆیلە فرۆشراوەکان :

ئاغاو ئاغاژن چوونە ژوورەکەی خۆیانو شلبی خۆی خەریك کرد بەچەند کاغەزو نامەیەکەوەو خاتوو شلبیش ، چووە بەر ئاوێنەو ئەلیزاش یاریدەی دەدا بیرازێنێتەوە کەسەیری کرد ئەلیزا تەواو نی‌یەو هەڵبزڕکاوە ناردیەوە بۆ ژورەکەی خۆی ، ئەم لەگەڵ مێردەکەیدا مایەوە پێی ووت :

–«باشە شلبی پێم ناڵێی ئەو کابرا ئێسك قورسە کێبوو ئەمرۆ هێناتەسەر خوانو لەگەڵتا دانیشت ؟»

–«هەندێ کارم پێی بوو !»

دیسان پرسیاری لێکردەوە هەرچەند سەیریکرد خەریکە سەغڵەت دەبێ .

–«باشە بازرگانی کۆیلە بوو» ؟

–«تۆ بەچیا ئەزانی ئەوەیە» ؟

–«هیچ . . بەلاّم ئەمرۆ ئەلیزا بە شپرزەیی‌و بەچاوی‌پڕ فرمێسکەوە خۆی کرد بەژووراو وتی گوایە تۆ خەریکی لەگەڵ ئەوکابرایە مامەڵەی کورەکەی دەکەی ، منیش پێمووت کە تۆ مامەڵە لەگەڵ زەلامی واناکەیتو کۆیلەکانیشت نافرۆشی بەتایبەت کورەکەی ئەویش »

–«زۆر چاکە . . ئەوە هەتا ئێستا ڕێگەی من بووە . . بەلاّم هێندە لاتو بێپارەو قەرزارم ناچار بووم مام تۆم و هنری گچکە بفرۆشم !»

–«تۆم !! ئەو پیاوە چاکە ؟ ئەو کەسەی کە هەر لە منالی‌یەوە دڵسۆزت بوو ؟ ئەی تۆ پەیمانت پێنەدا ئازادی بکەیت ؟ بەلاّم . . بۆ ئەو جووتەت هەڵبژارد ؟

–«چونکە پارەیەکی باشم بۆ دەکەن» .

–«ئەی بۆ دەست بەرداری پارەکە نەبووی ؟ ئەوسا منیش یاریدەم دەدای ! چۆن بتوانم جارێکی تر لە ئاستی ئەو لێقەوماو داماوانەدا سەر هەڵبرم .

کەواتە بۆ چەردەیەك پارە دەست بەرداری ئەو پیاوە چاکە بووین !

جا خۆ من بەردەوام ئەم خوێند بەگوێی ئەلیزاداکە دایك دەبێ چی‌بکا بۆ منداڵەکانی‌و چۆن پەروەردەیان بکات،ئەی ئێستا چی پێ بڵێم کە تۆ کوریەکەی لەبەر هەڵگری ..

–«بەلاّم ئەمە تەنیا ڕێگە بوو بۆ سەرفراز بوونم ! هەموو ماڵو مڵکم لەژێر چەپۆکی هێلی‌دا بوو خۆ ئەگەر ئەو جووتەم پێنەفرۆشتایە . . دەبوایە هەموویانم بەیەکجاری ماڵ وێران بکرادیە . . جا تۆ کامیانت پێ چاکترە ؟

لەژێر دەسەلاّتی ئەودا بوومو دەبوایە بەقسەم بکرادیە» .

ئەلیزا نزیك بەوان خۆی مات دابوو وشە بە وشە گوێی لێبوو . هەر کە تەواو بوون خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆیو لەبەر دەم جێگەی کوڕەکەیدا وەستاو بەرامبەری ڕاما ، چەند بەهێمنی خەوتبوو ! پەرچەمی بەڕویا پەرشو بڵاوبوبوەوەو بزیەکی منالآنەی فریشتەیی بەسەر لێوەوە بوو لەبەر خۆیەوە ئەلیزا ووتی :

-«کوێر بم وئەوە نەبینم ! کۆرپە نازدارەکەم ! خۆ تۆشیان فرۆشت بەلأم دایکت فریات دەکەوێ :

پارچە پەڕەیەکی هەڵگرتو نامەیەکی کورتی بۆ خاتووشلبی نووسی و تیایدا سوپاس و ڕێزی خۆی پیشاندا بەرانبەر بە میهرەبانیو چاکیئەوو داوای لیکرد لە هەلآتنی ببورێ چونکە ناچارە ئەوە بکا لەبەر کوڕەکەی ..

منالەکەی لەخەو هەستاندو ئەویش هەستیکرد شتێك بووە . بەدەم جل گۆڕینەوە پێیدەووت دەبێ زۆر لەسەرخۆ و بێدەنگ بێو تەقە تەق نەکا وپێی ووت :

-«پیاوێکی نالەبار دێتو لەمنت دەستێنێو دەتباتە جێگایەکی دوورو تاریکستانێکی ترسناك . بەلأم دایە نایەوێ هنری بداتە دەستی ! ! ئێستا پێکەوە دەڕۆینو لەو پیاوخراپە چەپەڵە رزگار دەبین ! » .

کە لە گۆڕینی بۆوە نووساندی بەسنگییەوەو هاتەدەرێ کە گەیشتە کوخەکەی مام تۆم بە هێواشی لەدەرگاکەیدا هێندەی نەبرد کلۆ دەرگاکەی کردەوەو لەبەر ڕۆشنایی مۆمەکەدا شپرزەییو شڵەژاوی ئەلیزای بەدی کرد .

-«ئەوە چییە . . ئەلیزا ؟»

-«هەلأتم . . خۆمو کوڕەکەم ڕادەکەین چونکە ئاغام فرۆشتویەتی » !

مام تۆمو پورە (کلو) واقیان ورماو دەستیان ڕادەوەشاندو وتیان :

-«هەر فرۆشتی . . فرۆشتی ؟؟

-«بەڵێ ! گوێم لێبوو ئاغام بە ئاغا ژنی دەووت کە هنری کوڕمو تۆش . . تۆم ! هەردووکتانی فرۆشتوە بە کۆیلە فرۆشێکی نارەسەنو سبەینێ دێ دەتان با» تۆم دەستێکی کەوتە ئەملاو ئەوی تری ئەولاو کەوتە گێژاوی خەیاڵەوە بە هێواشی لەسەر کورسییەکەی دانیشت ، دەتـوت شتێکی بۆ دەرکەوتووە . سەری شۆڕ کردو و مات بوو .

پورە کلو نەڕانـدی :

-«چیکردوە تا ئاغا بیفرۆشێ ؟

-«ئاغا ژن ئەم کارەی بەدڵ نەبوو و زۆر تکای لە ئاغا کرد کە نەیکا بەلأم ئەویش پێی ووت کە کەوتۆتە بەر چنگی ئەو درندەیەو ئەگەر ئەمڕۆ قەرزەکەی نەداتەوە سبەینێ دەبێ هەرچی هەیە بیفرۆشێ ، ئەم ولأتەش بەجێ بهێڵێ .

کلۆ ئاوری لە تۆم دایەوەو ووتی :
-«تۆ دەڵێی چی داماو ؟ هەلت بۆ ڕەخساوەو هەستە لەگەڵ ئەلیزا سەری خۆت هەڵگرە ، خۆ تۆ پسوولەی هاتوو چۆ کردنت پیێە . . دەهەستە . . بامنیش کەل و پەلت بۆ ئامادە کەم» !
تۆم زۆر بەکەساسی سەری بڵند کردو ڕوانی یە چوار دەوری و لەسەر خۆ ووتی :
-«نارۆم ! با ئەلیزا بە تەنیا بروا ! ئەو دەبێ سەری خۆی هەڵبگرێ و ڕۆژگار چەسپاندویەتی بەسەریدا ، بەلام خۆ تۆ خۆت گوێت لێبوو دەبێ من بفرۆشرێم ئەگینا هەموو شتێك لەدەست دەچێ خەڵکی و کێڵگەو ماڵ هەمووی هەناسەیەکی هەڵکێشاو دیسانەوە ووتی :
-«ئاغام وا ڕاهاتووە هەمیشە لە شوێنی خۆم بمبینێ و ئەم جارەش هەر وادەبێ و هەرگیز لەژیانمدا پەیمان شکێن نەبووم بە وەفا بووم ! ئەمڕۆش دەست بەوە ناکەم !
واچاکترە خۆم بڕۆم و تیابچم و نەبمە هۆی لەدەست چوونی ماڵ و فرۆشتنی هەمووان . نابێ گلەیی لە ئاغا بکەین . «کلو» . . ئەو دەتان پارێزێ و ئاگای لە تۆش و لەمناڵەکانیش وئەو قوربەسەرانەی تریش دەبێ !» ڕووی کردە سەرجێگەی مناڵەکان و دایە پرمەی گریان ئەلیزا ووتی :
-«ئەم ئێوارەیە مێردەکەم دی . . نیازی هەڵاتنی هەیە چونکە برستی لێبڕاوەو توانای دان بەخۆدا گرتنی نەماوە . کلو گیان بەڵکو بیبینی و پێی بڵێ کە منیش بەهەموو تواناییەکمەوە هەوڵ ئەدەم بگەینە کەنەدا . . خۆ ئەگەر لەناوچەوانماندا نووسراوبوو بەیەك نەگەین . . با بەپاکی بمێنێ تا لە ئاسماندا بەیەك دەگەین . . خۆشەویستی پێ گەیینە . . ئەوەی ووت و لە تاریکایەکەدا وون بوو .

٥- ئاشکرا بوون

سەر لەبەیانی ڕۆژی دوایی خاتوو شلبی چەند جارێك لە زەنگەکەی دا تا ئەلیزا بێ بە دەنگی یەوە . . بەڵام بێ هودە بوو ، ئینجا منالێکی نارد بەدوایا بگەڕێت ، هێندەی نەبرد منالەکە بە پەشۆکاوی گەڕایەوە ، چونکە ئەلیزا ماڵەکەی بەجێ هێشتبوو . .

شلبی ووتی :

-«دەبێ هەستی کردبێ شتێك هەیە بۆیە هەڵهاتووە» .

خاتوو شلبی لە ژێر لێوەوە ووتی :

ئەوچاتر ، سوپاس بۆ خوا .

نزیکەی چارەکە سەعاتێك بوو بە دەنگە دەنگ و هەراو هوریا و هەموو دەگەڕان بە دوایی ئەلیزادا ، بەڵام یەك کەس هەبوو کە دەیزانی و بێدەنگیش بوو ئەویش پورە «کلۆ» بوو کە ماتەمینی و خەم و پەژارە برستی لێ بڕیبوو و شپرزەی کرد بوو .

دوانزە قوللە رەش وەك قەلەرەش ڕیز بوون تا پێشوازی لە . . ئاغای دەرکەوتووبکەن و دەنگ وباسەکەی بدەنی .

«هێلی» ئاغا گەیشت و هەمووی بەجارێ دەنگ وباسەکە یان دایە ، کەوتە نەڕاندن و جنێودان و هەڕەشەکردن ، ڕووی کردە ژوورەکەی شلبی تا ناو ەڕاستی نەوەستایەوە ووتی :

«ها . . شلبی . . زۆر سەیرە . . ژن و منالەکە ڕایان کردوە ! ! بەڕاستی وام زانی پیاوانە مامەڵەم لەگەڵ دەکەی !»

شلبی بەم قسانە گرژ بوو ووتی :

-«ئەوە تۆ ئەڵێی چی ؟ ئەوی لە پیاوەتی من گومانی هەیە و دوودڵە ، یەك وەڵامی هەیە !»

«هێلی» کە گوێی لەمە بوو هەندێ فش بۆوەو دەنگی نزم کردو ووتی :

-«بەهەر حاڵ زۆر ستەمە لە مامەلەیەکی ئاواچەوردا پیاوبخەڵەتێ»

-«لەبەر ئەوە نەبوایە کە دەزانم دڵشکست و ماف خوراوی . . دەمزانی چۆنم وەڵام ئەدایــەوە و چۆن بەرپەرچی ئەم هەڵەشەیی و نەڕەنەڕەم ئەدایەوە .

هەتا ئێستا پیاو نەبووە من بەسەرڕاست نەزانێ و دوو دڵ بێ لەگفتم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا یاریدەت ئەدەم بۆ دۆزینەوەیان برۆ ئەوە ئەسپ و پیاوەکانم بۆ دۆزینەوەیان بەرەو ئینجا تۆزێك بە نەرمتر پێی وت :

-«بەڵام چاکترین شت ئەوەیە ڕووگرژ نەکەیت و پێکەوە بەرچایی بخۆین پاش ئەوە خوا گەورەیە تەگبیرێکی لێ دەکەین .

خۆ ئەگەر ئەو ڕۆژە وەزارەتێك بروخایە لەو بروایەدا بە کە هەر ئەوەندی فرۆشتنی تۆم باس دەکراو ئاژاوەی دەخۆڵقاند. هەڵهاتنی ئەلیزاش هێندەی ترقورەکەی خەست کردەوەو یەکەم جار بوو شلبی کارەساتی وای بەسەر بێ ..

یەکێ لەکۆیلەکان هاوڕێکەی بانگ کردو پێی وت :

Scanned with CamScanner

«ئادەی ، سام ! ، ئاغا فەرمووی دوو ئەسپ زین بکەین و ئامادەی بکەین بۆ هێلی تا بگاتە ئەلیزا و کورەکەی !
-«ئای چۆنیان راپێچ دەکەمەوە !
-«کورە دەبێ باش بزانی کە خاتوون نایەوێ بدۆزرێنەوە ، چونکە کە پێم راگەیان رایان کردووە لەبەر خۆیەوە دەیوت ئەوچاتر سوپاس بۆ خوا . .
سامۆئیل گەرایەوەو جوتێ ئەسپی زین کراوی لەگەڵ خۆی هێناو کە ئەسپەکە هێلی بینی حیلانی و چووبە ئاسماندا خەریك بوو پەتەکەی بپسێنێ سەمۆئیلیش بەبیانووی ئەوەی هێدی بکاتەوە لێ ی نزیك بۆوەو هەندێ دەستی هێنا بەسەرو ملی یاو پاشان تۆپەڵێ درکی لەو ناوە هەڵگرت و بە دزیەوە خستی یە ژێر زینەکەی ، ئیتر هەر قورسایی یەك بکەوتبایە سەر زینەکە درکەکە هەڵئەچەقی بە پشتی ئەسپەکەدا و . .
«هێلی» هات و هەر ئەوەندەی خۆش بوو خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکە بەیەك قەڵەمباز چوبە ئاسماناو هەڵی تیزان و ئیرەو ئەوێ هێلی فرێدا . .
سامۆئیل خۆی گەیاندە «هێلی» بەرزی بکاتەوە پاشان رای کرد ئەسپەکە بگرێتەوە . کلاوێکی زبری لەسەردابوو هەر کەنزیك ئەسپەکە بۆوە هەڵی . . سوو لە دەمووچاوی ئەسپەی بەستەزمان ئەوەندی تر هەراسان تر بوو . بۆی دەرپەڕی .
ئنجا جووتە ئەسپەکەی خۆشیان بۆی دەرچوون و کەوتنە دەشت و هەرد ، خۆ هاوارو قیژەی سامۆئیل کە گوایە ئەسپەکان دەگرێتەوە هێندەی تر سەرشێتی کردبوون و پتر تاویان دەدایە خۆیان .
هێلی یش لەم لاوە دەی بۆلاندو جنێوی دەداو هەرەشەی دەکرد . وشلبی ئاغاش لەدەم قاپی یەکەدا فەرمانی . . دەردەکردو ئاغاژنیش بەخۆشیەوە سەیری دەکردن .
دەمەو نیوەڕۆیەکی درەنگ سامۆئێل بەسواری ئەسپێکی خۆیانەوە هاتەوەو ئەسپەکەی هێلیشی بەدوای خۆیدا رادەکێشاو ئارەق لە چوار پەلی دەتکا بە کەش و فشێکەوە وتی :
-«ئەوە ئەسپەکەت من نەبوومایە کەس نەبوو لە دنیا بیگرێتەوە» .
هێلیش بە بۆڵەبۆڵ وتی :
-«ئاخر ئەگەر جەنابیشت نەبوویتایە ئائەمە نەدەبوو . .
ئادەی دوام کەون» .
«سامۆئیل دەستی کرد بەپارانەوەو وتی :
-«لە ڕێ ی خوا گەورەم دیارە دەتەوێ ئەسپەکانیش و ئێمەش بکوژی ؟ ئەوا لە پەلو پۆ کەوتوین ئەگەر بفەرموون پاش نان خواردن بکەوینە ڕێ»
پاش چەندو چوونێکی زۆر هێلی مایەوە .

٦ – بەپەرۆشیی دایك

لەوانەیە هەتا ئێستا هیچ کەسێك نەبێ وەك ئەلیزا هەستی بە دەربەدەریو زەبوونی کردبێ ، کاتێ کوخەکەی مام (تۆم)ی بەجێ هێشت . بەلاَم سۆزی دایکێتیی زۆر بەتین ترو کلپەدارتر بوو ، بۆیە کە مناڵەکەی لەباوەش گرتبوو و ڕایدەکرد دەنسوت بایەو دەشتو کێو دەبڕێ .

لەگەڵ گزنگی خۆری ڕۆژی داهاتوودا لە سەر ڕێی گشتی کە چەند قۆناغێك لە کێڵگەکەی خۆیەوە دوورکەوتبۆوە ، دی کە ئەسپ سوارو خەڵکی بەوێدا تێ دەپەڕن . ،

لە دڵی خۆیدا ووتی : ئاوا بمبینن یەکسەر دەڵێن شتێك هەیە ، وا شپرزەیەو تێك چووە ! !

دەست بەجێ مناڵەکەی داناو دەستێکی خێرای بەخۆیدا هێناو سەرو پۆتەلاکی نەختێك ڕێك و پێك خست ئینجا دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن . .

هێندەی پێ نەچوو گەیشتە دارستانێکی هەڵپاچراو کە جۆگەیەك ئاوی روون بە ناویا تێ دەپەڕی ، لەسەر جۆگەکە دانیشتو هەندێ خواردنی دەرخواردی مناڵەکەیداو دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن . کە چەند میلێك دوور کەوتەوە لەو شوێنانەی دەیناسین دڵنیابوو کە ئیتر ڕزگاریبووەو بەتایبەتی خۆشی سپی پێستو جوانکیلە بوو یەکێکی زۆر شارەزا نەبووایە هەر نەیدەزانی کە ڕەگەزی ڕەشەو کوڕەکەشی هەر وەك خۆی .

پێش خۆر ئاوابوون گەیشتە دێی «ت» لە سەر ئاوی «ئوهایۆ» بەلاَم هەتا بڵێی هیلاكو ماندوو هەناسەلێ براوبوو ، بەلاَم یەکەم شت کە چاوی تێبڕیو سەرنجی ڕاکێشا ئەو بەری ئاوەکە بوو کە نزرگای ئاشتیو سەربەستی بوو . .

کات کۆتایی بەهارەو ئاو هەستاوەو هاژەهاژی ئاوەکە ڕۆژە ڕێیەك دەڕواتو لەگەڵ خۆشیدا تاشە بەفری کوێستانی بەرەوخوار دەهێنا .

لەبەر ئەوەی کەناری ئاوەکە لەبەری کەنتاکییەوە هەندێك دەرپەڕیوو قۆقز بوو بەری ئاوەکەی گرتبوو و کلۆبەفر لەوێدا کۆبووبوەوەو سەری ئاوەکەیدا پۆشیبو ڕێگەی پەڕینەوەی تا ڕادەیەك گرتبوو .

ئەلیزا بە ماتی سەیری ئەم دیمەنەی دەکردو لە دڵی خۆیدا دەیووت : «هەبێو نەبێ کەڵەکەکە نەماوەو لەکار کەوتوە،خۆی کوتایە خانێکی نزیكو لەوێ پێیان ووت کە سبەی شەو یەکێك دەپەڕێتەوەو هەندێ ماڵی پێیە دەیباتە ئەو بەر . .

خاوەن خانەکە (خانچییەکە) ئەلیزاو کوڕەکەی بردە ژوورێك تالەوێ بحەوێنەوە .

با لێرەدا واز لەمان بهێنین و بزانین ئەوانەی بەدویان کەوتون گەیشتونەتە کوێ ؟ هەرچی لە ماڵەکەدا بوو هەستی بەوە دەکرد کە خاتوو شلبی گوێی نەئەدایە ئەم دواکەوتنە بۆیە هەندێ

شت ڕووی‌دا که چەند کاتژمێرێکی تر نان خواردنی دواخست ، ئەمیان قاپەشلەی دەرشت‌و ئەویان سوراحی‌یە ئاوی قلّپ دەکردەوە و دەبوایە بچوونایەوە بۆ سەرکانی‌سەر لە نوێ ئاوی تریان بهێنایە . ئەم کارەکەر ڕۆنەکەی دەرشت‌و ئەوی تر گۆشتەکەی دەسووتاند .
بێ‌گومان هێلی لەم کارانە زۆر دڵتەنگ بوو شلبی ناردی بە دوای تۆم داو پیێ‌ی ووت :
- «تۆم ، دەبێ بزانی کە دە هەزار دۆلاری ئەم پیاوەم لایەو ئەگەر لەو شوێنە نەبی کە بۆت دیاری دەکا دەبێ پارەکەی بۆ پەیدا بکەم .
ئەمرۆش هەر لێرەی بۆ کوێ دەتەوێ بڕۆی ، بڕۆ دیدەنی بکە»
تۆم وتی :
-«خوا بەر خوردارت کا گەورەم ، زۆر سوپاس»
هێلی لەو لاوە هەڵی دایەو ووتی :
-«لەبیرت نەچێ ! ناپاك بی لەگەڵ ئاغات ، پارەی خۆمی بەتەواوی لێ دەسێنم»
تۆم ڕووی کردە شلبی ووتی :
«گەورەم ! بۆ یەکەم جار کە خاتوونی گەورە تۆی خستە کۆشمەوە تۆ یەك ساڵ‌و منیش هەشت ساڵان بووم جا تو خوا تا ئێستا لە ژیانم‌دا ناپاکیت لەمن دیوە ؟
چاوەکانی شلبی پڕ فرمێسك بوون و ووتی :
«خوا دەزانێ چیت‌ووت وایە . . خۆ نەگەردەستەڵاتم هەبووایە بە زێڕی دونیام نەئەدای»
خاتوو شلبی‌یش ووتی :
-«کەی توانیمان ، پەیمان بێ دەتکڕینەوە» هێلی لەبیرت نەچێ بەکێت فرۆشت خێرا پێمان بڵێ‌و ئاگادارمان بکە»
هێلی دوو کۆیلەکەی (سامۆئیل‌و ئەندرێ) ی دایە پێش خۆی‌و بەرێ کەوت بەڵام سامۆئیل توانی هەندێکی تریشیان.دواخات ئەویش بەوەی کە ڕێگەکەی لێ چەواشە کردن‌و تا ڕێگا ڕاستەکەیان دۆزی‌یەوە زۆریان پێ‌چوو .
بەم شێوەیە ئەلیزا هەلێکی چاکی بۆ ڕوخسا تیا بحەوێتەوە .
کاتێ هێلی‌و دوو قولەکەی لەگەڵی بوو گەیشتنە ئەو خانەی ئەلیزای تیا بوو سێ چارەکە سەعاتێك دەبوو منالەکەی خەوی لێ کەوتبوو خۆشی پشوویەکی باشی دابوو .
ئەلیزا لەبەر پەنجەرەکەدا وەستابوو کە سامۆئیل بەدی کرد ، بۆیە ئەم نەیزانی چی بکا لەتاوا کلاوەکەی دا بەدەم باوەو هاوارێکی وای کرد کە ئەلیزا گوێی لێ‌بێ‌و بەدی بکا .
ئەلیزا پەنجەرەکەی بەرداو سێ زەلامەکە خۆیان کرد بە خانەکەدا .
ئەلیزا هەر ئەوەندەی پی‌کرا پەلاماری منالەکەی داو بەیەك چاو تروکاندن لە پەنجەرەی سەر

دیوی رووبارەکە هاتە خواریّو هێلی چاوی پیّکەوت ئەوا دەبینیّ بەرەو ڕووبارەکە دەکشیّ .

هێلی لەئەسپەکەی دابەزیوو هاواری کردە ساموئیل‌و ئەندریّو .چۆن تانجی دوای کەروێشك دەکەویّ ئاوا دوای ئەلیزا کەوتن . . ئەلیزا تەنگاو بوو ، دووسیّیەك بەدوایا ڕادەکەن‌و ها ئێستا یا تاوێکی تر دەیگرن‌و بەردەمیشی ڕووبارەکەیە .

ناچار لەتاو خۆی‌و کورەکەی تینی دایە بەر خۆی‌و خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە ولە سەر تاشە سەهۆلێکی گەورە گیرسایەوە قەڵەمبازێکی زۆر سەیر بوو ، یا بڵێین زۆر شێتانە بوو ، هێلی‌و (ساموئیل و ئەندریّ) دەستیان کردبە ویرد خوێندن‌و لەخوا پارانەوە .

تاشە سەهۆلیّ شکاو ژێر پیّی ئەلیزا نقووم بوو ، ئەمیش دەی‌قیژاندو لەم تاشە سەهۆڵەوە بۆ ئەوی تر بازی دەداو تاکیّ پێڵاوی کەوت‌و قاچی زامدار بوو خوێن فیچقەی کرد بەلاّم نەکەوت‌و وەك بزن بازی دەداو هەڵدە چوو . تا گەیشتە ئەو بەر ، پیاوێکی دی دەستی بۆ درێژدەکاو ڕای دەکێشیّو دەلیّ :

«هەر کەسێکی ،هەی ئافەرین بۆ خۆت‌و ئازایەتیت!»دەست بەجیّ ئەلیزا دەم‌و چاوی جووتیارەکەی ناسیەوەوهاواری‌کرد :

«سیمر گیان . . فریام کەوە . . بمشارەوە !»

-«چی ؟ ئەی تۆ کۆیلەی شلبی ئاغا نیت ؟»

-«بەلیّ . . بەلاّم کورەکەم . . سیمرئاغا . . کورەکەمیان فرۆشتوەو ئەها لەو بەرەوە ئاغاکەی وەستاوە . . سیمر ئاغا خۆ تۆیش‌منالّت هەیەو دەزانی ؟

-«بەلیّ . . منالّم هەیە . . تۆ ئافرەتێکی ئازاو لیّ هاتووی‌و منیش ئەوەم خۆش دەویّ»

کە سەرکەوتنە سەر گردەکە کابرا پیّی ووت :

-«من جێم نی‌یە حەشارت بدەم بەلاّم ڕێت پیشان ئەدەم بچیتە شوێنێکی باش»

دەستی بۆ ماڵێکی قەشەنگی قەراخ تاکەشەقامی گوندەکە درێژکردو دیسان ووتی :

- «ئەوانە پیاوی چاکن‌و بیّ‌گومان یارمەتیت دەدەن چونکە زۆریان لەم بابەتە دیوە تۆش ئافرەتێکی بەجەرگی و شایانی ئازادیت خۆ ئەگەر بەدەست من بووایە بیّ سیّ‌ودوو دەمدایتیّ !

خوا دەست بە باڵتەوە بگریّ .گەورەم»

ئەمەی ووت‌و بەرە بەرە لیّی جیا بۆوە و کابرای جووتیاریش تیّ دەڕوانی .

لەو بەریشەوە هێلی کۆستی کەوتبوو کە ئەلیزا لە چاوی وون بوو ڕووی کردە دوو قوڵلەکەی تەنیشتی‌و ووتی :

«هەبیّ‌و نەبیّ جنۆکە بوو !»

Scanned with CamScanner

٧ – مرۆڤایەتی ئەندامێکی ئەنجوومەنی پیران . .
ماڵی «بیرد» ئەندامی ئەنجوومەنی پیران ، لە هەموو لایەکی هۆڵە گەورەکەیانەوە گلۆپ بریسك‌وهوڕی دی‌و ژنەکەشی خەریکی ڕێك‌خستنی خوانەکەیە .
بێرد جووتێ سۆلی خوری کرد بەسەر پێ‌وە ، کە ژنەکەی تازە بۆی چنی بوو .
خاتوو بێرد بەدەم ئیش کردنەوە بە مێردەکەی ووت :
–«ئەرێ ، ڕاستە یاسایەکیان داوە بە ئەنجومەنی پیران تامۆری‌کا دەربارەی قەدەغە کردنی خواردەمەنی لەو قوربەسەرە ڕەشانەی کە دێنە ئێرە ؟ ئەنجوومەنێکی ئایینی لەخواترس هەرگیز بەوە ڕازی نابێ !
–«بەڵێ ڕاستەو ئەنجومەنیش بڕیاری لەسەر دا کە ئیتر قەدەغەبێ یاریدەی ئەو کۆیلانە بدرێ لە کنتاکی‌یەوە هەڵدێن، ئەو بێ فەرانە داوای ’مانی کۆیلایەتی دەکەن‌و لەووزەیان دەرکردووە . . تا وایان لە کەنتاکی‌یەکان کردوە مەترسی پەیدابکەن . . بۆیە دەبێ دڵنیایان بکەین‌و . .
–«لەو بڕوایەدا نیم ئەم یاسا نوێ‌یە ڕێ لەوە بگرێ ئەگەر پیاو شەوێك یەکێك لەو کلۆلانە ڕوی‌کردە ماڵەکەی دەری بکا ؟
یان تێری بکاو جلە شڕێکی بداتێ خۆی پێ داپۆشێ وا نی‌یە ؟»
–«واتە یاریدەیان بدرێ ! !
خاتوو بێرد هەستاو لەقین‌دا سوور هەڵگەڕابوو بەرەو مێردەکەی ڕۆی‌و پێ‌ی ووت :
–«ئەی تۆ ، ڕازی بووی بەم یاسایە ؟»
–«ئەرێ وەڵلا ! ڕازی بووم ! من دەڵێم . . قسەکەی پێ بڕی‌و ووتی :
–«جا تو خوا چۆن شەرم ناکەیت ؟ ئەو دەربەدەرو لی‌قەوماوانە کە بێ دەرەتان‌و بێ جێ‌و ڕێن ڕووبکەنە کوێ ؟ من یەکەم کەس دەبم سەرپێچی ئەم بڕیارە دەکەم ئەگەر هەلم بۆ بڕەخسێ‌و هیواداریشم زۆر چاوەڕێ نەکەم ! » -
ئیتر بگرە و بەردەو چەن‌و چوون لە نێوانیان دا درێژەی کێشاو ، بێردیش چونکە میهرەبان‌و دڵ‌نەرم بوو قسەی ژنەکەی کاری تی‌کردو پتر لەوەش هەر خۆی پەشیمان بۆوە لەو کارەی کردبووی ، زوو زوو دەسڕەکەی دەردەهێناو چاویلکەکەی دەسڕیەوە .

Scanned with CamScanner

«کۆجکس» خۆی کرد بە ژووردا . پیرە ڕەشێکی خزمەتکاری‌بوو و داوای لە خاتوون کرد دوای کەویێ بۆ چێشتخانە . لەگەڵی ڕۆیشت‌و هێندەی پێ نەچوو مێردەکەی بانگ‌کردو کە ئەمیش گەیشتە ئەوی واق ورما ، ئافرەتێکی لاواز و جلی دراوی پێ‌خاوسی پێ‌هەڵقلیشاو لەسەر دوو کورسی درێژ کراوەو لە هۆش خۆی چووەو لەسەرما گرمۆڵە بووە ، ئالێرەدا بەچاکی دەزانرا چۆن ئەو ڕەگەزە زەبوونە . . دەچەوسێتەوەو دەرەتێننەوە . دایکە «دنیا» خەریکی ئافرەتەکە بوو دەی‌هێنایەوە لەسەر خۆو قاچەکانی گەرم دەکردەوە لەو لاشەوە (بێرد) ژنەکەی‌و خزمەتکارەکە یان بە پەشوکاوی و دڵتەنگی یەوە سەیریان دەکرد .

خاتوو بێرد کە دی ئافرەتەکە خەریکە هۆشی‌دێتەوەو بەچوار دەوری خۆی‌دا چاو دەگێڕێ ووتی :

-«ئای داماوی هەناسە سارد !»

ئەلیزا قیژاندی :

-«هنری . . ڕۆڵە هنری . . بردیان ؟ !»

کە مناڵەکە گوێی لە دەنگی دایکی بوو بەرەو ڕووی هات ، ئەلیزاش سەیری خاتوو بێردی کردو ووتی :

-«بەزەییت پیا بێتەوە . . توخوا خانم گیان مەهێڵە کەس بیبا»

-«مەترسە ، کلۆڵی داماو ! کەس ناتوانی پەنجەی بۆ بەرێ ، لێرە دوورن لە هەموو مەترسی‌یەك ..

-«دەی خوا چاکت بۆ بکاو پاداشتت بداتەوە »

ئەلیزا ئەمەی ووت‌و دایە پرمەی گریان‌و خاتوو بێرد هێندی دڵنەوایی کردو هێدی کردەوەو جێگایەکی لە تەنیشت ئاگرەکەوە بۆ ڕاخست . ئەویش کورەکەی لە باوەش گرت‌و پاڵ کەوت . و لەنووکەوە چی بەسەر هاتبوو هەمووی بۆ گێڕانەوە،بێرد لێی پرسی :

«باشە بۆ هەڵاتی مادام ئاوا لەماڵی «شلبی» لە نازو نیعمەت‌دا بووی» .

ئەلیزا چاوی بڕیە خاتوو بێرد کە دی جلی‌ڕەشی پۆشبوە لێی پرسی :

-«خانم قەت جەرگت براوە ؟ و ڕۆڵەت لەبەر هەڵگیراوە ؟

بێرد بەم قسەیە قرچە لە دڵی‌یەوە هات‌و خاتوو بێردش دایە پرمەی گریان‌و ووتی :

-«بەڵێ . . داخی گرانم . . هێندە نابێ کوڕێکم مردوە»

-«کەواتە دەزانی چۆن دەروونم دەسووتێ‌و ئاگر لە هەناو بەربووە ، جووتێ کوڕم مردوەو ئەم تاکە کۆرپەیەم ماوە ئەویشیان فرۆشت بە بازرگانێکی خەڵکی باشوور . منیش ناچار هەڵم‌گرت‌و سەری خۆم هەڵگرت ، ئەوانیش دوام کەوتن‌و خەریك بوو لەو بەر ڕووبارەکەوە بم گرن ، بۆیە هەتا گورم تیا بوو بازم‌داوە بەسەر تاشە سەهۆڵەکاندا بەقەڵەمباز

پەڕیمەوە . . ئیتر چۆن پەڕیمەوە نازانم ! هێندە دەزانم کە گەیشتمە کەناری ئەمبەر پیاوێك دەستی گرتم و سەری خستم .
بێرد لێی پرسی :
-«ئەی مێردەکەت ماوە ؟»
-«بەڵێ . . بەڵام لەماڵی ئاغایەکی دڵڕەق و دڕەندەیەکی ترە وهەڕەشەی لێ دەکرد کە دەی فرۆشێ بە خەڵکی باشوور ، ئیتر لەوانەیە نەیبینمەوە .
خاتوو بێردیش بە سۆزەوە لێی پرسی :
-«ئەی تۆ نیازت هەیە بۆ کوێ بچی کچم ؟
-«ئەگەر ڕێگەکە پێ بزانم ، خۆم دەگەینمە «کەندا» ئینجا ووتی :
«زۆر دوورە لێرەوە ؟»
-«زۆر زۆر . . بەڵام بزانین تەگبیرێکت بۆ دەکەین تۆ بنوو خوا گەورەیە »
بێردو ژنەکەی هاتنەوە هۆڵەکە ، بێرد زۆر نیگەران و بێ تاقەت بوو ، بە ژنەکەی ووت :
- لەوانەیە دەمەو بەیان بازرگانەکە بگاتە ئێرەو لەماڵی ئێمە بیان دۆزێتەوەو تووشی گێرمەو کێشە ببین نەك هەر ئەوەش بەڵکو دەبێ بە لەکەیەك بەسەرمانەوە بە تایبەتی پاش ئەوەی کە ئەنجوومەنی پیرانیش ئەو بڕیارەی دا سەبارەت بەکۆیلەکان . من پیاوێکی جووتیار دەناسم ماڵیان چەند فرسەخێك لێرەوە دوورە ناوی (جۆن ڤان ترومپە) ئەو دەتوانێ ئەم ئافرەتە چارەبکاو بەرێی بکا . وەختی خۆی ژمارەیەکی زۆر کۆیلەی هەبوو هەمووی ئازاد کردو کێڵگەیەکیشی بۆ کڕین تیا ئیش بکەن بەرهەمەکەشی بۆ خۆیان بێ.خاتوو بێرد چووە ژوورەکەی خۆی و چی جل و بەرگی ی منالە مردووەکەی هەیە بەدەم گریانەوە بۆی کۆکردەوەو کردیە بوخچەیەکەوە .ئینجا دانیشت کراسێکی خۆشی بۆ درێژکردەوە تا لەگەڵ ئەوانی ترا هەمووی بدات بە ئەلیزا .
لە نیوە شەودا بێرد،ئەلیزاو کوڕەکەی خستە عەرەبانەکەی خۆیەوە ، فڕاندنی ولەوڕێیە بەهۆی لێزمەی باران وقوڕو چلپاوەوەتووشی دەردی سەرییەکی زۆر بوون تاگەیشتنە کێڵگەی «جۆن ڤان ترومپ» لەوێ ئەلیزاو کوڕەکەیان پێ سپارد تا بۆ کوێی دەوێ ڕەوانەیان بکا . .

٨ – سپاردنی ماڵە فرۆشراوەکە

بەرەبەیانێکی مانگی شوبات ، کوخەکەی مام تۆم بەتیشکێکی بێتین ڕوناك بوو بوەوە . هەموو ڕوخسارەکان ڕەنگی ماتیو چەرگ بڕاویان دەدایەوە پورە «کلو» کراسێکی (تۆم)ی لەئوتوو دەداو فرمێسك لە چاوانی دەباری . .

تۆم کتێبی پیرۆزی لەسەر کۆش دانابوو . . دەی خوێندنەوە پاش چەند ساتێك هەستاو لە جێگای مناڵەکانی نزیك بووەوەکە هێشتا لەخەو هەڵنەستابوونو تاوێك بەقووڵی چاوی تێبڕین ئەوسا لەبەر خۆیەوە وتی :

-«ئەمە بۆ دوا جارە ! !»

کلوش ووتی :

«ئەزانم ، ئەبێ دان بە خۆما بگرم . . بەڵام چۆن دەتوانم ئارام بگرم . . خاتوون ووتی لەماوەی ساڵێ یا دوو ساڵی داهاتوودا دەتکڕێتەوە . . بەڵام بەخوا هەرچی چوو بەرەو باشوور ناگەڕێتەوە . . دەیکوژن»

-«خۆم بەخوا دەسپێرم . . چی لەچارە نووسراوێ هەر ئەوە دەبێ . . دەبوایە من بفرۆشرێم وئێوە بمێننەوە ئەوەش بەسە بۆئەوەی سوپاسی خوا بکەم چونکە ئێوە لە جێگەیەکی بێ ترس دانو بۆ منیش خوا خۆی گەورەیەو دەمپارێزێ» . !

تۆم دانی بەخۆیدا گرتبوو وبەلام لەناخەوە دەکوڵاهەرچەند دەری نەدەخست تا ئەوانی دەورو پشتی خەفەت نەخۆن . کۆیلە تەنها لە شتێك دەترسا ئەویش فرۆشتنێتی بە ئاغاکانی باشوور ، بۆیە ئەگەر هەموو ڕۆژێك دارکاریو فەلاقە بکرایە گەلێك لای خۆشتربوو لە باشوور . دوو مناڵەکەی لەخەو هەستابوونو جارێك سەیری دایکیان دەکردو جارێك باوکیان ، کچە بچکۆلەکەشیان دەگریاو ناو ، ناو ژیر دەبووەوە .

کلو هەستاو ووتی :

-«کەلو پەلەکەت بۆ ئامادە دەکەم !»

لەم کاتەدا خاتوو شلبی خۆلی کرد بە ژووردا ووتی :

-«تۆم . . هاتووم بۆ لات تا . .»

قسەکەی بۆ تەواو نەکراو دایە پرمەی گریان ئەوانی تریش لەگەڵیا کردیان بە شیوەن . خاتوون فرمێسکی سڕیەوەو ووتی :

Scanned with CamScanner

-«ئێستا ناتوانم بەکەڵکت بێم . . ئەگەر پارەت بدەمێ ، دەزانم لەرێ لێت دەستێنن و رووتت دەکەنەوە ، بەلاَم پەیمان بێ هەمیشە ئاگاداری دەنگوباستبم وهەر لە توانامدا بوو بتگێرمەوە !» .

منالەکان هەواڵی گەیشتنی «هێلی»یان گەیاند ، «هێلی» بەشەق دەرگاکەی کردەوە و بە تورەیەوە لەناو دەرگاکەدا وەستا ووتی :

-«وەرە دەی قولله رەش . . ئامادەیت ؟؟»

کە هێلی خاتوو شلبی بینی شەبقەکەی بۆ بەرز کردەوە ووتی :

-«لە خزمەتتام خانم ! »

تۆم بە هێواشی هەستاو جانتا قورسەکەی خستە سەر شانی و دوای ئاغا نوێکەی کەوت . «کلو» کیژە بچکۆلەکەی هەڵگرت و تا دەم عەرەبانەکە لەگەڵی چوو ، دوو کورپەکەشی بە قووره قوور بە دوایانا دەهاتن . هەموو کویلەکان بە گەورەو بچوکەوە دەوری عەرەبانەکەیان دا تا ماڵ ئاوایی برا گەورەکەیان بکەن کە رۆیشت دڵی هەمووانی تەزان و جەرگی برین .

تۆم سەرکەوت وهێلی یش لەژێر کورسی یەکە ، پێوەندێکی ئاسنی دەرهێناو کردیە پێی تۆم . دەنگە دەنگ و بۆڵە بۆڵ پەیدا بوو ، خاتوو شلبی هاواری کرد :

-«هێلی ئاغا هەرگیز پێویست بەوە ناکا !»

-«کێ دەڵێ وایە خانم ! دوێنێ ئالێرەدا کۆیلەیەکم لە دەست چوو ! پێنج سەد دۆلارم پێ دا بوو ، نامەوێ جارێکی تر ئەوە دووبارە بێتەوە» .

تۆم ووتی :

«زۆر بەداخەوەم کە جۆرجم نەدی ! تکام وایە سلاَوی گەرمی پێ بگەیەنی»

جۆرج چوو بوو بۆ سەردانی هاورێیەکی و نەی دەزانی چی بەسەر تۆم دێ .

شلبی ئاغاش ئەو رۆژە لەو ناوە دوور کەوتبۆوە تا ئەو دیمەنە ناخۆشە نەبینێ .

هێلی ئەسپەکانی بەر قامچی داو عەرەبانە بۆی دەرچوو ، تۆم بۆ دواجار چاوی دەگێرا بە ماڵ و منالی داو یەك لەدوای یەك لەپێش چاوی وون دەبوون .

هێشتا فرسەخێکیان نەبریبوو هێلی لەبەر دەم دوکانی ئاسنگەرێکدا وەستا تا جووتێ پێوەندی تری چاك بکاتەوە .

لەو کاتەدا تۆم گوێی لە دەنگی پێی ئەسپ بوو هێندەی پێ نەچوو جۆرج - ئاغای بچکۆلەی - لەبەر دەمیا بوو باوەشی پیا کردو ووتی :

-«ئای لەو ئابرووە ! خۆزگە گەورە دەبووم بزانە قەت دەم هێشت ئا ئەوە روو بدات» .

-«ئای : جۆرجی بەرێزم . . بەهاتنت باری غەمت سووك کردم چونکە زۆرم پێ ناخۆش بوو کە هاتم و نەم بینیت» .

تۆم تۆزێك قاچی جولاَندو پێوەندەکانی دەرکەوت ، جۆرج بەدی کردو هاواری برد بەرەو ئاسمان ووتی :

-«ئەی لەو ناپیاوە ! دەبێ من ئەو گەماڵە پیرە بکوژم»

-«لە رێ‌خوا دەنگت بەرز مەکەرەوە . . تۆبەم قسانە ئەوەندەی تر لێم‌هار ئەکەی‌و پاشان ئەکەوێتە گیانی من»

-«بڵێم چی . . دەبێ لەبەر خاتری تۆ . . پیش بخۆمەوەو بێ دەنگ‌بم»

ئنجا بەهێواشی پی‌ی ووت :

-«ئەم دۆلارە زیوی‌یە لەگەڵ خۆت بەرە پورە «کلو» پی‌ی ووتوم کونی کەو دەزوویەکی تێ هەڵکێشە . . ها تۆ لە ملی کەو لەژێر جلەکانتەوە بیشارەوە تا ئەو زۆڵە لێت نەستێنێ» . کە کردی بەملیا پی‌ی ووتەوە :

-«پارێزگاری بکەو هەر کە سەیرت کرد بیرت بکەوێتەوە کە رۆژێك دێ بتهێنمەوە . . بەڵێ دەتهێنمەوە»

هێلی لە دوکانی ئاسنگەرەکە هاتە دەری‌و پێوەندەکانی بەدەستەوە بوو .

جۆرج روی تی‌کردو بە تورەبی‌یەوە ووتی :

-«کابرا . . چاك بزانە کە بە باوك ودایکم دەڵێم چۆن‌رەفتار لەگەڵ تۆم دەکەی !»

هێلی بە گاڵتە پی‌کردنەوە ووتی :

-«بەیانیت باش !»

-«وام دەزانی شەرمەزاردەبی ئەگەر بازرگانی بە ژن‌وپیاوەوە بکەی‌و وەك ئاژەڵ بەزنجیر بیان بەستیتەوە . . ئای کە پیشەیەکی پیس‌و چەپەڵە !» .

-«جا خۆ باوکە پایە بەرزەکەت دەیان کرێت !

ئیتر من بۆ نەیان فرۆشم ، کرین وفرۆشتن هەردووکیان یەکن»

-«ئەگەر گەورە دەبم . . هیچیان ناکەم . . خوات لەگەڵ مامە تۆم . . بەجەرگ بە !»

تۆم بە کزی‌یەکەوە وەڵامی دایەوە :

-«خوات لەگەڵ . . جۆرجی بەرێزم . . خوا بتپارێزێت» هێلی تی‌ی تەقاند بەرەو واشنتۆن ، لەرێ بەتۆمی دەوت :

-«ئێمە دەچین بۆ واشنتۆن . . لەوێ دەبێ‌بتخەمە بەندیخانە تا ئیش‌وکارم تەواو دەکەم !»

هەر هەمان شەویش قسەکەی هاتە دی‌و یەکێکیان لە بەندیخانەو ئەوی تریان لە ئوتێلێك نوست . .

Scanned with CamScanner

٩ میوانخانە . .

دەمەو ئێوارەیەو هەور بەری خۆری گرتوە ، یەکێك خۆی کرد بە میوانخانەیەکی

کەنتاکیدا . . .

هۆڵی میوانخانەکە جمەی دەهات ، خزمەت کارەکانیش دەهاتن و دەچوون و خزمەتیان دەکرد ، ئەوی خۆی کردبوو بەژووردا کورتە بالأیەکی جلوبەرگ پۆشتەو پەرداخ بوو بە رووخساریدا دیار بوو پیاو چاك وراستگۆ بوو . بێ ئەوەی چەترەکە دانێ خۆی گەیاندە ئاگردانەکەو لە نزیکی‌یەوە دانیشت . کە بینی ئەوا خەڵکی لە ئاگاداری‌یەك کۆبونەتەوە بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە لێ‌ی پرسین دەرباره‌ی چی‌یە؟ پی‌یان ووت پەیوەندی بە کوێلەیەکی راکردووەوە هەیە ئەمیش – کەناوی ویلسن بوو – چووە پێشەوەو خوێندیەوە :

«کۆیلەیەکی دوورەگ لەماڵی هاریس ئاغا رای کردوە : درێژی شەش پێ ، سپی رەنگ و قژی رەش و لوول – بلیمەت – زمان پاراو – دەخوێنێتەوەودەنووسێ – ئەڵێ‌ی سپی رەگەزە پشت و ناو شانی شوێن چەقۆی پێوە دیارە – دەستی راستی پیتی – H – ی لەسەر کوتراوە – چوار سەد دولاڕ خەڵاتی ئەو کەسەیە بە زیندوویی یا بەمردوویی دەی گرێتەوە» .

یەکێك لەوانەی لەوێ وەستابوو وتی : ئەم ئاگاداریانە لەکەیەکی رەشە بە ناوچەوانی ناوچەی کەنتاکی‌یەوە ، ویلسنیش قسەکەی پەسند کرد ووتی : بەخوا باوکم وایە لەو کاتەدا عەرەبانەیەك لەبەر دەمی میوانخانەکەدا وەستاو پیاوێکی پۆشتەو پەرداخی بەهەیبەتی لی‌دابەزی . کابرایەکی بالأبەرزی گەنم رەنگ بوو ، دەتــوت ئیسپانی‌یە ،

بە رێك وپێکی و لەسەر خۆیی سەرنجی هەمووانی راکیشاو چووە لای خاوەن میوانخانەکە ناوی خۆی نووسی : هنری پتلر خەڵکی ئۆکلاند داواشی کرد جێگایەکی تایبەتی و سەربەخۆی بۆ تەرخان بکەن . ئینجا وەرچەرخاو ئاگاداریەکەی خوێندەوە بێ ئەوەی هیچ گوێ‌ی بداتێ

ویلسۆن هەر سەیری دەکردو دەیزانی لە شوێنێك ئەم پتلرەی دیوە بەڵام لەکوێ ، بیری نی‌یە . لێ‌ی‌چووە پێشی‌و یەکسەر پتلر هاتە قسەو دەستی بۆ درێژ کرد :

–«وابزانم جەنابتان ویلسنن ، ببورە کە لەبیری‌وە نەم ناسیتەوە ، هیوادارم تۆش منت لە یادبێ پتلر لە ئۆکلاندەوە !»

–«نەخێر . . نەخێر !»

ویلسۆن ئەمەی ووت‌و دەتوت خەو دەبینێ. منالێکی ڕەش هات‌و بە پتلری گەیاند کە جێگەکەی ئامادەیە، پتلریش تکای لە ویلسۆن کرد کە ئەگەر ماوەی هەبێ دەیەوێ لەگەڵیا بدوێ.

کە بە جووتە چوونە ژوورێ، پتلر دەرگاکەی داخست و ڕووبە ڕووی ویلسۆن وەستا ئەمیش هاواری کرد:

«جۆرج»!

- «بەڵێ جۆرج! وابزانم توانیومە خۆم بگۆڕم وانی‌یە؟»

- «کەواتە ڕات کردوە! ئەزانی تۆیاری‌بە ئاگر ئەکەیت؟ خۆ بکەویتە بەردەستیان کەوڵت دەکەن‌و لەوانەشە ڕەوانەت بکەن بۆ باشوور».

- «چارەنووسی خۆم تاقی دەکەمەوە!».

جۆرج قۆپچەی پاڵتۆکەی ترازاندو دوو دەمانچەو خەنجەرێکی لە کەمەری بەستبوو.. ووتی:

«ئەوەتا سەیرکە! ئامادەم بۆ بەرەنگاری کردنیان!! هەرگیزیش ناچم بۆ باشوور! ئەی گۆایە منیش وەکو ئەوان مرۆڤ نیم؟ دەسەیری دەم‌و چاو دەستو پێم کە.. خۆ باوکم لە ئێوەیە.. خەڵکی کەنتاکی‌یە.. بەڵام بڵێم چی بەرەڵڵای کردم‌و لەگەڵ ولاخ‌و سەگەکانیا فرۆشتوومی.. بە چاوی خۆم دیم دایکم‌و هەر حەوت منالەکەیان هەراج کردو هەر یەکەیانی فرۆشت بە ئاغایەك، دایکیشم چۆکی دایا لە بەردەمی ئاغاکەی من‌دا تا لەگەڵ من ئەویش بکڕێ، بەڵام بە نووکە شەقێك دایکمی فڕێ دایە ئەو لاوە ویلسۆنی بەڕێز من ئەمەم بە چاوی خۆم دیوە! تەنها شتێك کە لە یادم بێ لەوڕوڕداوەشین‌و واوەیلای دایکمە کە دووریان خستمەوە لێ‌ی‌و بەسەر ئەسپێکەوە بەستمیانەوە.

ئاغاکەم خوشکە گەورەکە شمی کری - «ئەمیلی» جوانکیلە - لە سەرەتادا زۆرم پێ‌خۆش بوو ووتم ئیتر لەگەڵم دەبێ، بەڵام هێندەی نەبرد بوو بەمایەی نیگەرانی‌و کڵۆڵیم، وڕۆژێك دیم چوار پەلیان بەستبوو بەکێشیان دەکرد بۆ ئورلیانی نوێ تا بیفرۆشن لەگەڵ کۆمەڵی کۆیلەی تر وئیتر نەم بینیەوە. منیش لە شەق‌و جنێوو برسێتی‌و سەرماو گەرما زیاتر هیچم نەدی وتا ئەو ڕۆژەی هاتمە کارگەکەی تۆ یەك وشەی خۆشم بەرگوێ نەکەوت! تۆ هانت دام ئیش بکەم‌و خۆم فێری خوێندن‌و نووسین بکەم‌و بایەخ بە ڕۆشنبیری بدەم خواش دەزانێ کە چەند ئەو چاکەیەم لەبەر چاوە! هەر لەو کاتەدا بوو ژنەکەم ناسی، ئەو نازدارە پاك‌و فریشتەیە، بەڕاستی ئەو کاتە هەستم بە کامەرانی کرد کە خواستم‌و لەگەڵی دەژیام، بەڵام ئاغاکەم ئەوەندەی پێ نەچوو هات‌و لەتاو چاوپیسی‌و چاو چنۆکی خۆی لای تۆ بردمی‌یەوەو ئەوەشمی نەوەستا بەڵکو دەیویست واز لەژنەکەم بێنم و یەکێکی تر بخوازم.. ئەم هەموو

زۆرداری‌یە بە پێ‌ی یاسای سپی‌یەکانت ڕەوایە لەم ولاّتەدا ! ! »
جۆرج ئەمەی دەووت‌و لە ژوورەکەدا دەهات‌و دەچوو ، ویلسۆن زۆر نیگەران‌و دلّتەنگ بوو بەو سەر گوزشتەیە ، دەسرەکەی دەرهێناو چاوەکانی وشك کردەوە ووتی :
-«دەك هەرچی ئاغایە ، بەرنەفرەت کەون وەك شەیتان کەواتە بڕۆ ! تادەتوانی بڕۆ بەلاّم وریای خۆت‌بە !
بەڕاست ئەی ژنەکەت کوا ؟»
-«نازانم ! ئەویش منالّەکەی بردوەو سەری خۆی هەلّگرتوە . . خوا دەزانێ بەیەك دەگەینەوە یان نا»
-«ئەی ئەم قوللە ڕەشەی لەگەلّتە ؟ ! »
-«پیاوێکی لە خوا ترسە پار چووە بۆ کەندا ، بەلاّم کە لەوێ بیستویەتی لێرە ئازاری دایکیان داوە هاتۆتەوە تا ئەویش ڕزگار بکا . جا ئێستا لەگەلّ من دێ تا «ئوهایۆ» لەوێ ئەمداتە دەست هەندێ دۆست‌و برادەر» !

١٠ – لای کۆمەڵەی کویکرزەکان :

ئەلیزای ڕاکردوو لە چێشخانەیەکی پاکو خاوێن دا لەسەر کورسی یەك دانیشتبوو خەریکی خوێندنەوە بوو ، لاوازو بێ تێنو سیمای نەگبەتی و نەهامەتی پێوە دیار بوو . نزیك ئەو ئافرەتێکی کامڵی شەست ساڵە دانیشتبوو وبەرگی کۆمەڵەی کۆیکرزی (٠) لەبەردابوو .

ئەو ئافرەتە خانەدانە ناوی «ڕاشیل هالیدای» بوو کە پیێ ووت :

-«ئا – ئەلیزا پێم ناڵێیت دوا بڕیارت چی یە ؟ هەر سووریت لەسەر ئەوەی بچی بۆ کەنەدا ؟ !

-«بەڵێ . . خۆ ناوێرم لێرە دانیشم»

-«باشە لەوێ چی دەکەی ؟ !»

---

(٠) کۆمەڵێك بوون داوای سادەیی و ساکار یی یان دەکرد لە ژیانداو زۆر ڕقیان لەشەڕو شۆڕ دەبوەوە .

موچورکەیەك بە ئەلیزادا هاتو ، ووتی :

«بابزانم چۆن ئەبێ ! بەلکو ئیشێکم دەست کەوێ !

-«بەهەر حالێ ، خۆت دەزانی هەتا بتەوێ دەتوانی لێرە بمێنیتەوە !»

-«زۆر سوپاس خانم گیان ! بەلاّم بەو خوایە شەو لە ترسا خەوم لێ ناکەوێ . . وەللاهی دوێنێ شەو لە خەوما نەو کابرایە خۆی کرد بە حەوشەکەماندا» ئەلیزا دەستی کرد بە لەرزین ، دەرگا کە کرایەوەو ئافرەتێکی کورتە بالاّ خۆی کرد بە ژوورا کە هەمان بەرگی لەبەردابوو ، «راشێل» بە خێرهاتنێکی گەرمی لێکردو ووتی :

-«رۆس ، ئەمە ئەلیزا وکورەکەیەتی ، کە باسم بۆکردی» رۆس سلاّوی لە ئەلیزا کرد ، دەستیان کرد بە گفتوگۆکردن دەتووت سەد ساڵە یەکتر دەناسن ، لەو کاتەدا سیمیون هالیدای خۆی کرد بە ژووردا و بە تەوسێکەوە ووتی :

-«بیتر ستلبنس پیێ ووتم کە ئەمرۆ خۆی وچەند برادەرێك دێن بۆ ئێرە» ئنجا ژنەکەی بانگ کردو پیێ ووت کە دوێنێ بیتر رۆیشتوەوئەمرۆ دوو پیرێژنو دوو پیاوی لەگەڵ خۆی هێناوە یەکێکیان «جۆرج هاریس» جا با لە پێش‌دا بە رۆس بڵێین نەك ئەلیزا تووشی گەشکە بێ لە خۆشی دا . کە رۆس خەبەرەکەی بیست لەخۆشیا هەڵدەبەزیەوەو چەپڵەی لێدەدا راشێل پیێ ووت کچێ لەسەر خۆبە جارێ .

ئەلیزای بانگ کردە ژوورێك و پیێ ووت :

-«شوکر خوا بەزەیی پیاتا هاتەوەو مێردەکەت لە کۆیلایەتی رزگاری بوو»

دەم و چاوی ئەلیزا سوور هەڵگەراو و پاشان زەرد بوو خەریك بوو بکەوێ بەپەلە لەسەر کورسیەك دانیشت راشێل پیێ وتەوە :

-«غیرەتت بێ کچم . . لەگەڵ چەند هاورێیەکیەتی ئەمشەو دەگەنە ئێرە .

ئیتر ئەلیزا دەتـووت ورێنە دەکاتو لەبەر خۆیەوە دەی ووت :

-«ئەمشەو . . ئەمشەو ! !»

که هاتەوە هۆش خۆی ، لەسەر جێگەیەك پاڵیان خستبوو و دایان پۆشیبوو رۆس لەتەنیشتیەوە بە کافوور دەستەکانی هەڵدە گلۆفت .

جا وردە وردە مێشکی هاتەوە سەر خۆیو هەستیبە دڵنیاییو هێمنی ئەکرد ، وای ئەزانی بە خەیاڵی خۆی لە ولاّتێکی ترەو کورەکەی یاری دەکاو هەڵدەبەزێتەوە بە سەربەستی . ئەوا گوێی لە دەنگی پیێ جۆرجە . . خۆ دەمێکەشەو داهاتوە . . کورەکەی پرخەی خەوی دێو جۆرجیش لە تەنیشتیەوە دانیشتوە . . دەبێ خەوبێ یا راست . . بەلاّم سبەینی بۆ بەرچایی هەموو لە دەوری یەك خوان کۆ بوونەوە . . بۆ یەکەم جارە کۆیلە لەسەر خوان دانیشێ شان بەشانی سپی پێست .

١١ – ئیڤانگلین . .

زەردەخۆری ئاوابوو ، بەرەوخۆرنشین ، وەك شۆڕەبی ، خۆی کێشابوو بەسەر ناوجەرگەی ڕوباری « میسسیپی »دا . .

پاپۆڕێك ، ئەو روبارە مەزنەی دەبڕی کەبارێکی گەلێك قورسی لێنرا بوو ، سەرباری ئەوەش فەردە لولەیەکی زۆری تێخنرا بوو وئەوەی دەی دی وای دەزانی کێوێکی خۆلەمێشی یەو بەناو ئاوەکەدا رێ ئەکا . .

تۆمی هەناسەسارد لەنێو ئەو فەردە لۆکانەدا لە پێش پاپۆرەکەدا خۆی لێمەلاس دابوو . وا دیار بوو قسەکانی شلبی ئاغای هاتبووە دی . . هێلیش کە بۆی دەرکەوت تۆم ، خاوەن ڕەوشتێکی بەرزە ، بڕوای پێکردبوو وسەربەستی هاتوچۆی لەسەر تەختی پاپۆڕەکە پێ دابوو .

تۆم ، رێی لەهەموان دەگرت و هەر بیتوانیایە یاریدەی دەدان بۆیە ، هەرچی لەوێ بوو خۆشی دەویست ! !

لە نێو ئەوانەی لە پاپۆرەکە دا بوون میرزادەیەك بە ناوی «سانت کلیر» ، دانیشتووی ئورلیانی نوێ بوو ، کچە پێنج ساڵانەکەی و ئافرەتێکی تریشی لەگەڵ بوو لەوە ئەچوو خزمی بێ .

کچەکە زۆر نەسرەوت وبزێو بوو لە شوێنێکدا خۆی نەدەگرتو هەر دەهاتو دەچوو، لەو ، شێوە دەمو وچاوەی هەبوو کە هەرگیز لەیاد نەدەچوو ، نمونەی جوانیوشۆخی منالی بوو ، لەم لا دەچووە ئەولاو زەردەخەنە لەسەر لێوە ئاڵەکانی نەدەبڕا .

کە بەنزیك کۆیلە کۆت کراوەکاندا دەڕۆی مات دەبوو زۆر بەزەیی پیایاندا دەهاتەوە دەیویست زنجیرەکان لە پێیان دامالێ . . بەلام . . ناچار بەجێی دەهێشتنو لە وسەرەوە کە دەهاتەوە نووقولو شیرینی وپرتەقالی بۆ دەهێنان و دەیبەخشیەوە بەسەریاندا .

تۆمیش کە هەمیشە پاکیو بێگەردی منالی سەرنجی ڕادەکێشا ، چاوی بریە ئەو فریشتە خنجیلانەیە ، منالەکەش بەرە بەرە ئاشنایەتی لەگەل تۆم پەیدا کردو بوون بە هاورێ .

ڕۆژێك پێی ووت ناوت چییە کچەکەش ووتی :

-«ئیڤانگلین سانت کلیر ! بەلام بابە پێم ئەلێ ئیڤا ئەی تۆ ؟

-«منیش ناوم (تۆم) ە بەلام منالەکان لە کەنتاکی پێم ئەلێن مام تۆم»

-«منیش هەر وات پێئەلێم بەلام ئێستا بۆ کوێ ئەچی مام تۆم !؟»

- «نازانم ! ! هەراج دەکرێمو نازانم چارەنووس بۆ کوێم دەبا»

-«باوکم دەتوانێ بت کرێ . . پێی ئەلێمو ئەویش پێی خۆشە»

-«زۆر سوپاس ئیڤا گیان»

پاپۆڕەکە لە ڕێ لە شارۆچکەیەك لای دا تا سووتەمەنی وەرگرێ ، ئیڤا لای باوکی وەستابوو ، تۆمیش یاریدەی کرێکارەکانی دەدا ، ئیڤاو باوکی لە سەر لێواری پاپۆڕەکە وەستابوون سەبریان دەکرد لەپڕ پاپۆڕەکە جوولاو ئیڤا قاچی خلیسکاو کەوتە ئاوەکەوە باوکی ویستی خۆی هەلداتە ئاوەکەوە بەلام تۆم لەو خێراتر بوو و خۆی فڕێدا هەر کە ئیڤا کەوتەوە سەر ئاو پەلی گرتو بە مەلە ڕایکێشایەوە نزیك پاپۆڕەکە لەوێ وە هەلیان کێشایەوە ناوەوە . .

بۆ ڕۆژی داهاتوو گەیشتنە ئورلیان ، ئیڤا توانی باوکی ڕازی بکا تۆم بکرێ بەتایبەتی پاش ئەو کارەساتەی بە سەریدا هات وئەو ڕزگاری کرد .

سانت کلیرو ئیڤا چوونە لای تۆم و سانت پێی ووت :

-«ئادەی سەیرم کە بزانم پێم ڕازی !»

هەردوو چاوی تۆم پڕ بوون لەئاو ووتی :

-«خوا دەست بە بالتەوە بگرێ ، گەورەم !

-«دەتوانی ولاخ لێ خوری ؟»

-«بەلێ ڕاهاتووم لەسەر ئەوشتانە ! شلبی ئاغا ئەسپی زۆر بوو !»

-«کەواتە ئەتکەم بە عەرەبانچی !»

١٢ – ئاغا نویٚ کانی تۆم

بنەماڵەی ئۆغەستین سانت کلیر کەنەدی بوو بەلاّم خۆی کوڕی یەکیٚ لە جووتیارە دەوڵەمەندەکانی «لویزیانا» بوو.

هەر لە منداڵی یەوە پیٚبەندو عەشقی خەیالاّت و میسالی یەت بوو. لە لاویتیدا حەزی لە کچیٚکی باکووری کرد بەلاّم کەس و کاری تیٚکەوتن و نەیان هیٚشت بەیەك بگەن ئیتر ئەم دڵ شکستی یە ئۆغەستینی لە ڕیٚ لاداو سەری کردە مەی خواردنەوەو ڕابواردن و ماوەیەکی بەو چەشنە بەسەر برد پاشان کچیٚکی جوانکیلەی خواست کە لە شۆخ و شەنگیی و جووتیٚ چاوی ڕەش و مەست و سەد هەزار دۆلاریٚك پتر هیچی تری نەبوو!!

لە ڕاستیدا چەند ئۆغەستین زیرەك و بلیمەت بوو ژنەکەی ئەوەندە گیٚل وبیر تەسك و ڕاڕابوو. سەرەڕای ئەوەش هەتا بڵیٚی خۆپەرست وخۆخواز بوو، بەنازو فیز بەخیٚوکراو بوو ناقانەی باوکیٚك بوو کە هەرگیز پییٚی نەوتبوو نەء..

هەرکە کچەکەی بوو – ئیڤانگلین – ئیتر داکەوت و دوو چاری کۆمەڵی دەردو نەخۆشی بوو بە ڕادەیەك ئەگەر دوو ڕۆژ ساغ بووایە سەری سیٚیەمی لە جیٚگادا بۆی دەکەوت.. هەر هیچی نەبووایە بە بیانووی ژانەسەرو بیٚ هیٚزی دەچووە دوو تویٚی لیٚفەوە. تاوای لیٚهات کارەکەرە ڕەشەکەی – مامی – ناچار دەکرد شەو تا بەیانی بەئاگا بیٚ

بەم جۆرە جگە لە ژانە سەرو سك ئێشەو
هەر کە بانگی کرد ، لە ژوور سەری حازر بێ ، دەستی نەدەچووە کاروباری،ناو ماڵو خێزانی
کۆڵنجو ڕەقیتە بیری لە هیچی تر نە دەکردەوەو
زیاتر لە هەراجخانە دەچوو .
بەرەڵڵا کرد بوو و ئەگەر یەکێ بیبینایە
ناچار ئۆغەستین لەگەڵ کچەکەی خۆی گەیاندە – فرمۆنت – لەوێ ئامۆزایەکی هەبوو –
ئۆفیلیا – کە تەمەنی چلو پێنج ساڵێك دەبوو ، هەتا بڵێی ڕێكو پێك ورد بوو لە ئیشو
کاری ناوماڵدا و زۆر بە کارامەیی و بەسەلیقە کارو باری ڕادەپەڕاند ، لەگەڵ خۆی هێنای .
کاتێ کە ئۆغەستینو کچەکەی و مامەکەی گەیشتنەوە ماڵەوە کۆمەڵی کارەکەروو
خزمەتکاری کۆیلە لە پێشوازی یاندا بوونو لە پێش هەموو شیانەوە «ئۆدولف» کە جلو بەرگی
ئاغاکەی لەبەر خۆی هەڵکێشابوو و بۆنەکانی لەخۆی دابوو . .
ئیڤا ڕای کردو باوەشی کرد بە دایکیاو تێر ماچی کرد ، دایکیش زۆر بە ساردیەوە
ماچی کردەوەو داوای لێ کرد سەغڵەتی نەکا تا ژانەسەرەکەی لێ نەیەتەوە .
کۆیلەکانیش لەدەم قاپی یەکەدا ڕیز بوو بوون ، لەواندا – مامی – بوو کە دەست بەجێ
ئیڤای گرتە باوەشو بە گەرمی ئەملاو ئەولای ماچ کرد .
تۆم بە تەنیا وەستابوو ، ئۆدۆلفیش لەولاوە پاڵی دابووەوە بە کۆڵەکەیەکەوە وەها سەیری
تۆمی دەکرد دەتــوت باوکی کوشتوە .
سانت کلیر نەڕاندی بەسەریاو ووتی :
–«ئاوا بەخێر هاتنی هاوڕێکەت دەکەیت بێ ئەقڵ ؟ !
چاك بزانە کە دەی وەك تۆ دەهێنێ ، نەکەی جارێکی تریش ئاوا ڕەفتاری لەگەڵ بکەی
پاش ئەوەی خانم دەیبینێ بیبەرە چێشت خانە با نان بخوا ، تێ گەیشتی» .
ڕوی کردە ژنەکەی و پێ ووت :
–«ئیتر بە ئارەزووی خۆت پشوو بدەو بحەوێرەوە ، «ئوفیلیا» کچێکی بەکارو لێ هاتووە و
ئەرکی سەر شانت سووك دەکا ، ماوەشت دەبێ دەستێك بەخۆتا بهێنی و گەنجتر ببیتەوە
گیانەکەم !

خاتوو «ماری» بەخێر هاتنی ئوفیلیای ئامۆزای مێردەکەی کردو ئینجا دەستی کرد بەسکاڵا
کردن لە ڕەفتاری کۆیلەکانو گیروگرفتیانو شەڕە شەقیان ئەمە لە لایەكو خۆپەرستی دایە –
مامی – لە لایەکی ترکە دەچێ دەنوێ و ئەم بەتەنیا بەجێ دەهێڵێ بەدەم ژانەوە تل بدا . لەو
کاتەدا خاتوو ماری داخی دڵی خۆی هەڵدەڕشت قاقای پێکەنینێك لە حەوشە بەرز بۆوە ، کە
سەیریان کرد تۆم لەسەر سەوزە گیایەك دانیشتووەو ئیڤاش خەریکە ملوانکەیەکی لەگوڵ
دروست کراوی دەکاتە مل و وەك چۆلەکە لەسەر ڕانی تۆم هەڵنیشتووەو ئەویش خۆی بۆ شل
کردوە .

١٣ – مەردێکی ئازاد بەرگری لە مافی خۆی دەکا . .

بگەڕێینەوە لای کویکریزیەکان ، خەریكبوو خۆر ئاوا دەبوو ، تاریك دادە هات ، ڕاشیل هالیدی خەریکی کۆکردنەوەی هەندێ کەل‌و پەل بوو بۆ کۆچکەرەکان .

جۆرج‌و ئەلیزا لە ژوورەکەی خۆیان دانیشتبوون‌و دیار بوو دڵتەنگ‌و غەمبار بوون ، جۆرج کورەکەی لەباوەش گرتبوو و باسی ڕۆژانی داهاتووی بۆ دەکردن .

لە دەرگا دراو کە ئەلیزا کردیەوە سەیری کرد سیمون‌و پیاوێکی تر وەستاوە کەناوی ڤینیاس فیشر بوو .

هاتنە ژووری‌و ڤینیاس پێی ڕاگەیاندن کە پێ‌زانراوە لەماڵە کویکریزیەکان دوو سێ کەس هەن دەیانەوێ هەڵێن‌و لە سنوور بپەڕنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش تەڵەیەك نراوەتەوە تا بیان گرن . .

ئیتر پاش تۆزێك عەرەبانەیەك لەبەر دەرگا وەستاو کۆچکەرانیان بە چەند وشەیەکی غەمبارو جەرگ‌بڕ بە ڕێ کرد .

ئەلیزاو کورەکەی لەناوەوە دانیشتبوون وجیم و جۆر جیش لە سەر کورسی یەکەی بەردەم عەرەبانچی یەکە دانیشتبوو .

ئەمانو ڤیناسیش لەشوێنی عەرەبانە بۆی دەرچوو ، ناو بەناو بە چڕی دارستان داو تاو تاو بەدەشتو دۆڵدا ، منالەکە لەسەر سنگی دایکی خەوی لی کەوتو پاش هەندێك ،دایکیش پرخەی دەهات، نزیك بەکاتژمێری سی ی سەر لەبەیانی بوو گوی یان لە دەنگی پی ی ولاخ بوو لەدوایانەوە هێندەی نەبرد گەیشتە سەریان و کەدیان (میخائیل کرۆس)ە ، پی ی ووتن کە هەشت نۆ پیاوێکی سەرخۆشو مەست بە دوایاندا وێڵن و ئەگەر بیانگرن پارچە پارچەیان دەکەن . .

ڤینیاس ئەسپەکانی تاو دا تابگاتە کانی و بەردەلانێك کە چاك شارەزای بوو .

هەر ئەوەندەی گەیشتنە ئەوێ دەست بەجێ دابەزینو لە نێو تاشە بەردەکاندا خۆیان حەشارداو خۆیان شاردەوە . میخائیلیش فرتەی کرد بۆ ماڵی ئامۆزاکەی یارمەتی بهێنێ .

ڤینیاس منالەکەی لە باوەش گرتو وەك بزن بەتاشە بەردەکاندا سەرئەکەوتو جیم بەدوای ئەو داو پاش ئەوانیش جۆرجو ئەلیزا تەکانیان دەدا .

سوارەکان گەیشتنە دامێنی بەردەکانو بەدەم جنێو دانەوە دابەزین .

ئەمانیش ئەوا گەیشتنە لوتکەو لەپڕ کەوتنە بەر دەم درزێك کە سێ پی پان ونزیکەی سی پێش قوول دەبوو ڤینیاس بە منداڵەکەوە بازی داو پەڕی یەوەئەوبەروئەوانی تریش بە دوایا ، کە هەموو گەیشتن لە تاشە بەردەکاندا خۆیان وون کرد .

سوارەکان کە دابەزین لەنێو بەردەرەقەکاندا دەستیان کرد بە گەڕانو پشکنین ..دوان لەوانە «تۆم لۆکر» و «کرو مارکس» پیشەیان هەر ڕاوکردنی کۆیلە و هەڵهاتووەکان بووە . دوانی تریشیان پۆلیس بوونو ئەوانی تر سەر لی شێواو بێ ئیش وکار بوون کە بەپێکێ خواردنەوە باوکی خۆیان دەسووتاند .

ئەمانە لە مشت ومڕی ئەوەدا بوون کە چۆن زەفەریان پی بەرنو بیان گرن ، لەپڕ جورج سەری لەنێو تاشە بەردەکاندا دەر هێنا و هاواری لی کردن :

-«ئێوە کێن ، بەڕێزان ، چیتان ئەوێ ؟ !

لوکر وەڵامی دایەوە :

-«ئێمە هاتووین ڕەوە کۆیلەیەکی بەرەڵڵاو هەڵاتوو بگرینەوە ، پولیسیشمان لەگەڵەو فرمانی میری یشمان پی یە بالێ بەستیان بکەین ! تۆی جۆرج ،؟ کۆیلەی هاریس ئاغای کەنتاکی ؟ !»

-«بەڵێ منم جۆرج . . ئاغایەك کە ناوی هاریسە بە زۆر منی کردوە بە ماڵی خۆی . . بەلام من ئێستا سەربەستو ئازادم وژنو منالەکەم هی خۆمە ، ئێمە چەکدارینو بڕیارمان داوە

بەرگری لەمافی خۆمان دەکەین و هەر زەلامێ لەوان گوللەمان بیگاتێ گیانی لەبەر دەبڕین .
مارکس بەدەم فیشەك تێکردنی دەمانچەکەیەوە ووتی :
-«ئێوە چاك دەزانن کە هەر دەبێ بەشی خۆمان ببەینەوە جا زیندوبن یا مردو جیاوازی نی یە !»
ئەمەی ووت و فیشەکێکی تەقاند بەقژی جۆرجدا تێپەڕیو بە ڕومەتی ژنەکەیدا تیغی کردو لەولاوش لەبنە دارێکیدا .. جۆرج خۆی هەڵدایە پاڵ بەردێك و ڤینیاس ووتی :
-«ئەوانە کۆمەڵێ سەرسەری و خوێڕین ، شوێنی خۆت قایم بکە لەو خوتبەدانەت باشترە»
هەندێك بێدەنگ بوون و پاش تاوێك تۆم لۆکر بۆیان سەرکەوت و دەیووت :
-«من هەرگیز لە کۆیلە نەترساوم . . ئەمڕۆش نیازم نی یە دەست بەوە بکەم !!»
ئەوانی تریش بە دوایا هاتن ..
جۆرج خۆی مەلاس دابوو و مشتی لەدرزەکە گرتبۆوە ، هەر کە تۆم لۆکر بەو زەبەلاحی یەی خۆی گەیشتە ئەوێ ئەم دەستی پیاناو گوللە لەناو قەدی تۆم چەسپاو وەك گا بۆڕانی و بازی دا ویستی لە درزەکە بپەڕێتەوە ڤیـناس لەسەری حازر بوو بە هەردوو دەستی پیایا کێشاو ووتی :
-«برادەر . . لێرە پێویستمان بە تۆ نی یە» !
تل بۆوە ناو چاڵەکەو بەم دارو ئەو بەردو ئەو چاڵ تا گەیشتە بنی ، خۆ ئەگەر ئەو شتانە لەڕێ جار جار نەیان گرتایەتەوە دەست بەجێ گیانی دەردە چوو مارکسی هاواری لێ هەستا :
-«ئای کە زۆڵن . . برادەران ، خۆتان بگەیەننە لۆکر تا من ئەچم یارمەتی دەهێنم .
برادەرە مەستەکان گاڵتەیان بە قسەکەی دەهات و ئەمیش زۆر خۆی خەریك نەکرد ئەسپەکەی تاو داو بۆی دەرچوو .
ئنجا برادەرەکانی دابەزینە خوارێ بۆ ناو چاڵەکەو چوونە سەر لۆکر ویستیان لەسەر ئەسپەکەی دای بەستن بەڵام نەیئەتوانی خۆی بگرێ بەسەریەوە بەریان دا شڵپەی هات و دای بە ئەرزا ئیتر ئەمانیش نەگەڕانەوە سەری و بۆی دەرباز بوون .
کە لەچاو ون بوون ، ڤیناس هاتە خوارێ و بەرەو میخائیل و عەرەبانەکەدەڕۆیشت و بەخۆشی یەوە هاواری دەکرد :-«ئیتر ترس نەما وشوکر هەموو سەلامەتین ئەوە میخائیل و ئەوە ستیڤن و ئاماریایە !» ئەلیزاش ووتی :
-«کەواتە با تۆزێك بووەستین تا تیماری ئەم زامدارە بە ستەزمانە دەکەین !!»
پاشان بریندارەکە ، سەر ئەخەنە سەر عەرەبانەکەو بەرەو ماڵی ئاماریا بەڕێ دەکەون ..

١٤ – تاقی کردنەوەکانو بیروڕای ئۆڤیلیا

سانت کلیر قەت گوێی نەدەدایە پارەو هەتا تۆم نەهاتبوو ئۆدلۆف کارو باری ماڵو شتکڕینی لەئەستۆدا بوو ، ئەمیش هیچی لە ئاغای کەمتر نەبوو لە دەست بڵاوی و پارە بە فیڕۆدان . کە تۆم ئەمەی دیو خۆشی پەروەردەی ماڵی شلبی بوو کە هەموو شتێك حسابی خۆی بۆکرابوو هەتا بتوانرایە پارێزگاری شتومەك و ماڵی ئاغای دەکرد ، کە ئەم گێرە شێوێنییەی دی هەستی بە نیگەرانیو غەمباری کردو خۆی پێنەگیراو هەتا چەند جارێکیش لۆمەی ئاغاکەی سانت.کلیری کرد لەسەر ئەو مەسەلەیە . سانت کلیر سەرەتا ئەگەر زۆر پێویست نەبووایە ئیشی بە تۆم نەدەکرد ، بەڵام بەرە بەرە کە سەیری کرد تۆم زۆر بەتواناو کارامەیەو ئیشوکاری زۆر ڕێكو پێکە ئیتر بڕوای پێ پەیدا کردو وای لێهات کردیبە جێگری خۆی لە هەڵسوڕاندنی کار وباریا .

Scanned with CamScanner

تۆم زۆر ڕێزی ئاغاکەی دەگرت و دڵسۆزو پاك بوو لەگەڵی ، زۆریش پێ ناخۆش بوو کە هەر خەریکی خواردنەوەو ڕابواردنەو تەنانەت ڕۆژانی یەك شەممەش سەر لە کڵێسە نادات . ڕۆژێك سانت کلیر بانگ‌کرا بۆ ئاهەنگێك ، کە ئێوارە گەڕایەوە ئەوەندە سەرمەست بوو لا لا موی ئەکردو بەپێوە خۆی پێ ڕانەدەگیرا ، تۆم و ئۆدلوف چوونە بن باڵی وبردیانە سەر جێگاکەی ، تۆم زۆر خەفەتی بۆ خواردو هێندە شپرزە بوو بوو ، ئۆدلوف گاڵتەی پێ دەهات .

تۆم تا ڕۆژبۆوە خەو لەچاوی نەکەوت و بە دیار ئاغاکەیەوە دانیشت و لەخوا دەپاڕایەوە کە ڕێی ڕاستی نیشان بداو لە هاوڕێی بەد بە دووری بکا .

سەر لەبەیانی کلیر لێی‌پرسی :

-«تۆم ! چیتە ئەوە ؟ ئەمشەو بۆ نە نووستویت ؟»

تۆم وەڵامی دایەوەو فرمێسك لەچاوی دەهاتە خوارێ :

-«من دەبینم ئاغام بە هەموو لایەکدا پیاوەتی دەکاو چاکەی لێ دەوەشێتەوە کەچی یەك تۆز بەزەیی بەخۆی‌دا نایەتەوەو زوڵم لەگەڵ خۆی دەکا» !

سانت کلیر لە تاوا چاوەکانی فرمێسکی تێ‌زاو ووتی :

-تۆم تۆ زۆر گێلی ! کەی من شایانی ئەوەم کەسێك بۆم بگری ، هەستە فرمێسکەکانت بسرەو شەرت بێ ئیتر هەرگیز بەو شێوەیەی دوێنی شەو نەم بینی» . ئۆفیلیا هەر لەیەکەم ڕۆژەوە مەلا بانگ‌دان لەخەو هەستاو ژوورەکەی خۆی پاك کردەوەو ڕێکی خست ، ئەمە مایەی سەرسوڕمانی ئەو ئافرەتە بوو کە ژوورەکانی پاك دەکردەوە ، پاشان چوو گەنجینەکەی پشکنی و گەلێ شتی سەیری بۆ دەرکەوت ، کارەکەرەکان کەوتنە چرپە چرپ و بە تایبەتی «دینا» زۆری پێ ناخۆش بوویەکێکی تر دەست بخاتە کاریەوە ، دینا چێشتکەری خێزان بوو لەم بوارەدا دەتـوت پورە «کلۆ» یە بەلام ئەم سەرکێش و کەللەڕەق‌بوو، خاتوو کلیرش جڵەوی بۆ شل کردبوو ئیتر ئەمیش تاکە هەڵسوڕێنەری ماڵ بوو گەورەو بچووك لەژێر دەستی خۆی‌دا بوو ، کە دی ئۆفیلیا خەریکە زۆر شت لەماڵەکەدا دەگۆڕێ بڕیاری‌دا بەرەنگاری بێ و نەیەڵێ سەرکەوێ .

خۆ ئەگەر کۆیلەکان یاریدەی ئۆفیلیایان بدایە ئەوا لە چەند ڕۆژێکدا شیرازەی کاری گرێ دەدایەوەو ماڵ ڕێك و پێك دەبوو ، ڕۆژێك بە ئامۆزاکەی ووت :

-«هەرگیز ئەو کۆیلانەی تۆ چاك نابن و من لە ژیانمدا ئەم بەرەڵلایی و بێ ویلیەم نەدیوە ، خۆزگە دەتزانی کە هاتم ئەم ماڵە چۆن بوو» .

-«بۆ تۆ وادەزانی ئاگام لێ‌نی‌یە دنیا چی دەکا ! بەلاّم لەگەلّ ئەوەش‌دا خواردنی چاك‌و قاوەی بەتام بۆ ئامادە دەکا ! «دەبێ چۆن سەیری پێشەواکان‌و کەلّە پیاوانی مێژوو دەکەی ئاواش سەیری دینا بکەی وانە سەیری سەرکەوتنەکان‌و کارە چاکەکانیان بکەو بەس» .
ئێوارەیەك ئۆفیلیا لە چێشخانەکە بوو ئافرەتێکی بالاّ بەرزی رەش‌تالّە خۆی کرد بە ژووردا ، سەبەتەیەکی نابووە سەرسەری پڕ لە پسکیت‌و نانە وردە بوو ، سەبەتەکەی داناو بەدەنگێکی گڕ ووتی :
-«خۆزگە دەمردم‌و لەم مەینەتی‌یە رزگارم دەبوو» . لەولاشەوە کیژۆڵەیەکی ژنکەلەی رەش کە یاری بە ملوانکەکە دەکرد ووتی :
-«جا بۆ خۆت ئاوا مەست دەکەی دایە برۆ !» ئافرەتەکەش بە چاوێکی پڕ غەم‌و پەژارەوە ووتی :
-«دەوەرە شوێنی من ، ئەوسا دەت بینم ، بزانم دەخۆیتەوە یان نا . . ئۆف خوایە . . خۆ ئێستا ئاغام بزانێ خوار دومەتەوە یا پارەکەی کەم بدەمێ دارکاریەکی باشم دەکا» !
-«ئەی دەستی خۆش‌بێ مادام بەپارەی ئەو ئەخۆیتەوە» . ئافرەتە بە بۆڵە بۆڵ‌و گلەیی‌یەوە چووە دەرێ ورۆیشت‌تۆم خۆی گەیاندێ‌و ووتی :
-«سەبەتەکەم بدەرێ بۆت هەلّگرم»
-«بۆ؟ لەوەتی مێردە داماوەکەم مردوە هێشتا کەس بەزەیی بەمن‌دا نەهاتۆتەوەو»
-«باشە بۆ وا خۆت گیرۆدەی خواردنەوە کردوە»
-«منالّێکی خنجیلانەی جوانکیلەم هەبوو بە هۆی نەخۆشی ئاغاژنمەوە خزمەت کردنی ئەو نەم توانی تێری بکەم‌و خستمە پشت گوێ تا شیرم وشکی کرد ، ئاغاژنیش شیری بۆ نەکڕی بەو بسیانووەی کە گەورە بووەو ئەتوانێ خواردن بخوات ، وای لێ‌هات شەو رۆژ لەبرسا زیر نەدەبۆ . تا تەواو لاواز بوو پێستەکەی ووشك بۆوە بەسەر ئێسقانەکەیەوە .
سەرەڕای ئەوەش ئاغا ژن ناچاری کردم لای خۆی بنوم تا خزمەتی بکەم‌و منالّە کەش لە گەنجینەکەدا بنوێنم تا گوێ لەدەنگی گریانی نەبێ،تاشەوێك ئاگام لێ نەبوو بۆ خۆی ئەوەندە گریابوو سوێ‌ی بۆوە گیانی دەرچوو .
پاش‌ئەم کارەساتە جەرگ‌بڕە خووم دایە خواردنەوەو تا هەمیشە کەیل‌و بێ هۆش بم‌و گوێم لە قیژەو زریکەی منداڵەکەم نەبێ !»
تۆم لە بیستنی ئەم سەرگوزشتەیە وڕو کاس بوو بەماتی گەڕایەوە لە هەوشەکەدا «ئیڤا»ی دی . کە بینی تۆم ئاوا غەمبارە لێ‌ی پرسی :
-«مامە تۆم بۆ وا غەمگینی‌و ماتی ؟ چاوم لێت بو لەگەلّ «برۆ»ی قوڕ بەسەر قسەت دەکرد . . خێر بوو ؟

مام تزم چی بیستبوو بۆ ئیڤای گێڕایەوە لەبری ئەوەی بگری ، ڕەنگی هەڵبزرکاو چاوی لێڵ بوو ، دەستە خنجیلانەکانی خستە سەر دڵی و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا . .
پاش چەند ڕۆژێك ..ژنێکی تر لە لە جیاتی برۆ نان و پسکیتی بۆ هێنان ..کە لێیان پرسی برۆ چی بەسەر هات!ووتی ئیتر نایەتەوە بۆ ئێرە ، بەچرپە تکای لێکردن کە بۆ کەسی تری نەگێڕنەوە ، ئینجا بۆی باس کردن کە چۆن ئاغاکانی بردویانەتە ژێر زەمینەکەوە پاش سەرخوش کردنی و لەوێ بەجێیان هێشت و دوای ووتیان مرد . .
کە ئۆفیلیا گوێی لەم باسە بوو وەختە بوو بتۆقێ و بەرقەوە خۆی کرد بە ژوورەکەی سانت کلیر داکە خەریکی ڕۆژنامە خوێنەوە بوو وپێی ووت :
-«ئای کە ستەمە ، ئاگیانی دەرچووە بە دار لە (برۆ) یان داوە .
-«دەمێکە دەمزانی کە دەبێ ئەوە ڕووبدات»
-«جا کەوات دەزانی بۆ هێشتت ؟ بۆ؟ ئای کە کارێکی نابە جێ و چەپەڵە !»
-«زۆر بە داخەوە ئەڵێم کە هەرچیەکم بکردایە بێ کەڵك بوو چونکە یاسایەك نی یە بەرگری لە مافی بکاو ، جگە لەوەش توانای ئەوەم نی یە هەر داماوێکم بینی بیکڕم و ئازادی بکەم ، تەنها ئەوە دەتوانم کە ئەو ڕێیەی ئاغاکانی تر گرتوویانە من نەیگرم» . .
ئینجا سانت کلیر بەوردی بەسەرهاتی خۆی و کۆیلەکانی بۆ کچە مامەکەی گێڕایەوە ، بۆی باس کرد کە باوکی چۆن پیاوێك بووە وچەند بڕوای بەخۆی بووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا لە نیوئینگلاندەوە «New England» هاتوە بۆ لویزیاناو ئەم کۆیلانەشی بە ئارەزووی خۆی ڕەتاندۆتەوە . . هەروەها دایکیشی هەتا بڵێی دڵ نەرم و میهرەبان و بە بەزیی بووە .
بەڵام براکەی کە جووتەیە لەگەڵ خۆی هەتا بڵێی بەدو خراپ و دڵ ڕەقە و چەند لەگەڵ هاوڕێ و هاونشینی خۆی چاکە سەد ئەوەندە لەگەڵ کۆیلەو ژێر دەستەی خۆی خراپ و بەد ڕەفتارە وباوکیشیان هەر ئەوی خۆش ویستووە چونکە ئەو دڵ ڕەقی یەی لەخۆی چووە بەڵام ئۆغەستین پتر دەچووە سەر دایکی .
بەهەر حاڵ لەو سەردەمەش دا کۆیلایەتی باوی بووەو باوکی ئەمانیش پارەدار بووە وبێگومان بیرو ڕاو هەستی لە قاڵب و چوار چێوەی بیری چینەکەی خۆی دەر نەچووەو بۆیە قوللە ڕەشەکانی بە گیان لەبەر ڕێکی نێوان ئاژەڵ ومرۆڤ داناوەو لەو بڕوایەدا بووە کە ڕەنگ ڕەگەزی ئامیزاد لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە .
ئۆغەستین لەسەری ڕۆیشت و ووتی :
باوکم پێنج سەد کۆیلەی هەبووە کە دەی چەوساندنەوەو لە ئیش و کاری دا هەتا بڵێی وردو ڕێك و پێك بووە چاو پۆشی لە تەمەڵ و ئیش نەکەر نەکردوە ، کەچی بۆ نەگبەتی یش زووربەی

کۆیلەکانی تەمەڵ‌و تەوەزەل بوون‌و ، ئیتر خۆت بزانە دەبێ چۆن دارکاری کردبن .
منیش لەو کاتەدا منداڵ بووم ، بەڵام حەزم بەو چەوساندنەوەو ڕەتاندنەوەیە نەدەکردو زۆر جاریش تێکەڵ بە ڕەشەکان دەبوم‌و لە کو خەکانیاندا دادەنیشتم‌و لە کێڵگەکانیاندا کارم لەگەڵ دەکردن ، وببومە هاوڕێ‌ی کۆیلەکان . بۆیە زۆر جار سکاڵای دڵی خۆیان لادەکردم‌و منیش لەگەڵ دایکم ئەوی بمان توانیایە چارەمان دەکرد ، بەڵام من زیاتر بەپەرۆش بووم بۆیان ، لەبەر ئەوە سەرکاری کێڵگەکە ئەمەی بە باوکم گەیاند و ئەویش جیای کردمەوە و ڕێ‌ی نەدام ئیتر تێکلاویان بم .
« دایکم بەوە وازی هێناو پشتی سارد بۆوە وئەوەندەی بەس بوو من‌و براکەم لەسەر ڕەفتاری چاك‌و مرۆڤایەتی پەروەردە بکات ، بەڵام براکەم هەر لە منالی‌یەوە لاف‌و گەزافی ئاغایەتی لێ‌دەداو قسەی دایکم نەدەچوو بەگوێ‌یاو ئێستاش هەر وایە .
منیش ئەگەر دایکم تاسەر لەگەڵم بووایە ئێستا پیاو چاکێك یا لەوانەشە پێغەمبەرێك بومایە بەڵام لە بەد بەختی خۆم هەر لە سیانزە ساڵی‌یەوە لێ‌ی جیا کرامەوە وئیتر نەم دی .
پاش ئەوە باوکم مردو چی دەرامەت‌و سامانی هەبوو بۆ من‌و براکەم جێ‌ماو لەسەرەتادا ویستمان بەیەکەوە سەرپەرشتی بکەین‌و کاری پێ بکەین ، بەڵام پاش دووساڵ بۆم دەرکەوت کە هەرگیز لە توانامدا نی‌یە بەو شێوەیە بژیم ، هەر چەند زۆر لە بار بوو بۆ براکەم . دیمەنی کڕین‌و فرۆشتنی ئەو بەستە زمانانە دڵی دەگوشیم‌و ناخی دەجووڵاندنم ، دەمبینی کە چۆن وەك ئاژەڵ هەڵیان دەبژاردن‌و بە قامچی‌و دار نەبووایە نەیان ئەدواندن .
براکەم گەیشتە ئەو بڕیارەی کە من دەست نادەم بیمە دەرەبەگ‌و کۆیلە بڕەتێنمەوە چونکە بە ڕای ئەو من تەمەڵ‌و دەست سپی‌و ئیش نەکەرم بۆیە بەزۆیم بەو تەمەڵا نەش‌دا دێتەوەو نایاندەمە بەر شەق‌و دار وقامچی بۆیە پێ‌ی ووتم بڕۆ لە ئۆرلیانی نوێ دانیشەوەمەسرەفت دەکێشم چیت پێویست بوو بۆت دابین دەکەم» ئۆفیلیا ووتی :
–«باشە ئەی بۆ کۆیلەکانت ئازاد ناکەیت !»
–«لەڕاستی‌دا نەم وێرا ئەوەبکەم و شەرمیشم دەکرد بە کرێ‌یان بدەم یان پارەم لێ‌یان دەست کەوێ ووام بە چاکتر زانی لە دەوری خۆم بن‌و چی پارەشم هەبێ بۆ خۆم بۆ ئەوانیشی خەر[illegible] دەکەم و پێکەوە گوزەران دەکەین» .
لەم کاتەدا تۆم لە ژوورەکەی خۆی بەو کۆڵکە خوێندەواری‌یەی خۆی‌یەوە خەریکی نامە نووسین بوو بۆ ژنەکەی ئیڤاش ، چەندی دەزانی یارمەتی دەدا تا تەواویان کرد.سانت کلێر خۆی کرد بە ژوورەکەی داو نامەکەی خوێندنەوەو دەستی کرد بە پێ‌کەنین و بەڵێنی‌دا بەتۆم کە خۆی نامەیەکی قەشەنگی بۆ بنووسێ‌و بۆیشی ڕەوانە بکا . وەهەر هەمان ڕۆژیش بەڵێنەکەی بەجێ‌هێنا .

Scanned with CamScanner

لەوانەیە خوێنەری بەڕێز بیەوێ بزانێ چی ڕوو دەدا لە کێڵگەکەی شلبی کەکوخەکەی مام (تۆم) ی لی یە

کات پاش نیوەڕۆیەکی گەرمە ودەرگای هۆڵ و پەنجەرەکانی ئاوالآکراون بەڵکو سرووەی باوشەماڵێکی تێکەوێ وفێنکی کا .. شلبی ئاغا دارجگەرەکەی بەدەستەوەبوو وئاغاژنیش لەدەم دەرگاکەدا خوری دەچنی ، بە مێردەکەی ووت :

-«دەزانی کلۆ لەم ڕۆژانەدا نامەیێکی لە (تۆم)ەوە پی گەیشتوە ؟ دیارە جێگاکەی باش و خێزانێکی بەرچاوتێرو خانەدان کڕیویانە . بەڵام دەڵێ ئاخۆ دەتوانین بەم زوانە بیکڕینەوە ؟»

-«لە ڕاستیدا گلۆڵەمان کەوتۆتە لێژی و خۆت باش دەزانی کە لەم قەرز دەکەم و دەیدەمەوە بە قەرزی ئەودا» .

-«دەتوانی تۆزێك باری شانت سووك بکەیت ئەگەر هەندێ لە ولاخەکانت بفرۆشی یا یەکێك لە کێڵگەکان و هەموو قەرزەکانتی پێ بدەیتەوە» .

-«وا دیارە تۆ لە ئیشوکارو هەڵسوراندنی سەرت دەرناچی ؟ !

لێرەدا کلۆ قسەکەی پی بڕین وبانگی ئاغا ژنی کرد بێتە دەم هەیوانەکە بە بیانووی مریشك وجوجکەوە وپی ی ووت :

-«بۆچی واسەرتان لێ شێواوەو نازانن چۆن پارەکە پەیدابکەن لەکاتێکدا ڕێگەی پەیدا کردنی لەبەر دەستاندایە»

-«مەبەستت چی یە کلۆ»

-«مەبەستم ئەوەیە کە هەندێ ئاغاهەن کۆیلەکانیان بەکرێ دەدەن و لەوە پارەیان دەست دەکەوێ .

-«جا تۆ دەڵێی کێ بەکرێ بدەین چاکە ؟ !

-«من وا ناڵێم ! بەڵام سامۆئیل دەڵێ هەر کەسێك بزانێ شیرینی وحەڵوا دروست بکا بچێ بۆ لویزفیل هەفتەی چوار دۆلاری دەدەنێ جا ئەگەر ئاغاژن ڕێم بدا ئەوا ئەچم بۆ ئەوێ .

-«بەڵام لویزفیل لێرەوە زۆر دوورە»

-«ئەوەیان گرنگ نی یە»

-«باشە . . جاکەوایە ئەوەی تۆ پەیدای ئەکەی بۆت کۆدەکەیەوە ومنیش هەندێکی تری دەخەمەسەر تابتوانین تۆم بکڕینەوە ، کەی بەتەمای بڕۆی ؟»

-«سام دەڵێ کە سبەینێ دەڕوا هەندێ ولاخ لەچەم دەپەڕێنێتەوە ، جا ئەگەر ڕێم بدەن و پسووڵەیەکم بدەنێ بەیانی لەگەڵ سام بەڕێ دەکەوم»

-«من ڕێت لێ ناگرم و لەو بڕوایەش دام شلبیش پێ خۆش بێ .

١٦ - گوڵەکە دەوەرێ..

دوو ساڵ نامۆیی و سەرگەردانی . . دوو ساڵ دوور لە خۆشەویست و هاوڕێ و یاران . .

دوو ساڵ تێپەڕی بەسەر فرۆشتنی تۆمدا ، چەندەها جار ڕۆژانی ڕابووردووی بەبیردەهاتەوەو بە ناخی زەویدا دەچوو ، نیگەران و شپرزەی ماڵ و منداڵو دۆستانی بوو نەك بارو وەزعی خۆی ، جگەلەوەش تۆم پیاوێکی بەئایین و لەخواترس بوو بڕوای بە چارە نووس هەبوو بێ دەنگ ، وەلأمی نامەکەی لە جۆرجی کوڕی شلبی یەوە بۆ هاتووەکە بە درێژی دەنگ و باسی خاو خێزانی تێدابوو لەوانەش باسی چوونی کلۆ بۆ لویزفیل تا ئیش بکاو پارەکۆبکاتەوە لەم لاشەوە ئاشنایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئیڤا ڕۆژ بە ڕۆژ بەتین ترو پتەو تر دەبوو وڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ ئیڤا خۆی نە شوونومای دەکرد ، تاوای لێهات بەختیار ترین ساتی تۆم ئەوە بوو دڵی ئەو کیژۆڵە نازدارە ڕازی بکا .

کە دەچوو بۆ بازار دەگەڕا جوانترین وناسکترین چەپکە گوڵی بۆ دەکڕی و گەورەترین لیمۆی بۆ پەیدا دەکرد ، کە دەگەڕایەوە ئیڤا بەر دەرگاکەی لێ دەگرت و هەمان پرسیاری لێدەکرد :

-«ئەمڕۆ چیت بۆ هێناوم بابە تۆم ؟ !»

ئێوارەیەك لە باخەکە دانیشتبوون ، ئیڤاش لەوێ بوو کتێبی پیرۆزی لە کۆشدا بوو دەی خوێندەوە ، لەپڕ وەستاو (باسی) بە مام (تۆم)ی ووت کە ئەو سروودەی بۆ بڵێ کە باسی مەزنی و گەورەیی ئەو فریشتانە دەکا بەرگی سپی و پرشنگ داریان پۆ شیوەو چڵە داری سەرکەوتنیان بە دەستەوەیە ، کە تۆم تەواو بوو ، ئیڤا ووتی :

-«باوە تۆم ! من ئەمەوێ بچم بۆ ئەوێ ! بۆ ئەو شوێنەی کە گیانە پرشنگ دارەکان سەمای تێدا دەکەن ! !

ئەم وشانە وەك نەشتەر جەرگی ئەو پیرەمێردەی یەکالأ کردەوەوە بە تایبەتی کەدەبینی ئەو دەستە خنجیلانەی ئیڤا تا دەهات باریکترو لاوازتر دەبن و تا دێ هەناسەی گرانتر دەبێ دەنگی ئۆفیلیا باسەکەی پێبڕین ..

-«ئیڤاگیان وەرەوە ژوورێ ! ئەها شەونم دەبارێ با تەڕنەبی وسەرمات نەبێ دەی کچەکەم !

ئۆفیلیا بە وریایی خۆیدەرکی بەوە کردبوو کە ئیڤا نەخۆشییەکی پیسی هەیەو ڕۆژ لە دوای

ڕۆژ زیاتر پەکی دەخاو گیانی لێ دەستێنێ ، بە تایبەتی ئەو وشکە کۆکەو سووربوونەوەی سەرکولمەکانی ..

ئۆفیلیا بە سانت کلیری ڕاگەیاند کە ئیڤا تووشی چۆن نەخۆشی یەك بووە بەلاَم ئەو نەدەچوو بە مێشکیا هەر چەندە ئیتر کەوتە چاودێری کردنی کچەکەی ..

لەو ماوەیەدا براکەی ئەلفردسانت کلیر سەری دان وکورەکەشی (هنریك) لەگەلّ خۆی هێنابوو کە تەمەنی دوانزە سالێك دەبوو تا چەند ڕۆژێك لای ئەمان بەسەر بەرن‌و لەسەردەریاچەی «بۆنشارترین» بە خۆشی ڕابوێرن .

سەیر ئەوە بوو کە ئەودوو برایە (ئوغەستین‌و ئەلفرد) هەموو ڕەفتارو بیرو هەلّس‌و کەوتیان دژ بەیەك بوو کەچی هەرگیز یەکتری‌یان لەپێش چاو نەدەکەوتوو لێك بێزار نەدەبوون . هنریك وەك باوکی بەفیزو ئاغایانە ڕەفتاری دەکرد هەر ئەوەندە چاوی بە ئیڤای ئامۆزای کەوت شێت وشەیدای نەرم ونیانی‌و جوانی بوو .

ئیڤا جوانوویەکی سپی هەبوو دەتسوت کلوی‌بەفرە ، تۆم بۆی هێنایە بەر هەیوانەکە تا لەگەلّ هنریك بچن بۆ گەڕان .

لە هەمان کاتدا منالّێکی ڕەش ئەسپێکی بۆ هنریك هێنایە پێشێ ، هنریك زۆر لاقی بە ئەسپەکەیەوە لێ‌دەدا کە چاوی پی‌کەوت لە منالّەکە توورەبوو ووتی :

-«سەلکە سەگ بۆ ئەم بەیانی‌یە ئەسپەکەت ڕنە نەکردوە . . ها ؟

-«بم بەخشە گەورەم ! بەو خوایە کەمێك تۆزی لێ نیشتووە !

دیسان هاواری کردەوە :

-«بێ دەنگ بە نارەسەنی هیچ و پووچ» ئەمەی ووت‌و قامچی‌یەکەی بەرز کردەوە پێش ئەوەی بتوانێ خۆی لادا چزا بە دەمو چاوی‌یا ئنجا دەستی گرت‌و کوتای بە زەوی‌داو بە پێلەقەو قامچی تی‌ی کەوت تا دەست وقاچی شل‌بوو .

تۆم لی‌ی نزیك بۆوەو ووتی :

-«گەورە خنجیلانەکەم ! من ئەزانم ئەووِیستی بلێ کە ئەسپەکەت هێندە بۆشناخ‌و بەکارە هەر کە لە گەورەکە هاتە دەرێ کەوتە غارو گلان هەندێك تۆزاوی بوو !»

-«تۆ لە خۆتەوە چەنەبازی مەکەو تاپرسیارت لێ نەکەن وەلاَم مەدەرەوە !»

ئینجا ڕووی کردە ئیڤاو ووتی :

-«ببورە ، ئامۆزا ، ئەو کەرە دوای خستین . . ئەوە چی‌تە ؟ بۆ وا غەمباری ؟ !

ئیڤاش ووتی :

-«چۆن دلّت بڕوایی هات ئەو منالّەت ئاوا لی‌کرد !!»

تەڵەکەبازە»

–«تۆ نای ناسی ، ئەوە درۆزنو تەڵەکەبازە»

–«بەلاّم خۆ باوە تۆم ووتی کە شتەکە بە رێکەوت بووە . . وتۆم درۆ ناکات !»

–«کەواتە ئەم قوڵلە پیرە تاکە لە ناویانداو ؟

–«کەواتە ئەم قولله پیره تاکه له ناویانداو ئەیانگرێ» .

کچێ تۆ چروزانی ، بەخوا هەر بڵێ قسەبکەن درۆ نەکەن ژان ئەیانگرێ» .

–«سووچی خۆتە . . ئەوەتا بەم لێدانو دارکاری‌یە فێری درۆی ئەکەی . . چونکە بێ بیانوو

« دو دو » ت داپلۆست . .

ئەوە لەبری جارێکی تر کە بیانووم ئەبێو لێی نادەم . . بە هەر حاڵ لەمەو دوا لەبەر چاوی تۆ دارکاری ناکەم ئەگەر تۆ پێی دڵتەنگ دەبی.. ئیڤا ئەم قسەپڕو پووچانە نەچوو بە گوێیا بەلاّم کۆڵی دا چوونکە ئەیزانی کە ناتوانێ کاری‌تێبکا .

پاش دوو رۆژ ئەلفردو کورەکەی رۆشتنەوەو ئیڤاش وردە وردە نەخۆشی‌یەکەی پەرەی‌سەند ، باوکی بڕیاری‌دا پیشانی پزیشکی بدات ، هەر چەندە لەو بڕوایەدا بوو کە چوونەلای پزیشك دان نانە بەو نەخۆشی‌یە نەفرەت‌لێکراوەدا بەلاّم ژنەکەی «ماری» سەری ئەوەی نە ئەبەرزا بزانێ کچەکەی چی‌یەتی ، چونکە خەریکی دووسێ نەخۆشی تازە بوو کە پێی‌وابوو تووشی بوون ، لەو بڕوایەش‌دا بوو کە هیچ کەسێك نی‌یە لەو زیاتر دەردەدارترو خەستەتر بێ ، هەرچەندە ئۆفیلیا ویستی کە تێی بگەیەنێ کە کچەکەی چەند نەخۆش وبێ تاقەتە ، بەلاّم بێ هوودەبوو تا پزیشك هاتە ماڵەوە ئینجا نەخۆشی‌یەکەی بەتەواوی پەرەی سەند و بۆی کەوت ، ئەوسا دایکی کەوتە لاواندنەوەو گلەیی کردن لە بەختی خۆی و دەیووت : هەر دەمزانی کە بەد بەخترین دایك دەبم !

پاش پانزە رۆژ دەرمان خواردنو چارە تۆزێك ئیڤا بەرەو باشتر رۆیو دەیتوانی هەستێتەوەو وردە وردە بگەڕێو زەردەخەنە بگەڕێتەوە سەرلێوی ، باوکی لەو بڕوایەدا بوو کە ئیتر کچەکەی چاك بۆتەوەو نەخۆشی‌یەکەی پەڕیوە ، بەلاّم دوو کەس لەو ماڵەدا بەو هەستانەوەیەی نەخەڵەتان ئەو دووانەش پزیشکەکە و ئۆفیلیا بوو . ئینجا دڵە ناسکەکەی خۆشی ، ئیڤا کە باش دەیزانی بەرەو باوەشی مەرگ دەروات .

ئێوارەیەك بە شادی و خۆشی‌یەوە دیاری بۆ هێنا بوو بەلاّم کە بینی لەبری چۆوە چی بۆ هێناوە ، کە دی ڕەنگی ئاوا هەڵبزرکاوەو تێك چووە ، ئیڤا ووتی :

–«بابە دەمێکە دەمەوێ شتێکت پێ‌بڵێم ، ئەوا ئێستا قسەت بۆ دەکەم پێش ئەوەی نەخۆشیەکەم هەناوم لێ ببڕێ ، هەر هەوڵێکم لەگەڵ بدەن بێ‌هوودەیە وکاتی ئەوەش هاتووە ماڵ ئاوایی تان لێ‌بکەم .

باوکی تینی دایە خۆیو ویستی شێواوی خۆی‌بشارێتەوە بە زەردە خەنەیەکەوە ووتی :

–«کچە شیرینەکەم وا مەڵێ ! تۆزێ غیرەتت بێ ! ئەگەر وابکەی زوو دەڕوخێی ! سەیرکە

سەیرکە چۆن بوکێکم بۆ هێناوی»

-«واز لەمانە بێنە بابەگیان ! خۆم دەزانم تەواونیم‌و وا چاکترە زووتر بچمە لای فریشتەکان‌و خۆم لە خەم‌و پەژارەو نیگەرانی سەر زەوی ڕزگار بکەم .

-«ئەو شتانە چین وا خەم وپەژارەت دەدەنێ گیانەکەم ! هەرچی لە دەستم بێ بۆت دەکەم تا دڵخۆش‌و کامەران بیت . . بەقوربان» !

- من بۆ کۆیلەکان خەفەت دەخۆم‌و دڵتەنگم . . زۆر منیان خۆش دەوێ‌و بەنەرمی ڕەفتارم لەگەڵ دەکەن .

چەندم پێ خۆشە هەموو ئازادو سەربەست بن !»

-«ئەی گوایە کچم لێرە دڵ خۆش وبەختەوەرنیت ؟ !»

-«بەڵێ . . بەڵام ، خوانە خواستە ئەگەر تۆشتێکت‌بە سەرهات ئەوائەو داماوانە چی‌یان بەسەردێ ، کەم کەس لەتۆ دەچێ بابە گیان ! نە دایکم‌و نە مامم هیچیان وەك تۆ نین» .

-تۆزۆر هەستت ناسکە بەقوربان ! بۆ ئاوا دڵتەنگم ئەکەی بەم قسانە !»

-«بەڵێ بابە گیان ئەوە زۆر ئازارم دەدات ! دەتەوێ بەختیارو کامەران‌بم ؟ لە کاتێکدا زوربەی خەڵکی دەربەدەرو بێ‌دەرەتانن ! ! باشە بابە گیان هیچ ڕێگایەك نی‌یە بۆ ئازاد کردن‌و ڕەها کردنی هەموو کۆیلەکان ؟؟

-«ئەوە زۆر زەحمەتە کچی شیرینم ! ڕاستە کۆیلایەتی نەفرەت لێ‌کراوەوو بەدە ! بەڵام من بە تەنیا لەتوانامدا نی‌یە لە ناوی بەرم ..

-«بەڵام بابە گیان تۆ پیاوێکی ڕەوشت بەرزو دەروون پاکی و هەموو کەسێکت خۆش دەوێ و جگە لەوەش زوو خەڵکی ڕازی دەکەی ، باشە ناتوانی بەسەر کێڵگەو گوندەکاندا بگەڕێی و بە ئاغاکان بڵێی کە دەبێ کوێلەکان ئازاد ببن ؟ پەیمانم دەدەیتێ پاش مەرگم ئەوە بکەی ؟

-«مردن ؟ . . تۆ دەمری ؟؟ ئیڤا گیان قەت ئەوە مەڵێ ! ! ئەی گوایە تۆ نازانی کە تۆ هەموو شتێك‌و هیوای منی لەم ژیانەدا»

-«منالەکەی «برۆ»ی قوربەسەریش تەنها هیوای بوو ! سەرەڕای ئەوەی خۆی گوێی لێ‌بور کە دەگریاو . . دەگریا . . تا تاساو سوێی بۆوەو مرد . . بابە گیان خۆ ئەوانیش منالی خۆیان خۆش دەوێ وەك تۆ ، دە هەوڵێ بدە بۆ ڕزگار بوونیان»

-«بێ هیوا مەبە کچە نازدارەکەم . . تو خوا لە مەرگ مەدوێ . . هەر چیت دەوێ بۆت دەکەم . . بە قوربانت بم !»

-«کەواتە پەیمانم بدەرێ ، تۆم ئازاد بکەی وسەربەستی پێ‌ببەخشی» هەندێك وەستا «یەکسەر دوای مەرگم» .

سانت کلیر دایە پڕمەی گریان ووتی :

-«باشە بەقوربان . . بەخوا چیت دەوێ بۆت دەکەم !» شەو داهات‌و بەجووتە بێ‌دەنگ بوون‌و ئۆغەستین ئەولاشە لاوازەی ئیڤای لە باوەش گرتووەو خوڕ خوڕ فرمێسك بە چاوی‌دا دێتە خوارێ .

١٧ - مردنی ئیڤانگلین

ئیتر ئیڤا ، نەیتوانی‌یەوە جارێکی تر لە ژوورەکەی خۆی بێتە دەرێو لەناو جێ‌دا بۆی کەوت .
ڕۆژێك دایکی لە تەنیشتینەوە دانیشتبوو کە ئیڤا پێی ووت :
-«دایە . . ئەمەوێ قژم ببڕم تا هەر برادەرو دۆستێکی خۆم هەیە چەند تاڵێکی بدەمێ بۆ یادگار ، دە ئۆفیلیام بۆ بانگ کە تا بۆم ببڕێ» .
سانت کلیر هاتە ژووری وئۆفیلیاش بە مەقەستێکەوە . . هاتەژوری - باوکی ووتی :
«ئەوە چی ئەکەی ؟ !
ئیڤا وڵامی دایەوەو ووتی :
-«تکام لە ئوفیلیا کردوە قژم بۆ ببڕێ . . چونکە زۆر بووەو بێ تاقەتم دەکا»
سانت کلیر مات‌و بێ دەنگ بوو بەڵام لە تاوا وەختەبوو بەتی دڵی بپچڕێو ، لەو لاشەوە تاڵ تاڵ قژ دەکەوتە کۆشی ئیڤاوە .
ئینجا ئیڤا داوای لە باوکی کرد هەموو کۆیلەو برادەرەکانی بانگ بکات ، کە هاتن ئیڤا بە چەند وشەیەکی دڵتەزێن ماڵئاوایی لێ‌کردن‌و هەریەکەی هەندێ لە قژی دانێ ئەوانیش بە کوڵ دەگریان و دامێنی کراسەکەیان دەلستەوە لەوەشیان زیاتر نەبوو کە پێشکەشی بکەن .
ئۆفیلیا لەم دیمەنە پڕغەمە تۆقی وخێرا هەرچی یادگاری وەردەگرت‌دەیکردە دەرێ تا «تۆم ودایەی،ئیڤاش ووتی :
-«ئەم‌تیسکە گەورەیەش بۆ تۆ باوە تۆم ، زۆر بە ختیاریش دەبم لە ئاسماندا بت بینم ، هەروەها تۆش دایە ، مامی ، ئەی (مامی) میهرەبان وخۆشەویست ئەزانم تۆش لەوێ دەبینم» .
پاش چەند ڕۆژێك ئیڤا . . ئەو فریشتە پاك‌و بێ‌گەردە ، بە یەکجاری ماڵئاوایی لەم جیهانە کردو بە جارێ پەتی دڵی باوك‌و دۆستانی پسان ..

Scanned with CamScanner

١٨ – بەیەك گەیشتن

کە ئیڤا بەخاك سپێررا دایکی کەوتە جێگاو شەوورۆژ بێ ووچان و بەکوڵ دەگریاو قوڕی دەپێواو هەموو کۆیلەکانی خستبووە ئەشکەنجەوە و بواری نە ئەدان پشوویەك بدەن. «تۆم» یش بە ماتو بێ دەنگی وەك سێبەر بەدوای ئاغایەوە بوو، کە دەیبینی سانت کلیر لە ژوورەکەی ئیڤا چۆکی داداوەو کتێبی پیرۆزی لە کۆش دا داناوەو بێ ئەوەی یەك وشەی لێ بخوێنێتەوە. (کە ئەم دیمەنەی دەدی) دەیزانی کە ئەم ئازارو دەروون هەڵقرچانە زۆر لە هەراو هوریا و لەخۆدانەکەی ئاغاژنی جەرگ براو کاری گەرترە..

خێزانەکە، گوندەکەیان بەجێ هێشتو گەڕانەوە بۆ ئۆرلیانی نوێ، «سانت کلر» دەی ویست بە خوێندنەوە لە سیاسەت دوان زامی دڵی ساڕێژبکا، بەڵام ئەم خۆ خلافاندنە دڵی لە سەرگەردانیو وێڵی ڕزگار نەدەکرد.

هەر کە گەیشتەوە ئۆرلیان دەستی کرد بە هەوڵ دان بۆ ئازاد کردنی تۆم، چونکە ئەو هەوڵدانە پێویست بە ئەنجام دانی چەند کێشەیەکی یاسایی ئاڵۆزبوولەو بارەیەوە، تاتۆم ئازاد بکات.

بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تۆم دەچوو بە دڵیا چونکە تەنها کەسێك بوو کە دەیتوانی، دڵی بداتەوەو ڕۆژانی ڕەشی بۆ ڕوون بکاتەوە و بەهۆی ئەویشەوە هەموو جارێ ئیڤای بیردەکەوتەوە.

ڕۆژێك بە تۆمی ووت :

-«ئەزانی، خەریکم ئازادت دەکەم، خۆت ئامادە بکە بگەڕێیتەوە بۆ کەنتاکی».

تۆم دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمانو بە شادیو خۆشییەوە ووتی «سەد شوکر بۆ تۆ خوایە» ئەمە بەدڵی سانت کلیر نەبوو بۆیە بەدەم گلەییەوە پێی ووت :

-«وابزانم لێرە ئەوەندە نەچەوساویتەوە تا ئەوەندەت پێ خۆش بێ بەجێمان بهێڵی»

-«ببورە گەورەم! خۆشی و کامەرانی من هەرگیز لەوەدا نییە لەئێوە دوورکەومەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیەکە ئیتر ئازادو سەربەست دەبم.

ناشتوانیت «بەلاّم ئەوەش بزانە کە ژیانت لێرە زۆر بێ گێرمەوکێشەترە لە ژیانی ئازادیت !»
-«بەلاّم ئەوەش بزانە کە ژیانت لێرە زۆر بێ گێرمەوکێشەترە لە ژیانی ئازادیت !»

-«بەلاّم ئەوەش بزانە کە ژیانت لێرە زۆر بێ گێرمەوکێشەترە لە ژیانی ئازادیت !» ناشتوانیت خواردن‌و جل‌وبەرگی وەك ئێرە مسۆگەر بکەیت ؟ !»
-«وایە . . دەزانم گەورەم ! ئەوە چاك دەزانم کە تۆ چەند میهرەبان و خانەدانی . بەلاّم کوخێکی قوڕو بەرگێکی دڕاوی هەژارانەی خۆم زۆر چاکترە لەم کۆشك‌و تەلارو جل‌وبەرگە بە نرخەکە هی خۆم نین .
ئەی وانی‌یە گەورەم ؟ گوایە ئەوەڕاست نی‌یە ؟»
-«بەڵێ» بەڵێ . . بۆیە لەکۆتایی ئەم مانگەدا ڕەنگە بڕۆیتەوە» .
ڕۆژێکی تر ئۆفیلیا ویستی دەربارەی کۆیلەکان قسە لەگەڵ کوڕی مامەکەی‌دا بکاوپێ ووت :
-«ئۆغەستین ، هەتائێستا بیرت لەوە نەکردۆتەوە کەپاش خۆت ئەو کۆیلانە چی‌یان بەسەر دێت ؟ ئەم دڵ نەوایی‌و نازەی تۆ فێرت کردون زیانیان لێ‌دەداو بگرە تۆ بەوە هیچ خزمەتیان ناکەی»
سانت کلیر ووتی :
-«ڕۆژێك دەبێ بیری لێ بکەمەوەو بڕیارێکی لەسەربدەم ..
-« ئەگەر خوا نەخواستە شتێکت بەسەر هات ! !»
ئۆغەستین ، ڕۆژنامەکەی خستە ئەو لاوەو ووتی :
-«مەبەستت چی‌یە ئۆفیلیا خان ؟ ! بۆ هیچ نیشانەیەکی ڕشانەوە یا گرانە تام پێوە دیارە ؟ بۆ ئەوەندە بەلاتەوە گرنگە کاروبارم تەواوکەم وەك یەکێك چاوەڕێ‌ی مەرگ‌بکا» .
هەستاو چووەلای تۆم کە خەریکی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بوو . . پی‌ی ووت :
-«بۆت بخوێنمەوە ؟»
-«ئەگەر ئاغام ئارە زوو بکا !»
سانت کلیر ، کتێبەکەی لی‌وەرگرت‌و یەکێ لەو بڕگانەی خوێندەوە کە تۆم لەلایەوە هەندێ لەما نا کەی نووسیبوو . وادیار بوو لە دەنگی خۆی سەری سووڕما وا لەپڕ هەستاو چووە هەیوانەکەو پاڵی‌دا بە کۆڵەکەیەکەوەوکەوتە داڵنەوە .
تۆم ئاگاداری کردەوەو پێشی ووت کە دوو جار بانگ کراوە بۆ چا خواردن ، لەسەرچا خواردنەوەکەش هەر بێ دەنگ ومات بوو دوایی چووە هۆڵەکە بێ ئەوەی نقە بکا ، ئنجا بە ماتی چووە سەر پیانۆکەو ئاوازێکی غەمناکی لی‌دا هە . تەسێك گوی‌ی لی‌بوایە دەتوت قسە لەگەڵ خۆی دەکا کە تەواو بوو هەستاو بە ئوفیلیای ووت :
-«نازانم بۆچی هێندە بیری‌دایکم دەکەم ئەم ئێوارەیە ؟ !»
ئەمەی ووت‌و دەستی دایە شەپقەکەی‌و لەماڵ چووە دەرێ تا هەندێ دەنگ وباسی نوێ ببیستێ .

تۆم لەبەر هەیوانەکەدا توتکەی کردبوو و بەخەیالّ و دالّغەی خۆی چوو بووەوەلای خێزانەکەی
چاوی بڕیبوە سەرەو خوارەی حەوشەکەیانو گوێی لیّ‌شل کردبوو بۆ تکەی دلۆپە ئاوەکان . .
سبەینیّ ئازاد دەکریّ . . جارێکی کە ژنو منالّە کانی سەرلەنویّ دەبینیّو و بەهەموو تینی
لە باوەشیان دەگریّ . . کە سەر بەست بیّ بە هەموو هێزو توانایەوە کاردەکا تاژنو منالّەکانی
دەکرێنەوەبەودوو بازۆلّە بە هێزانەی بیّ‌ئەوەی ئاگای‌لیّ بیّ دەستی دەهێنا بە بازووی‌دا !! و
دەبووت ماوەیەکی تر دەبنەمالّی خۆی ، لەم خەوە خۆشە ڕاپەڕیو گوێی لە لێدانی
دەرگا کەبوو کە بیّ بڕینەوە لیّ‌یان دەداو غەلّبە غەلّبێکیش لەو دیوەوەدیّ ، کە دەرگا کەی
کردەوە . . سیّ‌چوار پیاو خۆیان‌کرد بە ژوور داو یەکێکیان بە چوار دەستە هەلّگیرابوو و
بالّتۆیەکیان تێوە پێچاوە ، هەر لەگەلّ تیشکی چرا کەی لیّ‌دا ، تۆم هاواری لیّ‌هەستا و
مالّەکە دەنگی دایەوە ، بریندارەکە ئۆغەستینی ئاغای‌بوو ، بردیانە هۆلّەکە و کە لە

پیاوەکانیان پرسی چی‌بووە ووتیان کە ئۆغەستین لە چایخانەیەك دانیشتووەو لەویّ یەك
دووسەرخۆش لیّ‌یان بووە بەشەڕ و ئەم وچەند کەسێکی تر دەکەونە بەینەوە تا ناو بژی‌بکەن
ئۆغەستین دەیەویّ لێکیان جیا بکاتەوە وخەنجەرەکە لە دەستی یەکێکیان وەربگریّ !! کابرای
شەرکەر دەیکا بە ورگی ئەماو خەلّتانی خوێنی دەکا .

هێندەی نەبرد مالّ پڕبوو لە شینو واوەیلاو لە خۆدان، کۆیلەکان قژیان دەرنیەوەو
هەندێکیان خۆیان لە قوڕ هەلّدەکێشا . ئاغاژنیش حەپەسابوو و وڕێنەی دەکرد. لە کورتی
کەس لەمالّەکەدا لەسەرخۆی نەبوو ئۆفیلیاو تۆم نەبیّ .
ئوغەستین لەسەر تەختێك پالّ خراو ئوفیلیا هەندیّ خویّ‌باوی کرد بە قورگیا تا هۆشی بێتەوە ،
پاش تۆزێك چاوی کردەوەو بە هێواشی چاوی دەگێڕا بەهەر چوار دەورداتا لەسەر وێنەی
دایکی وەستا !
پزیشك گەیشت‌و پاش سەیرکردنی تیماری‌کرد بەلاّم بە چاوەکانیا دیار بوو بیّ هیوا بوو لە چاك
بوونەوەی.خزمەت کاروکارەکەرەکان لەبەر دەرگا خڕبوونەوەو بە کولّ دەگریان ، ئوغەستین
لە بەر خۆیەوە ووتی :
-«ئای بەد بە ختانە . . قورتان بەسەر پاشان دەستی گێڕاو خستی‌یە سەر دەستی تۆم‌و ووتی :
-«تۆم ! ئای کە نەگبەت‌و چارە ڕەشی»
ئەمەی ووت‌و ڕەنگی مردوی لیّ‌نیشت ، لەودەم‌و چاوە هێمنەی ئەد ووت دەم‌و چاوی
ساوایەکە ، ساتێکی نەبرد گیانی سپارد . بەلاّم ، هێشتا دەستە سپیەکانی ئۆغستین بە دلّنیاییە
وە لەسەر دەستە ڕەشەکانی تۆم دابوو . .

١٩ – ئەوانەی مرۆڤ دەستبەرداریان بووە

هەر ئەوەندەی سانت کلیر دواهەناسەی‌دا ، ترس‌و ماتەمینی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاو چریکەو هاوارو قیژە لە هەموو لایەکەوە بەرزبۆوە .

ماری ، زۆر لەوە بێ هێزتر بوو کە بەرگەی کارەساتێکی ئاوا بگرێ ، مێردەکەی لەسەرە مەرگدا بوو کە ئەم ، جار جار هۆشی دەهاتەوە سەر لەنوێ بۆ جارێکی کە لە هۆش خۆی دەچووەوە . .

بەڵام ئۆفیلیا دانی بە خۆی‌دا دەگرت‌و دەستی کرد بە ڕێکخستنی ئامادەکردنی پێویستی ئەو جۆرە ڕوداوانەو بە جووتە لە گەڵ تۆم چی پێویستبوو کردیان تا ئاغای جوانە مەرگیان بەخاك سپارد .

ئەو کاتەی کە تۆم خەریکی ناشتنی ئاغای بوو لە دەرونیا هەستی بەوە دەکرد کە ئیتر ئازادی نەماو دەرگای ئەو هیوایەشی بەسەردا داخراوپاش چەند رۆژێك دوای مردنی سانت کلیر، تۆم لەبەر هەیوانەکەدا وەستابوو کەئۆدولۆف بەماتی خەمناکی‌یەوە هاتە لای‌و پی‌ی ووت :

-«نەزانی تۆم ! هەمووومان دەفرۆشن ، ئەمڕۆ لەو دیو پەردەکەوە گوێم لەئاغا ژن بوو چی بە پاربزەرەکەی دەووت ، هەموو شتێکم بیست ، بەخوا دووسێ رۆژی تر هەراجمان دەکەن !»

تۆم هەستی دەکرد کە بەچنگێ دڵی دەگوشن ، لەو ساتەدا وێنەی ژن‌و منداڵەکانی وهیوای وون بوری بە ئازاد بوونی ، بەپێش چاودا وەك بروسکە تی‌دەپەڕین . . چوو بۆ لای ئۆفیلیا کە زۆر ڕێزی لە تۆم دەگرت‌و پی‌ی ووت :

-«ئۆفیلیا خان ! ئاغای خوالێ خۆش بووم پەیمانی دابوومێ ئازادم بکات‌و هەندێ ئیش‌و کاریشی لەو بارەیەوە کردبوو ، دەتوانی ئەرکی ئەوەم بۆبکێشی‌و بە ئاغاژن بڵی‌ی بەڵکو ئەو کارانەی مێردەکەی دەستی پی‌ کردبوو لەم بوارەدا ئەم تەواوی کا ؟»

-«بەسەر چاو من پی‌ی دەڵێم و هەوڵیش ئەدەم ڕازی بکەم ! هەر چەندلەو بڕوایەدا نیم بە قسەمان بکات .

ئۆفیلیا چووە ژوورەکەی ماری کە سەیری کرد لەسەر تەختێك پاڵ کەوتووەو هەندێ قوماشی لەبەر دەستایە لی‌یان هەڵدەبژێرێ بۆ پرسە .

ئۆفیلیا وستی بە نەرمی لەگەڵی‌بدوێ ، بەڵام هەرکە ئۆفیلیای دی ووتی :

-«هیچم نی‌یە لەبەری‌کەم . . دەبێ کراسێکی نوێ بکەم چونکە هەفتەی داهاتوو دەرۆم . . براکەی ئۆغەستین نامەیەکی ناردووە و دەڵی دەبێ هەرچیمان هەیە بیفرۆشین‌و بچینە لای ئەو وخانووەکەش بمێنێ تا دوایی و لەسەر خۆ دەیفرۆشین .

ئۆفیلیاش ووتی :

-«شتێك هەیە دەمەوی بیڵێم . . ئۆغەستین کاتی خۆی بەڵێنی دابوو کە تۆم ئازاد بکاو دەستیشی پی‌ کردبوو ، منیش لەو بڕوایەدام کە تۆش ئەو پەیمان‌و بەڵێنەی ئەو دەبەیتە سەرو کارەکە تەواو دەکەی !»

ماری بە تووڕەیی‌یەوە قسەکەی پی‌بری ووتی :

-«دڵنیابە من قەت ئەوەناکەم ! چونکە تۆم چاکترین کۆیلەی ئێمەیەو لە هەموو شیان پتر پارەدەکا ، نەبەخوا هەرگیز ئەوە ناکەم ! جا ئەو ئازادی بۆ چی‌بە ، کچێ ئێستای سەد قاتی ئازادبوونی خۆشترە !»

-«بەڵام دەیەوێ ئازاد بکرێ‌و ئاغاشی پەیمانی ئەوەی پی‌ دابوو !»

-«دەیەوێ . . دەیەوێ ! هەموویان ئازادی‌یان دەوێ !
-«ئەوانە بەهیچ قایل نابن‌و چیان نەبێ داوای ئەوە دەکەن ، خۆشم دژ بە ئازادکردنی کۆیلەم ، چونکە هەر ئەوەندە باش دەروا تا ماڵی خۆت بێ ، کە ئازاد کرا تەمەڵ‌و تەوەزەل دەبێ‌و خوودەداتە خواردنەوەو دەبێ بە مرۆڤێکی پیسی بێ کەڵك .. سەدەها شتی‌وام دیوە !!
-«بەڵام تۆم لەو جۆرەکەسانە نی‌یە . . تۆم لە خواترس‌و ڕاست گۆو ئیش کەرو ئازایە !!»
-«من ئەوە ئەزانم‌و پی‌ویستم بە کەسێ نی‌یە بۆم ڕوون بکاتەوە ، تۆم هیچی لەوان زیاتر نی‌یەو ئێستا باشە چونکە ماڵی ئێمەیە . . زۆرم لەوانە دیوە !!»
-«ئەی ئەگەر کەوتە بەر دەستی ئاغایەکی زۆردارو زاڵم»
-«ئەو قسە پڕو پووچانە تچی‌یە ؟ ! لە سەدا یەکی ئاغاکان زۆر دارنین ، خۆم لە باشوور لە دایك بووم‌و لەوێش گەورەبووم و لەژیانم‌دا یەك ئاغای زۆر دارم نەدیوە !! لەم بارەیەوە من زۆر دڵنیام» ئێفیلیا ئەم جارە بە تورەیی‌یەوە ووتی :
-«باشە ! بەڵام ئەوەی من دەیزانم دوا ئاواتی مێردەکەت ئەوەبوو چونکە پەیمانی دابوو بە ئیڤای خۆشەویستمان کە لەسەر جێگەی مەرگ کە وتبوو و باوەڕیش ناکەم تۆش ئەوپەیمانە بخەیتەپشت گوێ !!»
هەر ئەوەندەی ئۆفیلیا ئەمەی ووت ماری دەسرەکەی گرت بە دەم‌و چاوی‌یەوە دەستی کرد بە شین‌و گریان‌و بەدەم هەنسکەوە دەیووت :
-«ئێوە هەموو ڕقتان لێمەو دژی منن ! . . تۆ ! قەت لەو بڕوایەدا نەبووم ئاوام لی‌بکەی وکارەسات‌و دەردی کۆنم بخەیتەوە یاد و زامی دێرینم بکولێنیتەوە . . تۆ هیچ گوێم نادەیتێ ! ئای ! چۆن کۆستم کەوتووەو دەردم گرانبووە ! تەنیا کچێکم بوو ئەویش مەرگ هەڵی لووشی ! مێردە میهرەبانەکەشم ! ئەو نەبێ کێ دەم پارێزێ و گوێم دەداتێ ! ڕوو بۆ کوێ بکەم خوایە ؟ ! تۆش هاتووی زامەکانم دەکولێنیتەوە! دەتۆزێ بەزەییت پێم‌دا بێتەوە !»
هێندە گریا هەناسەی سوار بوو وبەپەلە «مامی» بانگ کرد پەنجەرەکانی کردەوەو دوگمەکانی سنگی ترازاندو شوشە کافوورەکەی بۆ هێنا ناوچەوانی پێ تەرکا .
ئیتر ئۆفیلیا بەجێ‌ی هێشت‌وچووەوە ژوورەکەی خۆی ، چونکە دڵنیا بوو کە قسەکردن بێ‌هوودەیەو هەر کە «ماری» زۆری بۆ هات دەداتە پڕمەی گریان‌و لە خۆدان و لەوە زیاتر هیچی بەدەستەوە نی‌یە کە ئارەزووی خۆی پێ بسەپێنێ .
ئنجا ئۆفیلیا نامەیەکی بۆ شلبی ئاغا نووسی وتیا ڕوون کردەوە کە تۆم تووشی نەهامەتی بووەو ، داوای لی‌کرد تا زووە بگەنە سەری .
بۆ ڕۆژی دوایی تۆم‌وئۆدوڵوف‌و نیو دەرزن کۆیلەی تر ڕاپێچکران بەرەو هەڕاج خانەی کۆیلەکان .

٢٠ – بازاڕی کۆیلە فرۆشتن..

کە بەر گوێت دەکەوێ بازاڕێك یا شوێنێکی تایبەت هەبێ بۆ کۆیلە فرۆشتن لەوانەیە دیمەنێکی پڕستەم ونالەبارت بێتە بەر چاو بازرگانە خوێن مژەکان دەبینی کە ئالوگۆڕ بە خوێن و گۆشتی ئەمو ئەو دەکەن ، کەچی ئەم دیمەنە لە ڕاستیدا وانیە ئەگەر چی هەر ڕووکەشیش بێ – بازرگانەکانی کۆیلە فێر بوون چۆن ڕەواج بە ماڵەکەیان دەدەن ، کۆیلەکان قەڵەو دەکەنو جل وبەرگی باشیان لە بەردەکەنو لە جوانترین شێوەدا دەیان هێنە بازاڕ ، سەرەڕای ئەوەش جێگای فرۆشتنیان هەمیشە پاكو خاوێنو ڕێك وپێکە و چەند نمونەیەك لە ژنو پیاو بەبەر دەرگاکان دادەنێن کە سەرنجی کڕیار ڕاکێشێ و بچێتە ژوورێ..

ئەگەر بۆت ڕێکەوت بە بەردەمی دوکانێکدا تێپەڕی ، خاوەنەکی یا شاگردێك زۆر بە ڕێزو نەزاکەتەوە پێشوازیت لێدەکاو دەتباتە ژوورێ بەڵکو دڵت یەکێکیان بگرێ چاوت بە کۆیلەکان بکەوێ لەو هەمووپیاووژنو گەنجو پیرو منالە ، کە دانراون بۆفرۆشتن بە کۆمەڵو بەدانە.

تا بەم شێوەیە ئەم مرۆڤانە دەفرۆشرێن یا بەکرێ دەدرێن بە پێی ئارەزووی بازرگانەکەو پێداویستەکانی بازاڕ.

ئۆمو ئو دۆلفو شەش کۆیلەی تربەرەو گەنجینەی میرزا (سەکگۆ)ی کۆیلە فرۆش بران. بۆ شەوێ هەموو کرانە ژوورێکی پانو بەرین وهێندە قەڵەبالغ بوو جمەی دەهات لە ژن وپیاو منال و هەراو هوریایەك بوو ئەو سەری دیار نەبێ.

ئۆم هێندە شپرزەو دڵتەنگ بوو توانای بەشداری ئەو گاڵتەبازارەی نەبوو ، بە تەنیا دوور لەوان کروشکەی کردبوو.

سەیر ئەوەیە کە کۆیلە فرۆشەکان هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەگەر چی ڕووکەشو درۆش بێ کۆیلەکانیان بەختیارو دڵخۆش دیار بنو بەردەوام قریوەیان بێ ، تا فریانەکەون بیر لەنەهامەتیو نەگبەتی خۆیان بکەنەوە ، لەوەش زیاتر ئەگەر بۆیان بکرێ هەموو هەستو هەستێکیان دامالن تا نەیەڵن دەرك بە ئازارو ناخۆشی بکەن بە تایبەتی ئەگەر بیانەوێ بیان فرۆشن بە ئاغاکانی باشوور ، ئەوەدەبێ گیانی قینەبەرابەتی گوێنەدانە ئازارو خوگرتن فێر بکرێن تا هەرگیز بیر لە ڕزگار بوون و ئازادی نەکەنەوە.

زۆر جار بازرگانەکان کۆمەڵێ کۆیلە دەکڕن لە فرجینیاو کەنتاکی، ئنجا دەیان بەندنا وچەیەکی خۆش و دلگیر تا تێر هەوای پاك هەڵمژن و خوارد نی باشیان دەدەنێ تا قەڵەو بینەوەو بۆ ئەوەی بێزاریش نەبن کەمان و مۆسیقایان بۆ دەهێنن وشەوڕۆژ زرمەیان دێو هەڵدەپەڕن و گۆرانی دەڵێن . جا قوڕبە سەر ئەو کۆیلەیەکە هاوبەشی ئەم نازو نیعمەتەی ئاغای ناکا !!

بۆ سبەینێ هەموو ئامادە بوون «سەکگز»خەریکی ئامادەکردنی کۆمەڵێکی جوان وڕێك بوو تا هەراجیان بکا ، و لە شێوەی بازنەیەکدا ڕیزی کردن و بەدار حەیزەرانێکەوە بە دەم جگەرە کێشانەوە یەك یەك بەسەریاندا دەگەڕا تابزانێ هەموو ڕێك وپێکن و یا کەم وکورتی یان نی یە .

بازارەکەش بریتی بوو لە بازنەیەکی گەورەی بەرین و لەلای سەرووەوە سەکۆیەکی جوانی مەرمەر دروست کرابوو ، کە هەمەچیزە پیاوی لەسەرەو لەملاو ئەولایەوە دوو بەستەی بچووکی تر هەیەکە دەلاڵەکان بە زمان لووسی و لێهاتووی خۆیان بە هەردووزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بە شان و باهوی کۆیلەکاندا هەڵدەدەن و خەڵکی جۆش دەدەن بۆ هەراج کردنەکە . .

لەو لاشەوە لەسەر سەکۆیەکی تر کۆمەڵێ کۆیلە وەستاون لەوانە (تۆم و ئەدوڵف) ، کە خەڵکێکی باشیان لێ کۆبۆتەوەو سەیریان دەکەن و دەستیان لێ دەدەن و قسەیان لەگەڵ دەکەن ، دەلێیت ولاخ هەڵدەبژێرن .

تۆم سەیری ئەو دەمو چاوانەی دەکرد کە دەورەیان لێ داوەو بیری دەکردەوە لە دڵی خۆیدا دەیووت ئەمانە هەموو کەتەو پیس وناقۆڵان هیچیان لە سانت کلیری جوانە مەرگ ناچن .

پێش ئەوەی هەراج دەست پێ بکا ، کابرایەکی کورتەبنەی تێك سمراو هاتە بازارەکەو کراسێکی یەخە دادڕاو پانتۆڵێکی کۆنی دارزیوی لەبەر دابوو هەر تەکانی دەداو خۆی دەکوتایە پێشێ . . دەتسوت زۆری پەلەیەو فریانا کەوێ .

کە گەیشتە سەر کۆیلەکان بەوردی تێی دەڕوانین وسەیری دەکردن. تۆم ، بە لاچاو سەیری دەکرد ، هەرکە بینی زەندەقی چوو وهەتا ئەو زۆرتر لێی دەهاتە پێشەوە . ئەم پتر دەترسا . .

لەگەڵ ئەو کورتە بالایی و بچووکی یەدا پتەوو بەهێز دیاربوو ، کەللەی زل و دووچاوی گەورەی سەوزو دوو برۆی ئەستوور وقژێکی زبری سوور دوو کوڵمی دەهاتن و دەچوون و هەندێ توتنی لەناو دەم نابوو دەیجوو جار جاریش تفی دەکردەوە .

دوو دەستی گەورەی تووکاوی و پەنجەکانی بە نینۆکی درێژی پڕلە چڵك دوای هاتبوو .

دەهات و دەچوو وکۆیلەکانی تاوتوو دەکرد ، چەناگەی تۆمی گرت و دەمی داپچڕی سەیری دانەکانی بکا ، باڵی پێ درێژکرد سەیری بازووی کرد ، پێ ی ووت هەڵبەزێتەوە و بازبدا تابزانێ قاچی تا چ ڕادەیەك بە هێزە ، ئینجا پرسیاری لێ کرد :

—«لەکوێ گەورە بووی ؟»

Scanned with CamScanner

تۆم سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد وەك یەکێك بیەوێ داوای یارمەتی بکا ووتی :
-«لە کەنتاکی»
-«چیت دەکرد لەوێ» ؟
-«خەریکی کشتوکاڵ بووم»
-«ئای لەو قسە قۆڕە !»
لەسەر ئەو لاچوو لەبەردەم ئۆدولف هەندێك وەستاو تفێکی کردەسەر پێلاوە بریقە دارەکەی‌و کە دەڕۆیشت لەبەر خۆیەوە جنێوی دەدا .
سێهەم جار لەبەردەم ئەمیلین‌دا وەستاو دەستێکی هێنا بەمل‌و گەردناو دانەکانی سەیرکردو پاڵێکی پێوە نا و دای بەسەر دایکی‌دا کە وەختە بوو لە داخا بمرێ کە ئەوەی دی .
.. فرۆشتن دەستی پێ‌کرد ، ئۆدلۆف پارەیەکی زۆری کردو درا بە گەنجێکی قۆز ، شەش کۆیلەکانی تریش یەك لە دوای یەك فرۆشران‌و ڕۆیشتن .
ئنجا دەلاڵەکە هاواری لە تۆم کرد :
-«هێی «کوڕە تۆ» . . وەرە» !
تۆم بە شپرزەیی سەرکەوتە سەر سەکۆکە، دەلاڵەکەش لەوەلاوە دەستی‌کرد بە هاوارو بانگردن کە لەبەر غەڵبەغەڵب‌و قەرەباڵغی کەس نەیدەزانی دەڵێ چی ، جارێ بەفەرنسی ، جارێ بە ئینگلیزی دەیقیراند و بە شان وباهووی تۆم‌دا هەڵی دەدا و هەرئەوەندەی زانی زرمەیەك هات‌و دەلاڵەکە هاواری‌کرد و ئەمیش لە دوا وشەی زیاتر گوێی لێ نەبوو. . دۆلار ، وخێری لێ ببینی . ئیتر هەموو شتێك برایەوە تۆم ئاغایەکی نوێی بۆ پەیدا بوو. لەسەر سەکۆکە دابەزی‌و کە دەبینێ کابرای کورتە بنەی قەڵەو وەستاوە ، شانی گرت‌و فڕێی دایە قوژبنێکەوە ووتی :
-«ئا لێرەدا بووەستە»
تۆم دەتگوت لە هۆش خۆی چووە و هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو ، هەراج کردن هەر بەردەوام بوو ، هاوارو بانگردن بەفەرەنسی . . بە ئینگلیزی‌و . . چەکوشی دەلاڵ زرمەی هات‌و دایکی ئیمیلین فرۆشراو جەرگی بڕا لە تاو کچەکەی‌و دەستی کرد بە پاڕانەوە لە ئاغاکەی بەڵکو کچەکەشی بکرێ ئەویش بەدەم تەماشاکردنی کچەکەوە ووتی :
-«با بزانم هەوڵێك ئەدەم»
ئینجا ئەمیلین چووە سەر سەکۆی فرۆشتن‌و هەراج کردن دەستی پێ‌کرد ، نرخی هێندە بەرزبۆوە ئاغاکەی دایکی ئیتر لە توانایا نەما زیاتری بکاو بیکڕێ ئاغاکەی تۆم ئەویشی قۆزتەوە .
ئەوە ماوە کە بڵێین ئاغاکەی تۆم‌و وئەمیلین ناوی (لیغری) یەو کێڵگەیەکی هەیە لەسەر ڕووباری سوور .

Scanned with CamScanner

٢١ – گوزەرکردن بە ڕووبارەکەدا . . .

پاپۆڕێك بە ڕووباری سووردا هەڵدەگەڕا . . لە سوچێکی‌دا تۆمی کڵۆڵ هەڵتروشکابوو دەستو پێ بە کۆتو زنجیرەو ، دڵ پڕ لە غەم وپەژارەو بێ هیوا . . هەموو شتێك بەسەر چوو . . ئای کە خەیاڵی خۆشی دەکردو هەمووی بەبا چوو . . کێڵگەی کەنتاکی . . ژنەکەی . . مناڵەکانی . . شلبی . . قژی زەردوچاوی کاڵی ئیڤا . . سانت کلیری پیاو چاك . . چەندەها کاتو ڕۆژی بەتاڵی‌و بێ کاری لە تەلارەکەی سانت کلیر . هەمووی ڕۆیشت . . هیچی نەما . . بۆ ؟ . . ئەی چی جێگەی ئەوانە دەگرێ ؟

(لیفری) پاش ئەوەی هەشت کۆیلەی لەم لاو ئەولا کڕی ، دوو دوو پێکەوە کۆنی کردن و بەرەو کەشتی‌یەکە لێ‌ی خوڕین کەناوی (دزی دەریا) بوو ، وەلە کەناری شارێکی قەراغ ئاوی نزیك لەنگەری گرتبوو .

کە کەشتی‌یەکە بە ڕێ کەوت ، لیغری ئاغا هاتو وکۆیلەکانی بەسەر کردەوەو لە بەردەم تۆمدا وەستا ، کە سەیری کرد جلو بەرگی پاكو خاوێنو ئالاو والای لەبەردایە وجووتێ پێلاوی جوانی لەپێ کردوە .

لیغری به توڕەیی‌وه تی‌ی خوڕی : هەسته سەرپێ ، تۆمیش لەبەر کۆت وزنجیری قاچ و دەستی به زەحمەت هەڵسا ، لیغۆ دەستی دایەیەخەی کراسەکەی و ڕای وەشاندو لەبەری داکەند ئنجا پەلاماری جانتاکەی داو کراس و پانتۆڵێکی ڕزیوی کۆنی دەرهێناو بۆی فڕێداو دەست و پی‌ی کردەوه ، تی‌ی خوڕی بچێ لەو لاوه خۆی بگۆڕێ و جله تازەکانی دانێ ، که تۆم خۆی گۆڕی و لی‌بۆوه ، خێرا لیفری دەست و پی‌ی زنجیرکردەوه ، گیرفانەکانی پشکنی دەسرێك و چەند بووکه شوشەیەکی بچووکی دۆزیەوەکه وەختی خۆی ئیڤا یاری پێ دەکردن . . دەسته سرەکەی خنی‌یه گیرفانی و بووکه شوشەکانیشی فڕێ دایه ئاوەکەوه وسەیرێکی تۆمی کرد بینی رادلۆپ دلۆپ فرمێسك به چاوی دا دێته خوارێ . .

جانتا گەورەکەی تۆمی هەڵگرت و بردیه ئەوسەری کەشتی‌یەکه کرێکاروئیش کەری ناو کەشتی یەکەی لی‌کۆبۆوەو چی تیا بوو هەراجی کردو فرۆشتی دوابیش جانتاکەی دانێ ، ئنجا هاتەوه لای تۆم ووتی :

-«گوێت لی‌بێ تۆم ! ئەوا بارم سووك کردیت و ئیتر ئاگات لەجل و بەرگ و پێلاوەکەت بێ چونکه بەم زوانه چاوت بەهی تر ناکەوێتەوه»

دروسێ هەنگاو هاته دواوەو نەڕاندی بەسەر کۆیلەکانی دا :

-«هەموو گوێتان لێم بێ ! سەیرم کەن . . سەیری ناو چاوم کەن . . چاوم !»

لەگەڵ هەموو دەم کردنەویەکدا قاچی دەکوتا بەزەوی‌دا هەموو چاویان تی‌بڕیبوو دەتسوت تۆقاندونی . . پاشان دەستی بەرزکردەوەو ووتی :

-«خۆ هەمووتان مستەکۆڵەم دەبینن ! ئا . . بزانه !»

- دای به دەستی تۆمدا .

-«بۆ خوا پێتان دەڵێم مستم وەك ئاسنەو مێشکتان دەپژێنم . . هەتا ئێستاش هیچ کۆیلەیەکم نەدیوه به یەك مست زیاتر نه تۆپی بێ» ! چەپۆکی بەبەر لووتی تۆمدا دەهێناو دەبرد ، تۆم له تاوا هەندێ سەری برده دواوه .

دیسانەوه لیغری ووتی :

-«من خۆم سەرکاری خۆمم وهەرگیز لەو سەرکاره قۆرانەم نەگرتوه بۆ کێڵگەکەم ئاگاداریشتان دەکەم که هیچم لێ ون نابێ و دەبێ بەرێك وپێکی لەگەڵم برۆن و چاوپۆشیش لەمن نابینن ها . . من بەزەیم بەکەس‌دا نایەتەوەو گوناهی خۆشتان به ئەستۆی شکاوی خۆتان» . .

کەشتی‌یەکه بەخۆی وباره قورسەکەیەوه رووبارەکەی دەدری‌وئەوەنده فەرده لۆکەی لێ بارکرابوو دەتسوت گردەوبەناو ئاودا ڕێ دەکات . . که گەیشته شارۆچکەیەك لیغری ماڵەکەی داگرت . .

٢٢ – سوچە تاریکەکان

تۆم و کۆیلە پیاوەکان ڕیزبوون و کەوتنە دوای عەرەبانەیەکی قورس ڕەو ، دوو ئافرەتەکەش لە نێو کەل و پەلەکاندا جێگای خۆیان کردبۆوەو لیفری ئاغاش لەسەر کورسی یەکە دانیشتبوو . . عەرەبانە بەرەو کێڵگەی لیغری کەوتە ڕێ .

ناوبەناو لیفری شوشەیەك مەی لە گیرفانی دەردەهێناو قومێکی لێدەداو هەڵی دەگرتەوە . ئەم جارەیان سەیری دەمو چاوی ئەوانی دواوەی کردو ووتی :

–« ئادەی کوڕینە گۆرانی یەك بڵێن»

ئیتر ئەو دا ماوانە یەك سەیری ئەوی تری دەکردو دوایی یەکێکیان دەنگی لێ هەڵبڕی بە گۆرانی یەکی سادەی نێو قوللە ڕەشەکان و ئەوانی تر بۆیان دەسەندەوە تا گەیشتنە کێلگەکە .

وا دیار بوو ئەو کێڵگەلە زەمانێ دا زوو زۆر جوان و ڕێك وپێك بووە بەڵام ئیستا وا پیس و بەرەڵاو بێ خزمەت دیارە ، چونکە لیغری تەنها مەبەستی پارە پەیدا کردن و کۆکردنەوەی بوو .

Scanned with CamScanner

لە نەقە تەق و گرمە گرمی عەرەبانەکە سیٚ چوار گەماڵ ڕاپەڕین و هەڵمەتیان بۆ هێنا ئەگەر ئەو کۆیلانە نەبوونایە کە لەویٚ ئیشیان دەکرد وورگی تۆم وهاوریٚکانی یان ڕادەدا.

لیفری دەستی هێنا بەسەر و پۆتەلاٚکی سەگەکانیاو دەیووت :

-«ئائەمانە بە ریٚتان دەکەن ئەگەر ڕابکەن وام ڕاهێناون بکەونە دوای قوللە ڕەش و بەیەك هەناسە وەك حەڵوا بیقۆزنەوە» .

دور کۆیلە (سامبۆ ، کامبۆ) هاتن بە بەرەو پیری لیفری‌یەوە .

ئەم دوانە ، پەروەردەی دەستی لیفری بوون و لەسەر ڕق و کینەو بوغزاندنی ئەم و ئەو ڕای هێنا بوون وایان لیٚ هاتبوو زۆر درندانە لەگەڵ هاوریٚ کۆیلەکانی خۆیاندا ڕەفتاریان دەکرد و ئەوانیش هەتا بڵیٚی ڕقیان لیٚیان دەبۆوە !

ئا بەم جۆرە لیفری ناپاك و تاوانبار ئەو هەژارانەی لەیەك تیژ دەکرد و دوو بەرەکی دەخستە بەینیانەوە .

لیفری قیژاندنی :

-«ئادەی سامبۆ بیان دەرە پێش بۆ ماڵەکان» !

ئنجا ڕوی کردە ئیمیلین و پیٚی ووت :

-«تۆش «گیانە» هەستە لەگەڵم وەرە ژووریٚ . .»

تۆم لەوە زیاتری نەبیست چونکە بە دوای ئەوانی ترکەوت . ئەوی لیفری ناوی نابوو ماڵەکان بریتی بوو لە دالاٚنیٚکی تاریکی بیٚ پەنجەرە لە هەردوو لاوە قوڵغی پەرپووتی لیٚکرابوو، دەتوت زیندان و لە تۆزیٚك کا زیاتر هیچی تری تیا ڕانەخرابوو کە کۆیلەکان لە سەری دەکەوتن .

کۆیلەکان دەرەنگانیٚك لەکار گەڕانەوە بۆئەو کونەسەگانە . . ئای کە نەهامەتی‌یە . . ڕانیٚك ئادەمیزاد . . ژن و پیاو . . پیٚ خاوس وبرسی و شەکەت و ماندو . . هەموو دەوری دەستاریٚك دەدەن تا نۆرەیان دیٚ و هەندیٚ جۆ دەهاڕن و دەیکەن بە قوڕگی مناڵەکانیاندا . . بۆ نەگبەتیش کە تۆم و هاوریٚکانی گەیشتن گەرمەی ئیش وکار بوو و خەلەوخەرمان کۆدەکرایەوەو دەبوایە هەر کۆیلەیەك چی لە تواناداا بوایە دریٚغی نەکردایە بۆیە کە دەگەڕانەوە هەمرو لە پەل وپۆ دەکەوتن. هاڕەی دەستاڕ تانیوە شەو دوایی نەدەهات ، چونکە دەستاڕ کەم و برسی زۆر بوو .

تۆمی هەناسە سارد وەختابوو لەبرسا دەمرد کە کامبۆ گەیشتە سەری و تورەکەیەك گەندە گەنەشامی بۆ هەڵداو پیٚی ووت :

-«بگرە گەماڵە ڕەش ! ! دەبیٚ کەم خۆری بکەی چونکە ئەم هەفتەیە لەوە زیاتر تام ناکەی ! !»

٢٣ – کاسی . .

هێندەی نەبرد تۆم لە هەموو جەمسەرێکی ژیانی نوێی تێگەیشتو بەهەموو توانایەکی یەوە وبە دڵسۆزی هەوڵی دەدا ئازارو ئەشکەنجە لەبیر خۆی بەرێتەوە .
خۆی توند کردەوەو بڕیاریدا خۆی ڕاگرێ بۆ هەموو ئازارو زەبوونییەك کە تووشی دەبن .
لیفری سەرنجی دا تۆم گەلێ ڕەوشتی چاکی تێدایەو خستیە ڕیزی کۆیلە چاكو بەرهەم هێنەرە چاپوکەکان بەڵام لە دڵەوە زۆری ڕق لێبوو – ئەویش ڕقی مرۆڤە دڕندەو ناپاکەکانە بەرانبەر بە پیاو چاکان .

Scanned with CamScanner

لیغری سەیری کرد هەر کە لە کۆیلەیەك هەڵدەداو دارکاری دەکا تۆم چاوی تی‌دەبڕێ و بەقینەوە تی‌ی دەڕوانێ . جا لە ڕاستی‌دا کە لیغری تۆمی کری ویستی بیکا بە سەرۆکی کۆیلەکانی تر ، بەڵام چاودێرو سەرۆك کۆیلە دەبێ دڵ ڕەق و بێبەزەیی و دڕندەبێ و تۆم یش هەر لە ئەسڵا دڵ نەرم و بێ‌وەی بوو ، بۆیە لیغری بڕیاریدا هەندێ عاقڵی بکات ! !

بەیانی‌یەك کۆیلەکان بەرەو کێڵگەی لۆکە کەوتنەڕێ ، تۆم چاوی بە ئافرەتێکی نوێ کەوت کە ڕێك و پێك و بە ڕەنگ و بۆ و ، باڵابەرزو ناو قەد باریك و دەست‌وپێ خرپن بوو . بەرووخساری‌دا وادیار بوو سی چل ساڵێك دەبوو .

دەم وچاوی لەوانە بوو کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە ئەوی زیاتر سەرنجی ڕاکێشابوو دوو چاوی ڕەش و برژانگە درێژەکانی بوون کە کڵۆڵی و بەد بەختی‌یان تیا قەتیس مابوو .

تۆم سەیری کرد ئەم ئافرەتە زۆر گورج و گۆڵ و ئیش‌کەرە،لەولا تۆمەوە «لوسی» ئیشی دەکرد وا دیار بوو زۆر هیلاك و ماندوو بوو ، کە تۆم پی‌ی گەیشت چنگێ لە لۆکەکەی خۆی هەڵگرت و خستی‌یە سەبەتەکەی (لوسی)وە بۆ ئەوەی بەهۆی کەمی بەرهەمەکەی لی‌دان نەخوا . لەو کاتەدا «سامبۆ» بەرەو ڕوویان هات و بینی و ئەمیش کە هەر خۆی زۆری ڕق لە «لوسی» بوو شەقێکی تی‌هەڵداو قامچی یەکیش گەیاندە دەم و چاوی تۆم ئەمیش بێ ئەوەی نقە بکات دەستی کردەوە بە پەموو ڕنین و لوسی‌یش لە هۆش خۆی چوو سامبۆ دڕندانە هاواری‌کرد بە سەریاو ووتی :

-«ئێستا هۆشت دەهێنمەوە . . لە کافوور چاکترم هەیە ! »

دەرزی‌یەکی لە یەخەی کراسەکەی کردەوەو تا سەرەکەی چەقاند بە لا ڕانی ئەو بەستە زمانەدا ، لەتاوا بە دەم ناڵەوە ویستی هەستێتەوە ، سامبۆ پی‌ی ووت :

-«بێتو جارێکی‌تر دەست لە ئیش هەڵگری و بووەستی وات لی‌دەکەم مەرگ بە ئاوات بخوازی» تۆم هەر چەند ئەوەشی گوێ لی‌بوو بەڵام کردی بە ڕقەبەرایەتی و ئەم جارە چی ڕنی‌بوو هەمووی کردە سەبەتەکەی (لوسی) یەوە ئەمیش لە ترسا دەلەرزی و پی‌ی ووت :

-«مەکە ! تۆ نازانی چیت لی‌دەکەن لەسەر ئەوە» .

تۆم وەڵامی دایەوە :

-«من لەتۆ باشترم و زیاتر بەرگەی ئازاردان دەگرم» ئافرەتە نوێ‌کە لی‌یان نزیك بۆوە و گوێشی لی‌بوو «لوسی» چی پی‌ووت ، چاوی هەڵبڕی و بەتۆمی ووت :

-«تۆ نازانی لە کوێ دەژیت . . ئەگینا وات نەدەکرد ! بەڵام با مانگێك لێرە بی . . ئەوسا خۆت دەپارێزی» ئەمەی ووت و هەندێ لە پەمووەکەی خۆی کردە سەبەتەکەی تۆمەوەو دەستی کردەوە بەکار کردن . هێشتا ئێوارە نەهاتبوو سەبەتەکەی خۆی پڕ پڕ ، کردبوو و چەند جارێکیش یاریدەی تۆمی دا .

Scanned with CamScanner

تا رۆژئاوانەبوو دەستیان لە ئیش هەڵنەگرت و ئینجا سەبەتەکانیان خستە سەر سەرو بە هێلاکی گەڕانەوەو بەڕیز ڕۆشتن تا گەیشتنە ئەو جێگەیەی پەمووەکە دادەنێن .
لیفری لەوێ دانیشتبوو و قسەی لەگەڵ جووتە پیاوەکەی (سامبۆ ، کامبۆ) دەکرد .
سامبۆ ووتی :
-«تۆم ئاژاوە چی‌یەو گێرە شێوێنی دەکا . . ئەمڕۆ گرتم پەمووەکەی خۆی دەدا بە «لوسی» جاوابڕوا ڕۆژێك دێ کۆیلەکان وا تێبگەیێنێ‌کە گوایە ئێمە زۆر دارین و زوڵمیان لێ دەکەین»
لیفری ووتی :
-«ئا . . ئاوا . . ئادەی بیهێنن بۆ ئێرە !»
ئەمەی ووت و خۆی کرد بە ژووری لۆکە کێشانەکەدا ، یەك یەك کۆیلەکان دەهاتن و چی‌یان کۆکردبۆوە دایان دەنا .
سەبەتەکەی تۆم پڕبوو بەلاّم بەلاچاو سەیری ئەو ئافرەتە (لوسی) دەکرد کە یاریدەی دەدا تەماشای کرد زۆر بەکەساسی و ترسەوە چووە بەردەم لیفری ، هەرچەندە ئەمیش سەبەتەکەی پڕ بوو بەلاّم لیفری نەڕاندی بەسەریاو ووتی :
-«تەمەڵی . . بێ ئابڕوو . . ئەوەندەت نەهێناوە کە پێ‌مان ووتویت ئا لەویا بووەستە دوایی چارەت دەکەم .
ئافرەتەنوێ کە«کاسی» هاتە پێشێ و زۆر بە لووت بەرزی و کەشخەوە پەمووەکەی داناو لیفریش بەگاڵتەپێ کردنەوە سەیرێکی کرد . کاسی چاوی بڕیە چاوی و شتێکی بە فەرنسی پێ ووت و پشتی تێ کردو لەسەر خۆ دوورکەوتەوە .
لیفری تۆمی بانگ کردو پێ‌ی ووت :
-«تۆم ! ئێستاش بتکەم بە جێ‌گرو یاریدە دەری خۆم وهەر ئێستاش دەبێ دەست بکەی بەفرمانی تازەت ، ئادەی ئەو ژنەم بۆ دارکاری‌بکە ! !»
-«گەورەم ! تکام وایە ئەو کارەم پێ‌نەسپێری ، من بەژیانم ئازاری مێرولەیەکم نەداوە و شتی‌وام نەکردوەو نیازیشم نی‌یە بیکەم !»
-«وابزانم زۆر شت فێر دەبی پێش ئەوەی لای من بڕۆی» ! لیفری ئەمەی ووت و دەستی دابە قامچی‌یەکەی و هەتا هێزی تیابوو دای بەسەر وچاوی «تۆم»دا و ئنجا تێ‌ی کەوت بەشەق و زللە وقامچی تادەستی شل‌بوو ، ئەوساپێ‌ی ووت :
-«ها . . ئێستا دەڵێ‌ی چی ؟ دارکاری ئەکەی یان نا ؟
-«نەخێر . . گەورەم !
ئاوا «تۆم» سوور بوو لەسەر قسەی خۆی ، دەستی هێنا بە دەمو چاویاو خوێنەکەی سڕی ئینجا ووتی :

-«ئامادەم شەو ورۆژ ئیش بکەمو ماندووبم تا هێزم لەبەر بێ ! بەڵام ئەوی تۆ پێم دەڵێی من بەڕەوای نازانمو نایکەم» !

چرپە چرپ بڵاوبۆوە لەناو کۆیلەکانداو واقیان وڕما لە ئازایەتیو نەبەردی تۆم وسەیری یەکتریان دەکرد وخۆیان حازر کردبوو بۆ ناڵەو گرمەی ئاغا . لیفری کە گوێی لەمە بوو دەمی داپچڕیو هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو قوللە ڕەشێك بتوانێ لە ئاستیا دەم بکاتەوەو بڵێ نەء . . نەڕاندی بەسەریا :

-«چۆن . . چۆن گەماڵە ڕەشی چەپەڵ ئەوی من پێشت دەڵێم تۆ بە ڕەوای نازانی ؟ جا کەی کۆمەڵە کەرێکی وەك ئێوە زانیویەتیچی ڕەوایەو چی ناڕەوایە ، کەواتە جەنابت ئێستا ڕەوا نیەی ئەم ژنە دارکاری بکرێ . . ها . . ؟

-«بەڵێ گەورەم ! ئەم ئافرەتە داماو کۆڵەوارەو بە پیاوەتی نازانم دارکاری بکرێ و هەرگیز ئەوەش ناکەم . بمکوژە ئەگەر دەتەوێت بەڵام هەرگیز لەو بڕوایەدا مەبە دەستم لەڕوی هیچیاندا بەرز بکەمەوە .

لیفری لەتاوا چاوی زەوی نەدەدی و لە تورەییدا دەلەرزیو گڕلە هەر دوو چاوی دەباری ، بەڵام دانی بە خۆیدا گرت هەر وەك درندەکان کە یاری بە نێچیرەکانیان دەکەن پێش خواردنی . ئاوا گاڵتەی بەتۆم دەکردو ووتی :

-«ئەوا سەگێکی لە خواترسو بە دین مان بۆ هاتو ئێمە گوناهبارینو . . ئەو زاتە موبارەکە دەمان هێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست . .

باشە کەرە تۆ چیلە کتێبی پیرۆز دەزانی . . ها . . ؟ ئەی نەی ووتوە ، خزمەتکاران دەبێ ملکەچی ئاغاکان بن» .

ئەی من ئاغای تۆ نیم ؟ ئەی هەزارو دووسەد دۆلارم نەداوە بەم چوارچێوە ڕەشە نالەبارەی جەنابت ؟ ئەی گوایە تۆ ماڵی من نیت بە لەشو گیانەوە ؟؟ ئەمەی ووتو بە پێڵاوە گەورەکانی شەقێکی توندی هەڵدا لە تۆم وا گلۆڵەی کرد خەریك بوو لەگەڵ ئەرزا جوونیکا . بەڵام بەرزبۆوەو سەیرێکی ئاسمانی کردو ووتی :

-«نەخێر ! گیانم ملکی تۆ نیە ! ! تۆ نەت کریوەوو پێشت ناکرێ ! ئەو کەسە کڕیویەتی کە دەتوانێ بیپارێزێ ! ئیتر بەلامەوە گرنگ نیەو تۆش ناتوانی ئازاری من بدەی !»

لیفری دیسان قیژاندیەوە !

ادەت بینمەوە ! سامبۆ ! کامبۆ ! ئادەی ئەم سەگە بەرنو شلکووتی عومری بکەن ! بەڵام وابێ یەك مانگ لەجێدا بۆی بکەوێ .

●

٢٤ – ئافرەتە ڕەشباوەکە

شەوگار زۆری بەسەرچوو بوو ، تۆم لە هۆدەیەکی چۆڵی پەنادا فڕێ درابوو ، دەی نالاندو خوێن لە برینەکانی دەڕۆی و هێندەی تینو بوو وەختە بوو گڕی تێبەربێ . لەپڕ گوێی لە دەنگی پێی یەکێك بوو و ترووسکایەکی بەدی کرد بەرەو ڕووی دێ ، بە هێواشی ووتی :

–«ئەوە کێیە ؟ قومێ ئاو . . لە ڕێی خوا قومێ ئاو . . .» ئەوی دەهات «کاسی» بوو ، چراکەی لەسەر ئەرز داناو جامێك ئاوی بۆ تێکرد ودایەدەستی ، تۆم ووتی :

–«زۆر سوپاست دەکەم خانم گیان»

–«من خانم نیم . . بگرە قوللە ڕەشێکی کەساسی وەکو تۆم»

هەندێ کای بۆ ڕاخستو ئاو پرژێنی کرد تا تەڕبێ ، پێی ووت بچێتەسەر ئەوێ ڕپاڵ کەوێ ، بەهەرحاڵێك بوو خۆی گەیاندە ئەوێ ، هەندێ ئارام و گەڵێك سەبووری بە تەڕی‌یەکە هات و کاس دەستی کرد بە تیمار کردنی زامەکانی . . ووتی :

-«هەی ئاخر شەڕتۆ نەئەبوایە وات بکردایە ! ! ڕاستە تۆ نەبەردو دلێری بەلاّم بێ سوودەو کەلکی نی یەو ناچاری هەر دەبێ مل کەچ بی ، ئێمە لەم چۆڵەوانی یەداین و هیچ کەسێکی تری لێ نی یە سبەینێ لەسەرت هەڵداتێ و شایەتیت بۆبدا کە کەولیان کردوی یا کوشتیانی یا سپی سەگێ ورگی هەڵدریت ! !
ئینجا تۆ بۆ کێ خۆت دەفەوتێنی ؟ بۆئەوانە ؟ بەو خوایە هەر هەلێکیان بۆ بڕەخسێ هەموو دەبن بە دوژمنت ! »
- ئای کە کلۆلن ! ! باشە کێ وا بێ ڕەحم و دڵ ڕەق کردون ؟ کەواتە ئەگەر منیش مل کەچ بم وردە وردە وەك ئەوانم لێ دێ ! ! من هەموو شتێکم لەدەست چوو . . ماڵ ومناڵ . . جێ ورێ ی باش . . ئاغای چاك کەواتە هەر ئەو دنیام ماوە ! بەخوا ئەویش لە دەست نادەم وناپمە سەگی بەر دەرکی ئاغا وەك سامبۆ ! » «کاسی» هەندێ سەیری کردو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو ئینجا ووتی :
-«بەخوا ڕاست دەکەی . . بەلاّم بەداخەوە ! »
ئافرەتە لە تاوا گینکڵی دەخواردوو لەسەر زەوی یەکە تەپاوتلی دەداو ووتی :
-«جا بەرگری کردن چ سوودی هەیە ؟ یادەبێ مل کەچ بی ، یا دەبێ لەژێر دارا برزێ ی ! »
-«کەواتە با بمرم ! لەو بڕوایە دام خوا لێم خۆش بێ» ! ئیتر ئافرەتە بۆ تۆمی گێڕایەوە کە چۆن دەستاو دەستی کردوەتا گەیشتۆتە ماڵی ئەم سەگە خوانەناسە . پاشان ئاوەکەی بۆ جێ هێشت و ڕۆیشت . . لەو کاتەدا لیغری لە هۆڵەکەدا لە بەردەم ئاگرەکەدا دانیشتبوو پێکی مەی زۆر خەست و بەتینی بەدەستەوە بوو هەڵدەقوڕاند لەبەر خۆیەوە جنێوی بە سامبۆ ئەدا کە ئاوا تووشی شەڕی کرد لەگەڵ کۆیلەکاندا ، ئەوەتا تۆم ، هەتا هەفتەیەکی تر توانای ئیش کردنی نی یە ، لەم بیرکردنەوەیەدا بوو . . سامبۆ خۆی کرد بە ژوورەکەی دا و شتێکی پێچراوەی دایە دەستی ، لیغری ووتی :
-«ئەمە چی یە کوڕی سەگ ؟»
-« نووشتەیە گەورەم ! ! لەو نووشتانەیە کە قوللەرەشەکان لای جادووگەرەکان پەیدای دەکەن ، تا هەست بە ئازاری دارکاری و تێ هەڵدان نەکەن ، جا ئەمەش لەملی تۆمدا بوو ! »
لیغری لەو کەسانە بوو بڕوای بە جادو شتی پڕوو پووچ و دوعاو نووشتە بوو ، کە نووشتەکەی کردەوە دۆلارێکی زیوی و چەند تاڵە موویەکی زەردی تیا بوو ، مووەکانی لە پەنجەیەکی یەوە ئاڵاند ، هەستی بە ترسێکی زۆر کرد ، نەڕاندی بەسەر سامبۆ داو مووەکەی لە پەنجەی کردەوەو فڕێ ی دایە ئاگرەکەوەو ووتی :
-«ئەم بەلاّیەت لە کوێ هێنا ؟ جارێکی تر شتی وا بۆ من مەهێنە ! »
سامبۆ ، وەختە بوو زیرەبکا و بۆی دەرچوو ، لە ڕاستی‌دا لیغری بۆ یە ترسا لەو مووە چونکە

لە گەنجی تیدا هەموو ژیانی سەرسەرێتی و خوێڕێتی بوو ، جا شەوێك کە سەرگەرمی خواردنەوەو ڕابواردن بوو زەلامێك هاتوو دوا نامەی دایکی گەیاندە دەستی و پێی ڕاگەیاند کە دایکی مردوە ، لیغری کە نامەکەی کردەوە چەند تاڵە موویەکی قژی دایکی تیابوو ئەمیش دەری هێناو ئاڵاندی لە پەنجەیەوەو کسپە لە پەنجەی هەستاو وای زانی دووپشك پێوەی داوە یەك مووچەرك بە تەپڵی سەریا هات و لەبنی پێیەوە دەرچوو . دەست بەجێ مووەکەی فڕێدایە ئاگرەکەوە .

ئیتر لەو ساوە لیغری ناو بەناو لە خەودا دایکی دێتەپێش چاوی ، بە شپرزەیی و هەڵبزرکاوییەوە ، ئەمیش هەندێ مووی قژی لە پەنجەیەوە ئاڵاندوەو دەیگوشی و ئازاری دەدا ، ڕادەپەڕی و هەموو گیانی وەك شۆڕەبی لەترسا دەلەرزی و ئارەقێکی سارد دەکاتەوە .

کە سامبۆ ڕۆی خۆی هێدی کردەوەو لۆمەی خۆی دەکرد کە بۆچی ئاوا بە لاوازی خۆی نواند لەبەر دەم کۆیلەکەیدا ، وای بە باش زانی کە هەردووکیان (سامبۆ و کامبۆ) بانگ کاو گۆرانی بۆبڵێن و سەمای بۆ بکەن . زۆر جاریش لیغری وای لێدەکردن ، ویسکی دەدانی و سەرخۆشی دەکردن ئیتر ئەوانیش گۆرانییان دە ووت و هەڵدەپەڕین و قریوەیان دەهات .

بۆ سبەینێ لیغری هاتە لای تۆم و نووکە شەقێکی تێهەڵداو ووتی .

-«ئادەی هەتیو . . بزانم ئێستە چۆنی ؟ دەبێ ئەوەی دوێنێ عاقڵی کردبێ و ؟ بوو بوویی بە پیاو ؟ !

تۆم وەڵامی نەدایەوەو ، لیغری شەقێکی تێهەڵداو ووتی :

-«هەستە . . کەرە !

بەڵام هەستان بۆ یەکێکی ئاوا پەككەوتوو وداوەشاو هەروا ئاسان نییە ! سەرباری ئەوەش تۆم بەهەر حاڵێك بوو هەستاو زۆر بەگران بەپێوە خۆی ڕاگرت . .

لیغری زۆر دڕندانە دایە قاقای پێکەنین ووتی :

-«ئەوە نییە بە پێوە دەوەستی ! دیارە باشیان تێهەڵنەداوی ! ئادەی هەتیو چۆك دادە داوای لێبووردنم لێبکە لەسەر ئەوقسانەی دوێنێ کردت» تۆم هیچ نەبزواو ، لیغری قیراندی و قامچییەکی گەیاندە دەمووچاوی :

-«کڕنۆش بەرە . . کوری سەگ !»

تۆم زۆر بە هێمنی ووتی :

-«گەورەم ناتوانم ئەوە بکەم ! چیشم کردوە بەڕاستی دەزانم و لە داهاتووشدا هەروادەکەم ! جا چی دەبێ با ببێ» .

-«کەواتە هێشتا تۆ نازانی چیت بەسەر دێنم تۆم ئاغا ! ؟»

بۆ تۆ وادەزانی بەو تێ هەڵدانە ڕزگارت دەبێ ؟ قوڕت بەسەر ئەوە هەر هیچ نییە ! حەز

ئەکەی بت بەستنەوە بە قەدی دارێکەوەو ئاگر لە ژێرتا بکەنەوە ؟ چۆنە ، ها . . ؟

-«ئاغا . . دەزانم دەتوانی چی خراپە پێم بکەی بەلاّم . . «تۆم» خۆی قیت کردەوەو دەستی لێك ناو ووتی :

-«بەلاّم پاش ئەوەی دەمکوژی . . ئیتر هیچی ترت پێ ناکرێ‌و پاش ئەوە ئەمریم دەست پێ دەکا ! لیفری دانی لێ جیڕ دەکردەوە بەلاّم هێندە تووڕە بوو نەیتوانی قسە بکا . تۆمیش لەسەر خۆو بەسەربەستی چی لە دلّیا بوو هەلّی ڕشت :

-«گەورەم لیفری ! تۆ منت کڕیوەو منیش ئامادەم خزمەتکارێکی گوێ ڕایەلّی جەنابت بم . . ئامادەم هەموو کاتم بۆ تۆ تەرخان کەم هەرچی دەست‌و بازوم بۆی بکرێ دریغی نەکەم !! بەلاّم گیانم نادەم بە هیچ کەسێك چونکە مولّکی خوایە ! من لە مردن ناترسم لیفری بەگ ! بەلّکو چاوەڕێشی دەکەم ! ئەتوانی لە سێدارەم دەی یا لەبرسا بمکوژی . . یاخود گڕم تێ بەردەی وبمسوتێنی . . بەلاّم ئەمانە هەموو زوو تر ڕزگارم دەکەن ! چونکە ڕۆژێك دێ دەبێ بمرم‌و ڕزگارم بێ جا تا زووتر بێ باشترە !» لیفری خۆی دەخواردەوەو پێی ووت :

-«بەلاّم پێش ئەوە ئەبێ سەرت پێ شۆڕکەم !»

-«ناتوانی سەرم پێ شۆڕبکەی ، چونکە هەیە یارمەتیم بدا»

-«کێیە ئەو کەسەی یاریدەی جەنابت دەدا»

-«ئەو کەسە خوای تاك وتەنهاو بەدەستەلاّتە» لیفری بە یەك چەپۆك دای بە ئەرزاو نەراندی :

-«ئاگات لە خۆت بێ ! ئێستا بەجێت دەهێلّم چونکە ئیشم هەیەو ناتوانم بەرەلّلای کەم ! بەلاّم بەو خوایە ئەبێ ئەو دڕکەت لە ژێر پێ دەرکەم‌و پێستت بەرم بۆ دەباخانە ! بۆم ڕاوەستە هیچم لەبیر ناچێ !»

Scanned with CamScanner

٢٥ — سەربەستی

تۆم لۆکری پیاوخراپ کە بینی چۆن خزمەت دەکریێو برینەکەی تیمار دەکریێ لەلایەن کویکریەکانەوە دانی بەوەدا نا کە هەڵە بووە و دەبووایە دوای ئەلیزاو جۆرج نەکەوتایە.

ئنجا پیێی وتن کە ناوونیشانی ئەلیزا بە هەموو لایەکدا بڵاوکراوەتەوەو هەتا لە بەندەری «ساندسکی» یش سیخوڕیان دا ناوە هەر چی بێو بڕوا دەی پشکنن‌و دەگەڕێن.

بۆیە ئەلیزا یان کرد بەکوڕو قژیان بڕیو جل‌و بەرگی پیاوانەی لەبەر کردو گەنجێکی

قوزی لیٚ دەرچوو هەندێکیش خۆی ڕاهێنا لەسەر هەڵس وکەوت و ڕەفتاری پیاوانە تا کەس گومانی لیٚ نەکا .

خاتوو «سیمس» دەستێکی بەهنری داهێناو کردی بە کیژۆڵە یەکی خنجیلانەو ناویان لیٚنا «هەزیت» بە کورتی بەپیٚ ی پیلانی تۆم خۆیان تەواو گۆڕی و بڕیار درا خاتوو «سیمس» بیٚ بە خانمێکی کەنەدی کە دەگەڕێتەوە ولاٚتی خۆی لەگەڵ دوو کوڕی مامیو کچی براکەی «هەزیت» .

تا بەم شێوەیە هەموو سواری عەرەبانەیەك بوونو بەرەو بەندەر چوون ، کە دابەزین خاتوو سمیس قۆڵی کرد بە قۆڵی لاوە جوانەکە (ئەلیزا) وجۆرجیش خەریکی گواستنەوەی کەلوپەلەکان بوو .

خاتوو سمیس و مناڵەکە چوونە هۆدەی ئافرەتەکانو جۆرجیش لەگەڵ (کابتن)ی پاپۆڕەکە باسی ڕۆیشتنەکەیان دەکرد و گوی ی لیٚبوو لەو لاوە دووکەس وتووێژیانەو یەکێکیان دەڵیٚ :

-«من خۆم زۆر بەوردی پیایاندا گەڕاومو نەم بینی و دڵنیاشم لەوە !»

ئەمە ژمێریاری بەندەرەکە بوو وئەوی تریشیان مارکس بوو کە بەدووی جۆرج کەوتبوو .

ئەمیش ووتی :

-«ئافرەتەکە بە زەحمەت جیا دەکرێتەوە لە سپی پێست بەلاٚم پیاوەکە دەستێکی بە ئاشکرا نیشانەی سووتاوی پێوەیە .

جۆرج دەستی لەرزیو سەیرێکی پیاوەکەی کرد بیٚ ئەوە هیچ پیٚبەوە دیار بیٚ کە باسی ئەم دەکەن . پاشان چووەلای ئەلیزا کە لەو سەری پاپۆڕەکە وەستابوو . زەنگی پاپۆڕەکە لیٚ ی داو مارکس دابەزی ، هەر کە جۆرج بینی گەشتە سەر شۆستەکەو پاپۆڕەکە جوولاٚ شایەنمانێکی هێناو دەتسوت قورساییەك لەسەر سنگی لاچووە .

ئەوا کەناری کەنەدی دەرکەوتو پاپۆڕەکە نزیك بۆوە لە شاری «ئامهەر تسنبرغ» و لە بەندەرەکە لەنگەری گرت . جۆرج کەلوپەلی کۆکردەوەو خۆیو هاوەڵەکانی دابەزین ، بەلاٚم بۆ کوێ بچنو چیبکەن ؟ ئەوەیان نەدەزانی !

خاتوو سمیس بردنی بۆ لای پیاوێکی ئایینی لەخوا ترس ، کە زۆر جار یاریدەی ئەو لیٚقەوماوە دەربەدەرانەی دەدا کە ڕویان لە کەنەدا دەکرد لە پێناوی سەربەستیدا .

جورجو ئەلیزاش ئەو شەوە یەك سات نەنووستن ، ئاوارەو دەربەدەر لەووڵاتێکدا کە یەك بست ئەرزیان تیاێانییەو لات وبیٚ پارەشن و دوا فلسیشیان لەوێ خەرج کرد . .

بەلاٚم سەرباری ئەوەش بەختیار ترین دووکەس بوون چونکە گرانترینو بەنرخترین شتیان هەبوو کە ئەویش سەربەستییە .

٢٦ – سەرکەوتن

کە تۆم ڕووبە ڕووی ئاغا خوێن مژەکەی دەوەستاو بەگژیا دەچووەوە واهەستی دەکرد کە بەرگەی هەموو ئازارێك دەگرێو ناڕوخێ ، بەڵام هەر کە بەجێ ی دەهێشت هەموو گیانی دەێیشاو هەستی بە وونبوونو نامۆیی دەکرد .

پێش ئەوەی چاك بێتەوە بە ماوەیەکی زۆر لیغری ناچاری کرد بگە ڕێتەوە سەر ئیش و دەست بەکار بکاتەوە سەرەڕای ئەوەش شەووڕۆژ جنێوی پێ دەداو بە دارو شەقو تێ

Scanned with CamScanner

هەندێکیان قسەی لەگەڵ دەکرد ئێوارەیەك تۆم لەبەر ئاگرەکەدا نووشکەی کردبوو ، بێ تاقەت و پەککەوتوو و پەرپووت ، کتێبی پیرۆزی دەرهێنا و ویستی چەند دێڕێکی لێ بخوێنێتەوە ، بەڵام کە دەبینێ ئەو کارەی جارانی تێ ناگا و نای خرۆشێنێ ! هەناسەیەکی هەڵکێشا و کتێبەکەی خستەوە گیرفانی .

تۆزێ لە قاقایەك بوو لە دواوە دەهات ، کە ئاوڕی دایەوە لیفری بوو کە بە گاڵتە پێ کردنەوە پێی ووت :

-«ئەوە ئێرەی گەماڵە پیر! ئەبینی ئابین هێندە بە کەڵکت نایەت وفریات ناکەوێ ! خۆم دەمزانی ڕۆژێك دێ دەرك بەوە بکەی !»

تۆم وڕتەی لەدەم نەهاتە دەر ، دیسان لیفری ووتی :

-«کەتۆم کڕی وام دەزانی پیاوی چاکی ، دەشکرا زۆر لە سامبۆو کامبۆ وەزعت چاکتر بوایەو بە ئارەزووی خۆت ڕات دەبوارد و خەڵکیشت دارکاری دەکرد لەبری ئەوەی هەموو ڕۆژێك خۆت دارکاری بکرێی ، سەرەڕای ئەوەش ناوبەناو پێکی ویسکیت دەخواردەوە ، کوڕە دەهەستە ئەم ئەتوارە قۆڕانە تووڕدەو وەرە ژێر بار» !

تۆم ووتی :

-«خوا نەکا وام لێ بێ !»

-«خۆت دەزانی کە خوا پشتی لێ هەڵکردوویت وناتپارێزێ ئەگینا من نەم دەکڕیت . . وا چاکترە بۆتۆ ڕووبکەیتە من» !

-«نەء . . گەورەم . . نەء . . خوا بمپارێزێ یان نا من هەر بڕوام پێ بەتیو تا دەمرم دەیپەرستم !» لیفری تفێکی لێ کردو شەقێکی تێ هەڵداو ووتی :

-«زۆر لە پێشوو هیچ وپووچتر بووی» !

تۆم لە شوێنی خۆی نەدەبزواو ڕەق ھەڕ بوو دەتــوت بەردە دانیشتووە . لە پڕێکا وێنەی سەرێکی هاتە پێش چاو تەوقێکی دڕك چواردەوری دابوو وخوێنی لێ دەتکایە خوارێ و زۆربە کەساسی سەیری تۆمی دەکرد، هێندەی نەبرد ئەو دڕکانە بوونە تیشكو لە دەوری سەری بریسکەی دەهات و ڕووی تێ کردو زۆر لەسەرخۆو بە هێمنی ووتی :

ئافەرین بۆ ئەو ڕۆڵانەی کە خۆڕادەگرنو بەرگری دەکەن چونکە ئەوانەن لەگەڵ من لەسەر تەختن»

ئەم ڕون بوونو لەهۆش خۆ چوونەی تۆم چەندی پێ چوو ؟ نەی دەزانی . . بەڵام کە هاتەوە سەرخۆی وای هەست دەکرد ئەو تەنگ وچەڵەمەیەی بەسەر چووەو هەستیشی نەبە برسێتیو سەرما ، ونە بە ئازاری شەق وتێ هەڵدان دەکرد . ئیتر لەو شەوەوە دڵی ئەو داماوە پڕبوو لە

خۆشی و دڵنیایی و ئەوەشی بە ئاشکرا پێوە دیار بوو و ئیتر بە هیچ جنێو و ئازاردانێك نەدەهەژاو بزەی لەسەر لێوی لانەدەبرد ، ئابەمەش لیفری زیاتر پەست دەبوو و چاوی دەپەڕی یە سەری کە دەیزانی هیچی لەگەڵ تۆم داپێ ناکرێ .

تۆم زۆر بەزەیی بەو کڵۆڵانەدا دەهاتەوە کە لە گەڵی دەژیان و کە دەچوون بۆ سەر کێڵگەو لە کاتی گەڕانەوەدا قسەی بۆ دەکردن و وورەی بەرزدەکردنەوە تا هێندە هەست بە ئازارو پەژارە نەکەن .

شەوێك پاش ئەوەی کە هەرچی لە کوخەکەدا بوو خەوی لێ کەوت ، تۆم ڕاپەڕی و سەیری کرد کاسی لەدەم قاپیەکەدا وەستاوەو مانگە شەوەکەی لێ دەداو بەدەست بانگی دەکا بێتە دەرەوە ، کەهاتە دەرێ پری کرد بە قوڵپاو ووتی :

—«دەتەوێ ئازاد بی باوە تۆم ؟ کەواتە وەرە ، دەتوانی هەر ئەمشەو ڕزگارت بێ ؟ زۆر مەست بووە پرخەی خەوی دێ و لە تەنیشتی یەوە تەورێکم داناوە و دەرگاکەی پشتەوەم کردۆتەوە . . برۆ بابچینە ژوورەکە . . ئەگەر ئەوەندە هێزم دەبوو شەرتە خۆم ئەم کردایە . . دەوەرە ! »

«کاسی» لە تاوا هار بوو بوو دەیویست تۆڵەی ئەو هەموو چەوساوانە لە لیفری بکاتەوە چونکە زۆری زوڵم و زۆرداری لەگەڵ کردبوون .

تۆم هێندێ کشایەوە دواوەو ووتی :

«نەء . . خانم گیان» ئەوە بەمن ناکرێ ئەگەر هەموو سامانی سەر زەویم بدەنێ !

—«کوڕە دەبیر لەو بێدەرەتان و هەژارانە بکەرەوە کە ڕزگاریان دەکەی ! دەتوانین بڕۆین و دارستانەکە ببڕینو دوورگەیەك بدۆزینەوە تیا بژین ! هەر چۆنێك بێ لەم حاڵە چاکترە !»

—«نەخێر ! هەرگیز خێر و چاکە لە شەڕوخراپەکاری ئەنجام نادرێ ، دەك دەستم بە بڕین چێ ئەگەر ڵقومی خوێنی بکەم ! کچم دەبێ خۆ ڕابگرین و ئارام بگرین تا بزانین کەی ڕزگارمان دەبێ» .

تۆم هێندە بە نەرمی و لەسەر خۆ قسەی بۆ کاسی دەکرد تا هێدی کردەوەو خاو بۆوە ئەوسا پێ ی ووت :

«ئەگەر دەتوانی ڕابکەی ، برۆ وئەمیلینیش لە گەڵ خۆت بەرە ، بەمەرجێ یەك دڵۆپ خوێن نە ڕژێ»

—«دەتۆش بەختی خۆت تاقی کەرەوە لەگەڵمان» !

—«نا . . کچم . . زوو دەکرا ئەوە بکەم بەڵام ئێستا خۆم بە لێپرسراوی ئەو کەفتەکارو داماوانە دەزانم دەبێ دایم لەگەڵیان بم . . هەر واش دەکەم . . بەڵام تۆ جیای لەمن و دەتوانی ڕێگەیەکی تر بگری» .

Scanned with CamScanner

٢٧ - خەڵەتاندن

ماڵی لیغری گە نجینەیەکی گەورەو پانی هەبوو بەڵام چۆڵ و پڕ تۆزو پیس و پۆخڵ بوو . لە سوچەکانیا جاڵجاڵۆکە بە ئارەزووی خۆی هێلانەی تیا کردبوو ، خاوەنە کۆنەکەی هەندێ تەختە وکورسیو شیتومەکی تری لە قوژبنێکیدا دانابوو . ئەم گەنجینەیە بەوە ناوی دەرکردبوو جێگای خێوو جنۆکەو دێوو درنج بێ و وابلاوبوو بۆوە لەژووورەوە ناڵەوهاوارو قیژەو هەرایە و جێگەی ئەوانە . .

ئیتر وای لێهاتبوو کۆیلەکان لەو گەنجینەیە تۆقیبوون بە تایبەتی ئەوانەی بڕوایان بەو شتانە هەبوو .

تا ڕۆژێك لیغری ڕقی هەستاو ئافرەتێکی لێ کردنە ژوورەوەو دەرگاکەی لەسەر داخست ، ئیتر کەس نەی زانی چی بەسەر هات بەڵام پاش چەند ڕۆژێك لاشەکەیان دەرهێناو ناشتیان ، ئیتر لەو ڕۆژەوە ببرای ببرای کەس نەیوێرا توخنی ئەو ناوەبکەوێ . کاسی هەلی بۆ ڕەخساو هێندەی خوێند بە گوێ لیغری دا کەوا ئەو گەنجینەیە ترسناکەو جێ خێوو جنۆکەیەو هەرچی بچێ بەوێدا دەستی لێدەوەشێنن تاوای لێهات لیغری هێندەی ترس لێ پەیدا کرد لەو ناوە نزیك نە ئەکەوتەوە .

لەگەڵ ئەوەشدا «کاسی» ڕۆژبە ڕۆژ خواردەمەنی دەبردە گەنجینەکەو دای دەنا و زووربەی جل و بەرگیشی بردەئەوی و هەرچی پێویست بێ بۆ خۆی و ئەمیلین هەمووی ئامادەکردو لەوی ی دانا . ئینجا پلانێکی ڕێکوپێکی دانا بۆ ڕاکردن ، پێش ڕۆژێك لە هەڵهاتنیان کاسی بە لیفری ووت کە بیبا بۆ شار کە ڕۆیشتن زۆر بە وردی سەیری ڕێگاکەی دەکردو شارەزای بوو ئەو کاتەی خەملاند کە دەیانەوێ بۆ ئەوەی بگەنە شار .
کە ئەو شەوەهات بڕیاریان دابوو تیا ڕابکەن ، کاسی دوو بوخچەی هەڵگرت چوو بۆلای ئەمیلین کە پێکەوە ڕابکەن و پی ی ووت :
لە دەرگای پشتەوە دەچینە دەری و دەڕۆین تادەگەینە خوار ماڵی کۆیلەکان ، ئیتر دەبێ سامبۆ وکامبۆ بمان بینن و بە دوامانا بێن خۆمان دەکەین بە دارستانەکەدا ئەو کاتە دەگەڕێنەوەنا بەوانی تر بڵێن و سەگەکان بەرەڵلا کەن بۆمان ، جا ئەمە هێندەی پێ دەچێ تا ئێمە دەگەینە جۆگاکە و ئیتر سەگەکان شوێن پێمان هەڵناگرن ، هەر بە جۆگەکەدا دێین تا دەگەینەوە ماڵەوەو هەر لە دەرگای پشتەوە دێینەوە ژووری و دەچینە گەنجینەکە ، لەوێ لی ی دادەنیشین ئەوانیش بابزِ خۆیان هەر لە دارستانەکەدا بگەڕێن . بە جووتە لەماڵ هاتنە دەری و بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ و تاریکە شەویش بوو ، گەیشتنە کوخی کۆیلەکان و لە وێوە بۆ دارستانەکە ، چۆن کاسی بۆی دانابوو ئاوا یەکێك بانگی کردن بەڵام سامبۆ نەبوو بەڵکو لیفری خۆی بوو ، هاواری لی هەستا :
-«سامبۆ ، کامبۆ ، بیانگەنێ ! ئەوە دوانن ڕائەکەن . . ئادەی سەگەکانیان بۆ بەرەڵلاکەن» !
دەست بەجێ هەموو پی یان زانی و کۆیلەکان بەم لاولادا ڕایان دەکردو هەریەکەی مەشخەڵێکی هەڵگرت و سەگەکانیان کردەوە و وەڕەی سەگ و قیژەی ئەوان تێکەڵ بوو .
هەموو بەرەو دارستانەکە ملی یان ناو کاتێ کاسی و ئەمیلین گەیشتنەوە ماڵێ یەك کەسی تیا نەمابوو و پێش ئەوەی بچنە گەنجینەکە کاسی خۆی گەیاندە قاسەکەی لیفری و دەستەیەك دۆلاری خستە ژێر باڵیەوەومەمکی یەوە ووتی :
-«ئا ئەمە دەمان گەیە نێتە ولاتی سەربەستی و ئازادی :
ئەمیلی ! وەرە ئەوەندەم مۆم و کتێب پی یە کاتی پێ بەسەر بەرین . . لەو بڕوایەدابە کە کەس نایەت ئێرە بپشکنێ»
کە چوونە گەنجینیەکەوە یەکسەر ئەمیلین لی ی نووست و کاسی یش کتێبێکی فەڕەنسی گرت بە دەستەوەو دەستی کرد بە خوێندنەوەی

٢٨ – جوانه مەرگ . .

هەڵهاتنی (ئەمیلین وکاسی) کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر لیفری و هێندەی تر دڵی پڕ ڕق وکینە کردو سەد ئەوەندەی جاران دڵڕەق و دڕندەتر بوو .

هەرچی داخی دڵی خۆشیبوو بە «تۆم»ی قوڕبەسەری ڕشت ، چونکە کە لیفری هاواری لیٚکردن سەیری کرد تۆم پیٚی خۆشەو بەشداری پشکنینو بەدوو گەڕانیشی نەدەکردن.

بۆ سبەینێش دیسانەوە کەوتنەوە گەڕانو پشکنین بەلاٚم ، بیٚگومان ، بیٚ ئەنجامبوو ، ئەم دۆزاندنودووا کەوتنە، ئەوەندەی تر لیفری هار کردو کەوتە گیانی ئەو داماوانە ، لە هۆڵەکەدا دانیشتبوو هاواری کرد :

ـ کامبۆ ، ئادەی خێرا تۆم بگەیەنە ئێرە ، ئەم پیرەکەرە هەموو شتێك دەزانیٚ ! خۆم دەزانم چۆن ڕاستی لەو چوارچێوە ڕەشەی دەردەهێنم .

سامبۆ وکامبۆ هەتا ئەو ساتە لەژیانیاندا لەسەریەك شت ڕێك نەکەوتبوون تەنیا دوژمنایەتی تۆم نەبیٚ ، چونکە لیفری پیٚی وتبوون کە تۆم جیٚگری خۆیەتی ئەگەر لەویٚ نەبور !

تۆم کە بیستی ئاغای بانگی کردوە زانی بۆ چییە ، بەلاٚم بڕوای بەوە هەبور کە خوا لەگەڵ ئەوە چونکە لەسەر هەقە ، سەبەتەکەی داناو دەستی دایە دەستی کامبۆر ئەمیش بەکێشی کرد ، کە گەیشتە لای لیفری دەستبەجیٚ یەخەی گرتو ووتی :

-«دەزانی بڕیارم داوە وەك سەگ بتكوژم» تۆم زۆر لەسەر خۆ وەڵامی دایەوە :
«زۆر چاك ئەوەت لێ دەوەشێتەوە ، گەورەم» ! لیفری لەتاوا وشەووشە دەیووت :
«بەڵێ» دەمەوێ بت کوژم . . ئەگەر پێم نەڵێ‌ی چی ئەزانی کوان ئەو دوو قوڕە بۆ کوێ چوون ؟ !»
-«گەورەم ! هیچ نازانم تاپێت بڵێم»
-«کەواتە جەنابت ئاگات لێ نی‌یە !»
تۆم هەندێ بێ‌دەنگ بوو ، لیفری تەقیەوە بەسەریاو لێ‌ی دەداو دەیوت :
«قسەبکە» بێ‌فەڕ چی ئەزانی ؟ ؟
-«هەموو شتێك ئەزانم . . بەڵام ناتوانم هیچ بڵێم ! ئەتوانم بمرم !!
لیفری چاوی پەڕیەپشی سەری‌و قۆڵی تۆمی گرت‌و نەڕاندنی بەسەریا :
-«ئەم جارە ، یا ڕات دەهێنم یا دەتکوژم !» تۆم چاوی هەڵبڕی وسەیری کردو ووتی :
«ئەگەر بم دیایە نەخۆشی ودەناڵێنی ، دەمتوانی ڕزگارت کەم بەو خوایە خوێنی خۆم دەدایتێ ! من ئامادەم خۆم بەختت‌کەم لە پێناوی تۆدا گەورەم ! بەڵام توخوا ئەم گوناهە مەخەرە ئەستۆی خۆت ! تۆ بەمە زیاتر سزای خۆت دەدەی ، چی‌لەمن بکەی بەلامەوە گرنگ نی‌یەو برینەکانم زووسارێژ دەبنەوە ! بەڵام تۆ ئەگەر تۆبە نەکەی هەتا ماوی دەبێ ئازار بچێژی‌و لە ئەشکەنجەدابی !»
ماوەیەکی زۆر هەموو بێ‌دەنگ بوون لیفری چاوی زەق وشك بوو بوو ، بەڵام خۆی گرت‌و چی لە دڵیابوو بەتۆمی ڕشت‌و چەند سەعاتێك دارکاری کرد بێ ئەوەی بتوانێ هیچی لێ هەڵکرێنێ ، دیسان بەدوو خزمەت کارەکەی دەووتەوە ئازاری بدەن تا ڕاستی دەڵێ.تۆم چاوی کردەوەو سەیرێکی ئاغای کردو لەهۆش خۆی چوو . . لیفری ووتی :
-«وابزانم تەواو بوو ! قەیناکە ! خۆ دەمی داخست بە هەر حاڵ ئەمەش دەست کەوتێکە !»
پاڕانەوەو قسەکانی تۆم کارێکی گەورەی کردەسەر ئەو دوو نەگبەتەی ئازاریان دەدا ، هەر لەگەڵ لیفری ڕۆیشت ، بە جووتە چوونە ژێر باڵی‌واویستیان بەرزی کەنەوەو بیهێننەوە هۆش خۆی . سامبو چرپانی :
-«بەخوا ئیشێکی خراپمان کرد . . بەڵام گوناهی ئێمە نی‌یەو ئۆباڵی بە ئەستۆی ئاغا . . !
ئینجا برینەکانیان شت و جێگایەکیان لە لۆکە بۆ ڕاخست ویەکێکیان ڕای کردە ماڵەوەو پێکێکی خوار دەوەو کە هاتەوە قومێکی کرد بە قوڕگی تۆمدا کامبۆ ووتی :
«تۆم . . زۆر بێ ئابڕوویمان نواند بەرانبەر بەتۆ !»
تۆم بە هێواشی ووتی :
«لە کانگای دڵمەوە لێ‌تان دەبوورم هاوڕێکانم» !

٢٩ – ئاغا لاوەکە

دوو ڕۆژ پاش ئەوە ، لاوێك بەسواری عەرەبانەیەکەوە شەقامی دەبڕی و ئەو لاوەش «جۆرج شلبی» بوو. لە ڕاستی دا ئۆفیلیا نامەیەکی سەبارەت بە «تۆم»ی ناردبوو بۆ خاتوو شلبی ، بەڵام لە بەد بەختی تۆم نامەکە دوو مانگ لە کونجێکی پۆستەخانەدا کەوتبوو لەبیر چوو بۆوە ، لەو ماوەیەش دا تۆم فرۆشراو بەکێش کرا بۆ سەرکەناری چەمی سوور ، خاتوو شلبی زۆر خەمی بەو ژیانەی تۆم خوارد بەڵام دەستەڵاتی هیچی نەبوو ، چونکە بەدیار شلبی نەخۆش و کەفتەکارەوە گیری خواردبوو ، هێندەشی نەبرد شلبی کۆچی دوایی کرد .

پاشان جۆرجی کوڕی جێگەی تۆمی دۆزیەوە گەیشتەسەری. جۆرج خۆی کرد بە ژووراو ، لیفری لە هۆڵەکەدا دانیشتبوو کە چاوی پێ کەوت بە ڕێزەوە پێشوازی لێ کرد ، بەڵام هەر کە جۆرج ووتی بۆ ئەوە هاتووم تۆم بکڕمەوە ، لیفری دەمووچاوی دا بەیەکداو بە توڕەیی‌وە ووتی :

«وایە ، من یەکێکی وام کڕیوە . . بەڵام تا بڵێیت قوڕو بەد ڕەفتارە . . خۆ کۆیلەکانم لێ‌هان ئەدا ڕابکەن و هەڵبێن ، بەسەری تۆ بەیارمەتی ئەو جووتێ ئافرەتی کۆیلەم ڕای کرد کە هەر یەکێکیانم بە هەزار دۆلار کڕیبوو ، کە پێشم ووت بۆ کوێ چوون ، پێم ئەڵێ ئەزانم بۆ کوێ چوون و پێشت ناڵێم ! ! ئیتر منیش فەرمانم دا دارکاری‌یەکی باشی بکەن ! ئێستاش وا لەسەرەمەرگایە ئیتر نازانم چی بەسەر دێ ! »

Scanned with CamScanner

جۆرج سوور هەڵگەڕاو هاواری کرد :
«کوا لە کوێیە دەمەوێ ببینم»
منالێك کە جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو ووتی :
-«ئەوەتا لەم گەنجینەیەدا یە » !
تۆم دوو ڕۆژ بوو لە جێ‌دا کەوتبوو .
بەڵام لەشی سڕبووبووو هەستی بە ئازار نەئەکرد ، کۆیلەکانی تر دەستە دەستە دەهاتن‌و سەریان دەدا ، کاسی گوێی لە هەموو قسەو باسێك بوو کەزانی وا تۆم خەریکە دەمرێ‌و لەسەر ئەوانیش وای لی‌کراوە هاتە دەرێ‌و گوێی لە دوا وشەی گرت‌و دەستی بە شیوەن کرد .
کە جۆرج خۆی کرد بە گەنجینەکەداو تۆمی دی ، گێژ بوو خەریك‌بوو بکەوێ ، لە تەنیشتیەوە چۆکی داداو ووتی :
-«توخوا باوە تۆم ئەوەڕاستە . . براگیان !»
دەتگوت هێزێکی نهێنی لەو دەنگەدا بوو بە دەرون‌و گیانی تۆمدا ڕۆچووە خوارەوە،بەئەسپایی سەری لار کردەوەو ووتی :
«خوا جێگەی مردنی لە بەردنەرمتر کردووم» جۆرج خۆی چەمانەوە بەسەر تۆمی خێرنەدیوو داو فرمێسك بە خوڕ لە چاوی دەهاتەخوارێ‌تۆم لەسەرخۆ چاوی کردەوەو ئەسپایی ووتی :
«جۆرج ئاغا» !
خەیاڵ وبیرەوەری یەکان لە مێشکیدا هەژان‌و چاوەکانی گەش بوونە وەو ڕەنگی هەندێ کرایەوە ، ووتی :
«سەد شوکر بۆ خوا ! ئەمە بوو ئاواتی من ! منیان لە یاد نەکردوە ! ئەی کە گەرمی بە گیانم گەیشت‌و بوژامەوە ! دەسا با بمرم بەس نی‌یە دڵنیاو سەر ڕەحەتم» !
-«نەخێر تۆ نامری . . نابێ بمرێ . . هاتووم بتکڕم‌و بتگێڕمەوە ماڵەوە»
-«لەوە گەڕێ ، جۆرجی بەڕێزم . . ئەوە بەسەر چوو ! ! خوا منی کڕیوەو دمباتەوە لای خۆی . .»
-«تۆم گیان مەمرە ! ! مردنت دەمکوژێ . .» تۆم دەستی جۆرجی گوشی‌و پی‌ی ووت :
-«بە کلۆ نەڵی‌ی ئابەم حاڵە تۆم دی ، نەك تووشی شتێك بێ . . پی‌ی رابگەیەنە هەمیشە خوام لەگەڵەو هەموو کارێکی بۆ ئاسان کردووم ، ئەی توخوا مناڵەکانم چونن ؟ کچە بچووکەکەم ؟ ئای کە ئەو دڵە پیرەم بە حەسرەت بوو بۆیان ! بەهەموویان بڵێ کە وەك من بن . . هەواڵ و ڕێزم بگەیەنە ئاغاو ئاغاژن و بە هەمووان . من «وادەزانم کە هەموو

کەسێکم خۆش دەوێ و خۆشەویستی هەموو شتێکە لەم دنیایەدا» . . بەوە . . هەرچی هێز هەبوو لە گیانی تۆمدا هەمووی بەکار هێناو وا لە هۆش خۆی چوو کە ئیتر نەهاتەوە سەرخۆی و هێندەی نەبرد بە تەواوی پەکی کەوت و هەناسەی سوار بوو . . گیانی سپارد . . جۆرج زۆر بە رێزەوە لەتەنیشتیەوە دانیشت و چاوی تۆمی لێك نایەوە کە ئاوڕی دایەوە لیغری لەپشتیەوە وەستابوو جۆرج پیێ ووت :

«هەر چەندێکت توانی تاگیانی تیا مابوو پێت کرد ، ئینجا لا شەکەیم بە چەندپێدەفرۆشی» ؟

لیفریش بێ ئابڕوانە وەڵامی دایەوە :

-«من کۆیلە مردوەکانم نافرۆشم ، بۆت هەیە بۆ کوێ ئارە زوو دەکەی بیبەی» .

جۆرج ، ڕووی کردە سێ کۆیلەکە ، کە لەولاوە وەستابوون و پیێ ووتن :

-«ئادەی کوڕینە یارمەتیم بدەن تا هەڵی بگرم و لەگەڵم بخەنە عەرەبانەکەوە» . .

هیچ ئاوڕیشی لە لیفری نەئەدایەوەو ئەمیش فیکەی لێئەداو خۆی خەریك کردبوو کەگوایە هەر هیچ نەبووە .

جۆرج ، پاڵتۆکەی داکەندو لەعەرەبانەکەدا ڕای خست و لاشەکەیان خستە سەرو ئینجا بە لیفری ووت :

«ئێستا کاتی ئەوە نی یە قسەبکەم ، بەڵام شەرت بێ تۆڵەی ئەمە بکەمەوە . . بە هەموو دنیا دەگەیەنم کە چۆن تاوانێکت کردوەو دەچم بە دادگاش ڕادەگەێنم . . لیفری زۆر بەناشرینی و بە تەوسەوە ووتی :

«هەر ئێستا بچۆ ! بابزانین چیت پێئەکرێ . . کوا کێ دیویەتی و ؟ کوا بەڵگەت ؟ دەبڕۆ ئەوا من چاوەڕێت دەکەم ! »

جۆرج ، ئەم بە گژا چوونەوەیەی زۆر پێناخۆش بوو . جا لە ڕاستیشدا جگە لە لیفری هیچ کەسێکی سپی پێستی لێ نەبووە کە وای لێکردوە و دادگاکانی باشووریش گوێ لە قسەی ڕەشەکان ناگرن ، دیسانەوە لیفری ووتی :

-«بەهەر حاڵ تۆ دیارە ئاژاوەیەکی گەورە دەنێیتەوە بۆ تۆپینی کۆیلەیەك» !

ئەم وشانە وەك ئاگرێك وابوو بنرێ بە باروتەوە ، جۆرج گڕی سەندو ئاوڕێکی دایەوەو هەتا هێزی تیا بوو مستەکۆڵەیەکی گەیاندە ناودەمی لیفری و خپی کرد .

ئاشکرایە کە هەندێك هەن ئەگەر بە شەق ڕەفتاریان لەگەڵ بکەی چاك ڕێزت دەگرن . جا لیفریش لەم چەشنە کەسانە بوو .

هەستایەوەو خۆی تەکاندو تا عەرەبانەکە دوورکەوتەوە چاوی لێنەتروکاند .

که جۆرج ، لە سنووری کێڵگەکەی لیفری دەرچوو ، گەیشتە گردۆلکەیەك کە چەند دارێك سێبەری لێ کردبوو ، بە کۆیلەکانی ووت کە لەوێدا گڵکۆیەك بۆ تۆم هەڵکەنن .

٣٠ - سەرفراز کەر

جۆرج ، تەنیا دێڕێکی بۆ دایکی نووسی ئەویش پێ ی ڕاگەیاند کە بەو زوانە دەگەڕێتەوە .

لە ڕاستی‌دا دڵی بڕوایی نەدەهات کە چی‌دیوە بۆی بگێڕێتەوە ، چەند جارێك ویستی کە دیمەنەکەی بۆ وەسف‌بکا ، بەڵام نەیتوانی‌و لە تاوا نامەکەی دەدڕی‌و فرمێسکەکانی وشك‌دەکردەوە .

ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بوو بگا ، ماڵ زاوەی دەهات وخۆشی‌و شادی هەموو قوژنێکی گرتبۆوە .

خاتوو شلبی لە هۆڵەکەدا چاوەڕێ ی دەکردو پورە «کلۆ» دەهات‌و دەچوو خوانەکەی دەرازاندنەوەو قاپ و قاچاغی‌ڕێك وپێك دەخست .

کراسێکی نوێ ی لەبەر کردبوو و ڕەفتەیەکی نایابی لە سەری پێچابوو و لە خۆشیاندا قریوەی دەهات جار جاریش شتێکی دەگرت بەدەستەوەو دەهاتە هۆڵەکە تا بە بیانووی ئەوەوە هەندێ قسە لەگەڵ خاتوو شلبی بکاو ووتی :

«ئە ئاوا . . چەندی پێ خۆشە ! لەتەنیشت ئاگرەکەوە دابنیشێ . . نازانم بۆچی « سالی» قۆریە نوێ یەکەی دانەناوە؟ ئێستا خۆم دەچم دەی هێنم ! »

ئینجا ڕووی کردە خاتوو شلبی و ڕاستەو خۆ پێی ووت :
- «خاتوون هیچ دەنگ وباسێکت لە جۆرج ئاغاوە بۆنە هاتـوە ؟»
- «بەڵێ ! کلۆ . . تەنها نامەیەکی هاتووە تیا دەڵێ کە ئەمڕۆ دەگاتە جێ و هیچی تری نەنووسیوە»
- «ئەی ناڵێ ئەو پیاوە قوربەسەرەم چی بەسەر هاتوە»
- «نەبەخوا . . کلۆ . . بەلاّم دەڵێ کە گەیشتە جێ خۆی بەدەمی هەموو شتێکمان پێ دەڵێ .
- «جۆرج ئاغا هەر وابووە دایم دەیەوێ خۆی بە دەمی خۆی شت بڵێ» .
پاشان هەندێك بێدەنگ بوون ، کلۆ ووتی‌یەوە :
«لەو بڕوایەدا نیم پیرە ، مناڵەکان بناسێتەوە . . ئەها کچە بچکۆلەکەم ئێستا چی لێ هاتوە !
پێی گرتوەو بە ماڵەکەدا دەسووڕێتەوەو داوای شیرینی دەکا»
خاتوو شلبی هەناسەیەکی قوڵی توندی هەڵکێشا و دەتسوت شتێك لەسەر دڵیەتی ، بە تایبەتی
لەو کاتەوە کە نامەکەی پێ گەیشتبوو هیچ دڵی نەدەسرەوت‌و هەستی بەوە دەکرد کە دەبێ
شتێکی زۆر ستەم ونالە بار ڕوی‌دابێ ! وا جۆرج لێی بێ دەنگ بووە .
دیسان پورە کلۆ ووتی :
«نازانم ئاغاژن پارەکانمی هەڵگرتوە ؟ ! دەمەوێ تۆم هەمان پارە ببینێ کە خاوەن کارگەکە
دەیدامێ ڕۆژێك پێی ووتم : کلۆ تۆ بۆ لە کارگەکەی مندا نامێنیتەوە بۆ خۆت ئیش
بکەی ؟ منیش پێم‌ووتەوە : گەورەم مێردەکەم ، دەگەڕێتەوەو ، خاتوو شلبی یش نایەوێ
لەوە زیاتر لێی دووربم ، ئەئاوام پێ‌ووت . . ئای کە (جۆنس) خاوەن کارگەیەکی باش
بوو !

لەو کاتەدا ، گوێیان لەدەنگی عەرەبانەیەك بوو نزیك دەبۆوە ، کلۆ سەری لە پەنجەرەکە
بردە ئەو دیوو هاواری‌کرد : «خۆیەتی . . جۆرج ئاغایە ! !»

خاتوو شلبی ، بەرەو دەرگا کە چوو پێشوازی لە کورەکەی بکا و هەرکـە دەرکەوت لە باوەشی
گرت ، «کلۆ» ش لەولاوە وەستابوو ، جۆرج ئاوڕی لێ‌دایەوەو زۆر دڵ‌گران‌و پەست‌بوو ،
پێی ووت :
«ئای پورە کلۆی داماو ! »
هەردوو دەستە ڕەشەکانی گرت‌و پێی وتەوە :
«ئەگەر بم توانیایە بیهێنمەوە بۆت بەو خوایە هەموو پارەوسامانم لەسەر دادەنا .. بەلاّم
کۆچی‌کرد . . کۆچی کرد بۆ دنیایەکی باشتر. . !»

خاتوو شلبی قیژاندی ، بەلاّم کلۆ ورتەی لەدەم نەهاتە دەر .
چوونە ژووری نان خواردنو هێشتا پارەکانی «کلۆ» لەسەر مێزەکە بوو . کلۆکۆی کردەوەو بە دەستە لە رزۆکەکانی بردی بۆ خاتوو شلبی و ووتی :
«خانم ئەمانە هەمووی بۆ تۆ ! ئیتر من پێویستم پیێی نی یە و باسیشی ناکەم ! هەر خۆم دەمزانی هەرچی ببرێ بۆ ئەو خوارە بە ساغی نایەتەوە ! » «کلۆ» رووی وەرگێراو بەرەو قاپی یەکە رۆیشتو چووە دەرێ ، خاتوو شلبی خۆی گەیاندیو گەرانیەوەو لە تەنیشت خۆیەوە دای نا ، کلۆ سەری خستە سەر شانیو ووتی :
«خانم گیان ، دلّم وەختە بپچڕێو هەلاهەلا بیێ»
(خاتوو شلبی) یش بەدەم قوڵپی گریانەوە پیێی ووت :
-«دەزانم چەند دلّتەنگو نیگەرانی کلۆگیان ! بلێم چی و چۆن بارت سووك بکەم ! مەگەر خوا خۆی سەبووریت بدا» ! بەسیێقۆلی دەستیان کرد بە شینو گریان ، جۆرج لە تەنیشت کلۆی جەرگبڕاو دانیشتو وردە وردە بۆی دەگێرایەوە کە چۆن مێردەکەی ئاوا پیاوانەو زۆریش مەردانە بەرەنگاری ستەم و ناڕەوایی بووەو چەند قارەمانانە گیانی سپاردوە .

* * * * * *

پاش مانگێك لەم کارەساتە دلّتەزێنە . . هەموو کۆیلەی کێلّگە لە هۆلّە گەورەکە کۆکرانەوە و هەموو چاوەڕوانی ئاغا لاوەکەیان دەکەن ، بزانن بۆ ئاوا کۆی کردونەتەوە . .
مەگەر خوا بزانێ چەند سەریان سوڕما کە ئاغایان خۆی کرد بە ژووردا و چەپکێ کاغەزی بەدەستەوە بوو ووتی : ئەمانە . . «بڕوانامەی ئازاد کردنتانە» . . . یەك یەك ناوی دەخوێندنەوەو بڕوانامەی خۆی دەدایە دەستی.ئیتر دەست کرا بە هاوار هاوار وستایش کردن هەبوو لە خۆشیاندا دەگریاو هەبوو بڕوانامەکەی دەگێرایەوە بۆ جۆرجو دەیگوت نامانەوێ ئازادبین وئاغا وئاغاژن بەجێ بێلّین ئەمانەوێ لاتان بمێنینەوە ولەوە زیاتر تریش سەربەستیمان ناوێ. پاش ماوەیە . . جۆرج ، ڕازی کردن ووتی :
« . . هاورێکانم ، ئێوە من بەجێ ناهێلّنو کێلّگە کە پێویستی بە کرێکارو کارگێڕ هەیە هەر وەك جاران . . بەلاّم ئێوە بەژنو پیاوەوە ، ئێستا ئازاد وسەربەستنو لەمەو دوا بەرانبەر بە کار کردنتان کرێی خۆتان وەردەگرنوبەتەنیا سوودی ئێوە لەوەدایە کە ئەگەر هاتوو مردم یا مایە پووچ بووم ئێوە ڕاپێچ ناکرێنو جارێکی کە نافرۆشرێن» . .
«من خۆم لێرەمو فێرتان دەکەم کە چۆن ڕەفتار بکەن بەو شێوەیەی کە ئێستا ئازادن و چ مافێکتان هەیە» . .

Scanned with CamScanner

بەکێك لەو کۆیلە پیرانەی کە سەری لە کێڵگەکەی شلبیدا سپی کردبوو هەستاو دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمانو ووتی :

«دەبا هەموو سوپاسی خوا بکەین بۆ ئەم میهرەبانی یە» هەموو چۆکیان داداو سوپاسی خوایان کرد ئینجا جۆرج ووتی :

«بەك شتم ماوە دەمەوێ پێتان بڵێم ، بێ گومان هەر هەمووتان . . «باوە تۆمی پیاوچاکتان» لە بیرەو . .

ئیتر بۆی گێرانەوە کە چۆن هەتا دواهەناسەی کۆڵی نەداوە لەبەرەنگاری کردنی زوڵم و زۆردار ی ، پاڵەوانانە تا چاوی لێك نا سەری شۆڕ نەکرد .

لە کۆتای دا بە هێواشی ووتی :

-«هاورێیان ، لەسەر گۆڕەکەی ئەو ، پەیمانم بەخوای خۆمدا ، کە هەرگیز کۆیلەم نەبێ وەهتا مردن ، هەرگیز نەبم بەهۆی دابڕینی هیچ کەسێك ، لەماڵومناڵی خۆیو ببەن لەو دوور وڵاتە بێکەس کوژی کەن .

هاورێ یانم . .

. . هەر کە هەستتان کرد بەختیارن بەو سەربەستی یەتان..ئەوە بزانن کە بەهۆی ئەوگیانە پاكو بێگەردەی مام تۆمەوە دەستتان کەوتوە . . جا دەبێ چاكەو پاداشتی بەوە بدەنەوە کە لەگەڵ خێزان ومنداڵەکانیا ڕووخۆشو دڵ نەرم و باش بنو هەرگیز فەرامۆشیان نەکەن ! ! هەر کە سەیری کوخەکەی «مام تۆم» تان کرد ئازادی و سەرفرازیتان بێتەوە یاد و بزانن کە ئەو کوخە نیشانەو قیبلەی سەربەستی یە ! !

. . دەکەواتە لەسەر شوێن پێ ی ئەو پیاوە مەزنە بڕۆنو وەك ئەو پیاو چاكو دڵپاكو کۆڵنەدەر بن لە ژیانا وهەرگیز لەبەردەم زۆرداران دا . . مل کەچ نەکەن.

پێڕست

پێشەکی
«هاریێت بیچەر ستۆ» . ٧
مام تۆمەی ڕاستی ١٠
ژمارەیەکی سەرنج ڕاکێش و چەند ڕایەك .. ١٥
١- پیاوێکی پڕ لە هەستی مرۆڤایەتی . . ١٧
٢ – دایك ٢١
٣ – شەوێك لە ماڵی مام «تۆم» ٢٦
٤ – هەستو سۆزی کۆیلە فرۆشراوەکان : ٢٨
٥ – ئاشکرا بوون ٣١
٦ – بەهەرزۆشیی دایك ٣٣
٧ – مرۆڤایەتی ئەندامێکی ئەنجومەنی پیران . . ٣٦
٨ – سپاردنی ماڵە فرۆشراوەکە ٣٩
٩ – میوانخانە . . ٤٢
١٠ – لای کۆمەڵەی کوێکرزەکان : ٤٥
١١ – ئیڤانگلین . . ٤٧
١٢ – ئاغا نوێ کانی تۆم ٤٩
١٣ – مەردێکی ئازاد بەرگیری لە ماڵی خۆی دەکا . . ٥١
١٤ – تاقی کردنەوەکانو بیروڕای تۆپلیا ٥٤
١٥ – کەنتاکی ٥٩
١٦ – گوڵەکە دەوەرێ.. ٦٠
١٧ – مردنی ئیڤانگلین ٦٤
١٨ – بەیەك گەیشتن ٦٥
١٩ – ئەوانەی مرۆڤ دەستبەرداریانبووە ٦٨
٢٠ – بازاڕی کۆیلە فرۆشتن . . ٧١
٢١ – گوزەرکردن بە ڕووبارەکەدا . . ٧٤
٢٢ – سوچە تاریکەکان ٧٦
٢٣ – کاسی . . ٧٨
٢٤ – ئافرەتە ڕەشبارەکە ٨٢
٢٥ – سەربەستی ٨٦
٢٦ – سەرکەوتن ٨٨
٢٧ – خەڵەتاندن ٩١
٢٨ – جوانە مەرگ . . ٩٣
٢٩ – ئاغا لاوەکە ٩٥
٣٠ – سەرفراز کەر ٩٨

چاپخانەی سەرکەوتن
سلێمانی - شەقامی حەمدی

طبع هذا الكتاب بموجب موافقة وزارة الثقافة والاعلام

تحت الرقم ١٧٣ في ١٩٨٦/١١/٢٤ ومددت لغاية ٩٨٨/٦/١٧

رقم الايداع في المكتبة الوطنية / ٥١٨ / في ١٠ / ٥ / ١٩٨٨ بغداد

Scanned with CamScanner

ئەم چیرۆکە

• بەناوبانگترین چیرۆکە لە دەریای ئەدەبی ئەمریکیدا .

نووسەرەکەی باسی ژیانی [illegible]
ئەمریکا ئەکات پێش شەڕی [illegible]
وولاتەو داوای مافە [illegible]
وەك هەر [illegible]

ئەم چیرۆکە گۆڕاوەتە سەر [illegible]
زۆربەی زۆری [illegible]

خەڵکی . تائەم سەدەیەش هەر پێویستی بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە ئەمرە هەیە چونکە ڕووداوە جەرگ بڕەکەی «مام تۆم» هەرگیز کۆتایی پێ نەهاتووەو . . بەڵکو هێشتا هەر بەردەوامە لە شێوەو بەرگێکی تری پڕ لە جیاوازی و ڕەگەز پەرستی و چەوساندنەوەی پێست ڕەشەکان لەلایەن سپی پێستەکانەوە .

ئەم چیرۆکە لوتکەی خەبات و تێکۆشانی
جیبیکی چەوساوەو ژێر دەستە ئەگێڕێتەوە بۆ
مەبەستی گەیشتن بە ئازادی وسەربەستیان

• چیرۆکێکە هەتا هەتایە مێژووی خەبات و تێکۆشان لە یادی ناکات ! !

Scanned with CamScanner

كنوز القصص الانساني العالمي
كوخ العم توم
او الحياة مع المعذبين في الارض

UNCLE TOM'S CABIN
or
LIFE AMONG THE LOWLY

by:
Harriet Beecher Stowe

Translated by:
Dr. F. Kaftan
Sulaimanyia - Iraq

1988

السعر ١,٥٠٠

مطبعة سەرکەوتن
السليمانية

رقم الايداع في المكتبة الوطنية / ٥١٨ / في ١٠ / ٥ / ١٩٨٨ بغداد

Scanned with CamScanner